

**نێچیرڤان بارزانی:**
**دەرچوواندنی گۆڤاری گوڵان**
**بۆ ماوەی سی ساڵی بێ وەستان و دابڕان،**
**جێی ستایش و بەرزنرخاندنە**



**مەسرور بارزانی:**
**گوڵان فێرگەیەک بووە بۆ پێگەیاندنی**
**چەندین نووسەر و ڕاگەیاندنکاری**
**ناسراوی کوردستان**

# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی


ساڵی سی و ... نیـــســـانی ٢٠٢٤




## پەیامی سەرۆک بارزانی بۆ ساڵیادی گوڵان:

# گوڵان هەوڵی داوە سەکۆیەك بێت بۆ بڵاوکردنەوەی کلتووری پێکەوەژیانی نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان




# تێکچوونی باری تەندروستی و نەخۆشبوونی مام جەلال

## کانوونی یەکەمی ٢٠١٢

### ١١١

شەوی ١٧ لەسەر ١٨ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢، مالیکی سەردانی مام جەلالی کرد، دوای ڕۆیشتنی مالیکی، مام جەلال تووشی جەڵتەی مێشک بوو. بەداخەوە بارودۆخ و باری تەندروستیی جێی مەترسی بوو. سەر لە بەیانیی ڕۆژی ١٨ی کانوونی یەکەم نێچیرڤان بارزانی بە تەلەفۆن پەیوەندیی پێوە کردم و ڕایگەیاند کە بارودۆخی تەندروستیی مام جەلال بەتەواوی تێک چووە و جێگەی مەترسییە. منیش پێم ڕاگەیاند کە پەیوەندی بە هەموو لایەنەکانەوە بکات و هەرچیی پێویست بێت جێبەجێی بکەن.

بە نێچیرڤان بارزانیم ڕاگەیاند کە پرسیار لە پزیشک و دکتۆرەکان بکرێت، ئەگەر باری تەندروستییەکەی هاوکار بێت، بەپەلە بگوازرێتەوە بۆ ئەڵمانیا و بەپەلە ژمارەیەک پزیشک و دکتۆری ئەڵمانی بێننە بەغدا بۆ ئەوەی بزانین ڕاوبۆچوونیان چییە و چی دەڵێن.

ڕۆژی ١٩ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢، پزیشکانی ئەڵمانی گەیشتنە بەغدا. لە ئەڵمانیا دڵشاد بارزانی هەوڵێکی زۆری دا بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ ناردنی دکتۆرەکان بۆ بەغدا. ئەوەی ڕاستی بێت نێچیرڤان بارزانی بۆ ئاسانکاری و تەرتیباتی هاتنی پزیشکە ئەڵمانییەکان زۆر ماندووبوو. نێچیرڤانم ڕاسپارد بۆ ئەوەی بە شەو و ڕۆژ بەدواداچوون و چاودێریی کارەکانی پەیوەست بە چارەسەرکردنی مام جەلال بکات.

دوای پشکنین و چارەسەری پێویست لە بەغدا، پزیشکەکان بڕیاریان دا بۆ ئەوەی مام جەلال بۆ وەرگرتنی چارەسەر بگوازرێتەوە ئەڵمانیا. ئەوە بوو ڕۆژی ٢٠ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢، مام جەلال گواسترایەوە بەرلین. دوای پشکنینەکان، دکتۆرەکان هیوایەکی زۆریان بە مانەوەی نەمابوو و هیچ هەواڵێکی دڵخۆشکەریان پێ نەداین و گەشبینیش نەبوون. مومکین نییە وەک پێشووی لێ بێتەوە. یان لەهۆش دەچێت، یان توانای قسەکردني نامێنێت.

لە ڕۆژی یەکەمەوە هەوڵم دا قسە لەگەڵ سەرکردایەتیی یەکێتی بکەم. یەکەم کەس کە دەستم کەوت قسەی لەگەڵ بکەم، مەلا بەختیار بوو. پێم ڕاگەیاند دەزانم ئەمڕۆ چ بارودۆخێک بەسەر یەکێتیدا هاتووە، ئامادەم بۆ هەر کار و هاوکارییەک کە قورساییی باری سەرشانتان سووک بکات.




ژمارە(١) ی گۆڤاری(کوردستان بالعربي) لە دامەزراوەی( کوردستان کرۆنیکڵ ) بە بەرگێکی قەشەنگ و ناوەڕۆکێکی ناوازە و لە دووتوێی(١٢٥) لاپەڕەی ڕەنگاوڕەنگدا بە زمانی عەرەبی کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە.

ئەم گۆڤارە دەستەی نووسەرانی بڵاوکەرەوەی بریتین لە بەڕێزان بۆتان تەحسین و مەریوان هەورامی، سەرنووسەرەکەیشی بەڕێز جان دۆست، سەرەتا بە بابەتێکی گرنگ دەستی پێکردووە، ئەویش لە ڕووی دیبلۆماسییەوە، کوردستان و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پەیوەندییە مێژووییەکانەوە بۆ ئاسۆگەلی ئایندە، لە نووسینی کریش یۆهانس ڕۆژنامەنووسی نێودەوڵەتی و شارەزا لە پەیوەندییەکان و نووسیندا، لەم بابەتەدا نووسەر بە تێروتەسەلییەوە ڕۆشنایی خستووەتە سەر سەردانە گرنگ و دیبلۆماسییە سەرکەوتووەکەی بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ واشنتۆنی پایتەختی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەم سەردانەی بەڕێزیان هەنگاوی گرنگ و دیبلۆماسی بوو بۆ بەهێزکردن و زیاتر پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەر دوولا، لە ڕووی هاریکاریی ئەمنی و ئابووری و سیاسییەوە، بە تایبەتی زنجیرە دیدارەکانی بەڕێزیان لەگەڵ گەورە بەرپرس و کاربەدەست و بڕیاربەدەستانی ئەو وڵاتە.

هەر لەم ژمارەیەدا چەندین بابەتی دیکە بڵاوکراونەتەوە، لەوانە ئامادەبوون و بەشداریکردنی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەی ئاسایشی میوشن، کە لە ١٦ -١٨ی شوباتی ٢٠٢٤ بەسترا، لەم کۆنگرەیەدا بەڕێزیان زنجیرەیەك دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرکردە و بەرپرسانی دەوڵەتان سازکرد، کە جەختکردنەوە بوون لەسەر بارودۆخی ئەمنی لە عێراق و هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ و دیاریکردنی ئالنگارییەکانی ئەمنی و ئەو بەربەست و ئاستەنگانەی دێنە بەردەم وەدیهێنانی ئاشتی و سەقامگیری.

هەر لەم ژمارەیەی گۆڤاری (کوردستان بالعربي)دا بابەتگەلی دیکە بڵاوکراونەتەوە، لەوانە: پەیوەندییەکانی نێوان ئوردن و هەرێمی کوردستان، دەستپێشخەرییەکانی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی کەشوهەوا، ڕەگ و ڕیشەی لێبووردەیی لای کورد- ئەحمەدی خانی بە نموونە، زارا.. ئەو قوڕگە زێڕینەی کورد و باڵیۆزی یۆنسکۆ بۆ ئاشتی.. تاد.

دەستخۆشی لە دامەزراوەی( کوردستان کرۆنیکڵ ) و ستافی نووسین دەکەین، بە هیوای بەردەوامی و سەرکەوتن.

هونەرمەندی شێوەکار دارا محەمەد عەلی

٢٠٢٤




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شیلان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێری و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی


■ وێنەگران:
کەمال ئاکرەیی
هاوکار ڕەحمان

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر
ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری


**Web: www.gulanmedia.com**

د. عەبدولحسێن شەعبان :



**کێشەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا زۆر لە سنووری دادگای فیدراڵ دوورتر و گەورەترە و تا ئەمڕۆ بیرۆکەی سیستمی فیدراڵی نەچەسپیوە**

دکتۆر مەحموود ئەلداغر :




**هێشتا زووە بڕیار لەسەر سەرکەوتنی سەردانەکەی سوودانی بۆ واشنتۆن بدەین، گرنگ ئەوەیە لە ڕووی کردارەوە ڕێککەوتنەکان جێبەجێ بکرێن**

ئەنیس یەعقوب :




**هەر لە سەردەمی شێخ -عەبدولسەلام بارزانی- یەوە، کولتووری لێبوردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نەتەوە و ئایینەکان بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینیوە**

ڕۆزێنتاڵ ئەلڤیس :



**لە ماوەی ١٥ ساڵی ڕابردوودا تەنیا لە ئەمریکا نزیکەی ٣٠٠٠ ڕۆژنامە داخراون و نەیانتوانی بەردەوام بن و درێژە بە کاری خۆیان بدەن**

دکتۆر فوئاد حەمە خورشید :



**کورد نەگەیشتووەتە ئەو قۆناغەی وەک نەتەوە بیر بکاتەوە و ئێستاش وەلای بۆ ناوچەگەرێتی و شارچێتی و هۆز و حزبایەتی هەیە**

تەلار هیرانی:

**ئادیابین ئەزموونێکی نوێیە بۆ من و شانازیی پێوە دەکەم**





دالیا ئیبراهیم:

**کارەکەم بۆم بووەتە سەرچاوەی داهات و بە هیچ شێوەیەک بیر لە کارمەندی ناکەمەوە**

سارا عەبدوڵلا:

**هەتا شکست نەهێنی سەرکەوتوو نابیت**



**ئەو خۆراکانەی کۆلیسترۆڵی زۆریان تێدایە**



**کامێرای چاودێری بۆ باڵندەکان**



## پەیامی پیرۆزبایی سەرۆک بارزانی
## بۆ ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان:

# گوڵان هەوڵی داوە سەکۆیەک بێت بۆ بڵاوکردنەوەی کلتووری تەبایی و لێبوردەیی و پێکەوەژیانی نێوان تەواوی ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان

**سەرۆک بارزانی، بەبۆنەی «٣٠»ـەمین ساڵیادی دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری گوڵان، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرنووسەر و کارمەندان و ستافی گۆڤاری گوڵان کردووە، کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

بەناوی خوای مەزن و دلۆڤان

بەڕێزان: سەرنووسەر و کارمەندان و ستافی گۆڤاری گوڵان

بەبۆنەی «٣٠» ـەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان، گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی سەرنووسەر و تەواوی کارمەندان و ستافی گۆڤاری گوڵان و خوێنەرانتان دەکەم.

گۆڤاری گوڵان لە میانەی پابەندبوونی بە بنەما نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان، توانیویەتی بە شێوەیەکی زۆر پیشەییانە خزمەتی ڕۆژنامەگەریی کوردی و، بیری نەتەوەیی و نیشتمانی کوردستانی بکات و، هەوڵی داوە سەکۆیەك بێت بۆ بڵاوکردنەوەی کلتووری تەبایی و لێبوردەیی و پێکەوەژیانی نێوان تەواوی ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان و، هەموو کاتێکیش گوڵان ناوەندێکی ئازاد بووە بۆ کۆکردنەوەی بیروبۆچوونی جیاوازیی دەستەبژێر و پسپۆڕانی ناوخۆ و دەرەوە.

بەم بۆنەیەوە جارێکی دیکە سوپاسی هەوڵ و ماندووبوونتان دەکەم، هیوادارم زیاتر پابەندبن بە پرەنسیپە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و، ڕۆڵێکی زیاتر بگێڕن لە بڵاوکردنەوەی کلتووری لێبوردەیی و پێکەوەژیانی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان، باشتر دەرگاتان واڵا بکەن بۆ کۆکردنەوەی بیروبۆچوونە جیاوازەکان، هیوای سەرکەوتن و بەردەوامیی زیاترتان بۆ دەخوازین.

مسعود بارزانی

٢٢ی نیسانی ٢٠٢٤



## پەیامی پیرۆزبایی نێچیرڤان بارزانی
## بەبۆنەی سالیادی دەرچوونی گۆڤاری گولان:

# دەرچوواندنی گۆڤاری گولان بۆ ماوەی سی ساڵی بێ وەستان و دابڕان، جێی ستایش و بەرزنرخاندنە و دەستخۆشیتان لێ دەکەم

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بەبۆنەی تێپەڕبوونی ٣٠ ساڵ بەسەر دەرچوونی یەکەم ژمارەی گوڵاندا، پەیامێکی پیرۆز بایی ئاڕاستەی سەرنووسەر و دەستەی نووسەران و تەواوی کارمەندانی گولان کردووە، ئەمەش دەقەکەیەتی.

**بەڕێز سەرنووسەری گۆڤاری گولان**

بەبۆنەی (٣٠)ـەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گولانەوە، پیرۆزباییەکی گەرم لە ئێوە و دەستەی نووسەران و تەواوی کارمەندانی بەڕێزی گۆڤارە سەنگینەکەتان دەکەم و هیوای سەرکەوتنی بەردەوامتان بۆ دەخوازم.

دەرچوواندنی گۆڤاری گولان بۆ ماوەی سی ساڵی بێ وەستان و دابڕان، پشوودرێژیی ستافەکەی لەم کاروانە نەپساوەدا، زیندووهێشتنەوەی مێژووی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی گولان و پەیامە پیشەییەکەی، جێی ستایش و بەرزنرخاندنە و دەستخۆشیتان لێ دەکەم.

لەم یادەدا هیواخوازم گولان کە وەك سەکۆیەکی ئازادیی ڕادەربڕین و کۆکەرەوەی ڕا جیاوازەکان بۆ دروستکردنی ڕای گشتی و هۆشیارییەکی ڕەخنەگرانە دروست بوو، لەسەر درێژەدان بەو پەیام و ئامانجانە بەردەوام بێت و پیشەیی و بەرپرسیارانە کار لەسەر قووڵکردنەوەی بەهاکانی ئازادی و دیموکراسی و کرانەوە بکات.

**نێچیرڤان بارزانی**
٢٢ی نیسانی ٢٠٢٤



## پەیامی پیرۆزبایی مەسرور بارزانی
## بۆ ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان:

# گوڵان فێرگەیەک بووە بۆ پێگەیاندنی چەندین نووسەر و ڕاگەیاندنکاری ناسراوی کوردستان

**بەبۆنـەی تێپەربوونـی ٣٠ سـاڵ بەسـەر دەرچوونـی یەکەمیـن ژمـارەی گۆڤـاری گوڵانـدا، ڕێـزدار مەسـرور بارزانـی جێگـری سـەرۆکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان پەیامێکـی پیرۆزبایـی ئاڕاسـتەی سەرنووسـەر و دەسـتەی نوسـەران و تـەواوی کارمەندانـی گـوڵان کـردووە، کـە ئەمـە دەقەکەیەتـی.**

بەڕێزان سەرنووسەر و دەستەی نووسەران و کارمەندانی گۆڤاری گوڵان

بەبۆنـەی سـاڵیادی دەرچوونـی یەکـەم ژمـارەی گۆڤـاری گـوڵان، گەرمتریـن پیرۆزباییتـان ئاراسـتە دەکـەم و هیـوای سـەرکەوتن و پێشـڤەچوونی زیاترتـان بـۆ دەخـوازم .

گـوڵان، ٣٠ سـاڵ لەمەوبـەر لـە بارودۆخێکـی سـەختدا و لـە پێنـاو گەیاندنـی ڕاسـتییەکان و بەجێگەیاندنـی پەیامـی ڕۆژنامەوانـی لـە سـەر بنەمـای ڕاسـتگۆیی دەرچـوو، کـە تـا ئەمـڕۆش بەردەوامـە لـە هۆشـیارکردنەوەی کۆمەڵگـە و بـرەودان بـە زمـان و کلتـووری کـوردی و بەرگریکـردن لـە دەسـکەوتەکانی گەلـی کوردسـتان. هەروەهـا گـوڵان فێرگەیەکیـش بـووە بـۆ پێگەیاندنـی چەندیـن نووسـەر و ڕاگەیاندنـکاری ناسـراوی کوردسـتان، کـە ئەمـڕۆ لـە بـوارە جۆراوجۆرەکانـدا خزمـەت دەکـەن.

ساڵیادی دەرچوونی گوڵان پیرۆز بێت و هیوادارم هەمیشە پێشەنگ بن.

**مەسرور بارزانی**

جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان



## پەیامی فازڵ میرانی
## بۆساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان:

# گوڵان لە یەکەم ڕۆژی دەرچوونیەوە ڕچەشکێن و دەنگ و ڕەنگی میدیایەکی بوێر و ڕژد بووە لەسەر بنەما و پرەنسیپەکانی نەتەوە و نیشتمان

**بەڕێز فازڵ میرانی بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی «٣٠» یەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرنووسەر و دەستەی نووسەران و تێکڕای کارمەندانی گوڵان کردووە، کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

بۆ سەرنووسەر و دەستەی نووسەران و تێکڕای کارمەندانی گوڵان

ڕێز و سڵاو

سەرووی سی ساڵە گوڵان وەك ئۆرگانێکی چالاك و زیندوو بێ پسانەوە دەردەچێت. لە یەکەمین ڕۆژی دەرچوونییەوە (گوڵان) لە نێو میدیای پارتی دیموکراتی کوردستاندا ڕچەشکێن بوو، دەنگ و ڕەنگی میدیایەکی بوێر و ڕژد لەسەر بنەما و پرەنسیپەکانی نەتەوە و نیشتیمان بوو. سەرەتا وەك ڕۆژنامەیەکی هەفتانە بڵاو بووەوە، کە دەنگدانەوەیەکی زۆر گەورەی لە نێو خوێنەراندا هەبوو، دواتر بوو بە گۆڤارێك کە خوێنەرانی هۆگری خۆی کرد، ئێستاش ئەم گۆڤارە یەکێکە لەو چاوگانەی بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە خەمی سیاسەت و نەتەوە و نیشتیماندان، گرنگ و جێی بایەخە، لە پاڵ چەندین دۆسێی دیکە بۆ بەدەنگەوەچوونی خوێنەرانی جۆربەجۆر.

هاوکات لەگەڵ ساڵیادی دەرچوونی (گوڵان)دا، ژمارە (١٤١٠)ی گۆڤارەکە بڵاو دەبێتەوە، مایەی خۆشحاڵییە کە ئەم ئۆرگانە پێگیری (پەیامی ئەمڕۆ و سبەی)یە، لە ڕووی ناوەڕۆك و دیزاینەوە، لە ئاستێکدایە کە خوێنەرانی ڕاستەقینە و ئەوانەی بە دوای وشەی ڕاستگۆ و بیری پاك و بەرنامەی نەتەوەیی و نیشتیمانیدا دەگەڕێن، لە گوڵاندا توێشووی خۆیان دەبیننەوە.

سەرکەوتن و گەشەی بەردەوام بۆ (گوڵان).

فازڵ میرانی

بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان



## پەیامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان
## بۆ ساڵیادی گۆڤاری گوڵان:

# گۆڤاری گوڵان بۆتە ناوەندێک بۆ دەستەبژێر و ئەکادیمیست و پسپۆڕی کوردستان و عێراق و نێودەوڵەتی و، توانیویەتی سنوورە لۆکاڵییەکان تێپەڕێنێت

مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی «٣٠»یەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵانەوە پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرنووسەر و تەواوی ستاف و کارمەندانی گوڵان کردووە، ئەمە دەقەکەیەتی.

بڕووسکەی پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گۆڤاری گوڵان

هەڤاڵی بەڕێز فەرهاد محەمەد سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان
بەڕێزان ئەندامانی ستافی نووسین و کادیر و کارمەندانی گۆڤاری گوڵان

بەبۆنەی «٣٠» یەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵانەوە، گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و سەرجەم نووسەر و خوێنەرانی هێژای گۆڤاری گوڵان دەکەین و، ڕۆڵی گۆڤارەکەتان لە هەوڵ و کۆشش و کار و بەخشش بەرز دەنرخێنین، کە لە ماوەی تەمەنی خۆیدا توانیویەتی خزمەتێکی بەرچاو بە بواری ڕۆژنامەوانی و ڕۆشنبیری و کولتووری و نەتەوەیی و نیشتمانیمان بکات.

گۆڤاری «گوڵان» لە میانەی پابەندبوونی بە بنەما نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، خاوەن تایبەتمەندیی پیشەییانە و ڕۆژنامەوانیی خۆیەتی و، پەیڕەوی ئیتیکی ڕاستەقینەی ڕۆژنامەگەری کردووە و، هەموو کات سەکۆیەک بووە بۆ بیروبۆچوونە جیاوازەکان و ئەنجامدانی گفتوگۆی ڕاستەقینە و بەرهەمدار، لەبارەی پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و حکومڕانیی باش و گوزەرانی خەڵك، بۆ ئەمەش توانیویەتی لە ڕێگای دەستەبژێر و کەسایەتی و پسپۆڕ و شارەزایانی بوارە جیاوازەکان، میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی پرسە نیشتمانییەکان بخاتە ڕوو، هاوکات ئەم گۆڤارە بۆتە ناوەندێك بۆ دەستەبژێر و ئەکادیمیست و پسپۆڕی کوردستان و عێراق و نێودەوڵەتی و، توانیویەتی سنووری لۆکاڵییەکان تێپەڕێنێت، بەتایبەتی لە ڕێگەی ماڵپەڕی فەرمیی خۆی «گوڵان میدیا» و پێگە ئەلکترۆنییەکانی، کە بەچەند زمانێک بابەتەکانی بڵاودەکاتەوە.

چالاکییەکی دیکەی گۆڤاری گوڵان لە ئێستادا کە جێگای بایەخە ئەویش بڵاوکردنەوەی پوختەی گفتوگۆکانی «بازنەی گفتوگۆ»ی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسیی پارتیمانە، بەمەش وەکو پردێك بۆچوونی جیاوازی دەستەبژێرانی نیشمانپەروەر و ڕای گشتیی خەڵکی کوردستانی پێکەوە گرێداوە.

لەم بۆنەیەدا، وێڕای پیرۆزبایی گەرممان، پشتیوانیی تەواوی خۆمان بۆ بەردەوامی و بەرەو پێشەوەچوونی گۆڤاری «گوڵان» دووپات دەکەینەوە و، هیواداریـن وەکو هەمیشە پابەندی زیاتری بنەما نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و سیمای جوانی پێکەوە ژیانی کوردستان بن و، هەر سەرکەوتوو بن.

مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٢ - ٤ - ٢٠٢٤

## پەیامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان:

# گوڵان بە پێی پلان و بەرنامەیەکی ڕێکوپێک توانیویەتی جێگەی شایستەی خۆی لەسەر پانتایی کاری ڕۆژنامەگەریدا بگرێت

**بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەبۆنەی (٣٠)ـەیەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵانەوە پەیامێکی ئاراستەی سەرنووسەر و سکرتێری نووسین و سەرجەم کارمەندانی کردووە، کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

پەیامی پیرۆزبایی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان
بەبۆنەی(٣٠)ـەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری(گوڵان)

هەڤاڵی بەڕێز فەرهاد محەمەد، سەرنووسەری گۆڤاری (گوڵان)

هەڤاڵان، سکرتێری نووسین و ئەندامانی ستافی نووسین و هونەری و سەرجەم کارمەندانی گۆڤاری (گوڵان)

بەبۆنەی ساڵڕۆژی دەرچوونی گۆڤاری (گوڵان) وێڕای پیرۆزباییمان دەستی کار و ئەرک و ماندووبوونتان دەگوشین، هیواداریـن بۆ ساڵی داهاتوو لە هەمـوو بوارێکدا پێش بکەون و، وەك هەمیشە ڕۆڵی دیار و گرنگی خۆتان ببینن.

گۆڤاری (گوڵان) خاوەن ئەزموونێکی ڕۆشن و بەرهەمدارە، بۆیە لەو تەمەنەی دەرچوونیدا بە پێی پلان و بەرنامەیەکی ڕێکوپێك سەرکەوتوانە توانیویەتی جێگەی شایستەی خۆی لەسەر پانتایی کاری ڕۆژنامەگەریدا بگرێت.

بە پەیڕەوکردنی بنەما و ڕێنماییە ڕاست و دروستەکانی ڕۆژنامەوانی، گۆڤاری (گوڵان) وەك خاوەن مۆرکێکی ڕەسەن و ڕاستگۆیانە هەردەم نموونەی داهێنان و نوێبوونەوەیە لە ڕووی بڵاوکردنەوە و هەماهەنگی لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕۆژانە و گرنگیدان بە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان.

جارێکی دیکە بەبۆنەی (٣٠)ـەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (گوڵان) پشتیوانیی خۆمان بۆ بەردەوامبوون و زیاتر بەرەوپێشچوونی گۆڤارەکە دووپات دەکەینەوە...هەر سەرکەوتوو بن.

بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٢ی نیسانی ٢٠٢٤

# پەیامی ناوچەی ڕێبازی پارتی دیموکراتی کوردستان
# بۆ ساڵیادی گۆڤاری گوڵان:

## گوڵان خەمەکانی نەتەوە و نیشتمانی بە ئەرکی سەرشانی خۆی زانیوە و بۆ بەرژەوەندیی خەڵک و نیشتمان ڕەخنەی لە دیاردە نەرێنییەکان گرتووە

**ناوچەی ڕێبازی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەبۆنەی «٣٠» ـەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵانەوە، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرنووسەر و سکرتێری نووسین و دەستەی نووسەران و تەواوی کارمەندانی گوڵان کردووە، کە ئەمە دەقەکەیەتی:**

بۆ: هەڤاڵی بەڕێز فەرهاد محەمەد سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان

بەڕێزان سکرتێری نووسین و ئەندامانی دەستەی نووسەران و تەواوی کارمەندانی ستافی گوڵان

بەبۆنەی ٣٠ ـەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵانەوە، بەناوی ناوچەی ڕێباز گەرمترین پیرۆزبایی لە سەرنووسەر و ئەندامانی دەستەی نووسەران و تەواوی کارمەندانی ستافی گۆڤاری گوڵان دەکەین.

گۆڤاری گوڵان لە ماوەی ٣٠ساڵ تەمەنی خۆیدا، هەر لە سەرەتای دەرچوونیەوە بە پابەندبوونی بە بنەما نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، لە ناو ڕۆژنامەگەریی کوردیدا ڕچەشکێن بووە و ناوەندێك بووە بۆ کۆکردنەوەی دەستەبژێری نیشتمانپەروەر بە جیاوازیی بیروبۆچوونی سیاسی و نەتەوە و ئایینەوە و، پردێك بووە بۆ گرێدانەوەی سەرجەم بیروبۆچوونە سیاسییە جیاوازەکان و، خەمەکانی نەتەوە و نیشتمانی بە ئەرکی سەرشانی خۆی زانیوە و زۆر بوێرانە بۆ بەرژەوەندیی خەڵك و نیشتمان ڕەخنەی لە دیاردە نەرێنیەکان گرتووە.

گۆڤاری گوڵان وەك ناوەندێکی فیکری و سیاسی و گشتی و کاروباری ڕۆژانەی کۆمەڵگە، بایەخێکی هەمەلایەنەی بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کوردستان لە هەموو بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردستاندا داوە و، هەوڵی داوە سەکۆیەك بێت بۆ قووڵکردنەوەی گیانی لێبوردەیی و پێکەوەژیانی برایانە لە نێوان سەرجەم و نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستاندا و، سیمای جوانی پێکەوە ژیانی کوردستان لەسەر لاپەڕەکانی ڕەنگدانەوەی هەبووە.

لایەنێکی دیکە کە زۆر بە باشی لەسەر لاپەڕەکانی ڕەنگدانەوەی هەبووە، پرس و بەشداریی کاریگەری ئافرەتانی کوردستان بووە لە کۆی کایەکانی ژیانی کۆمەڵگەو، ئەم پرسەشی وەك هەنگاوهەڵگرتن بۆ دادپەروەری و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و حکومڕانیی باش سەیر کردووە.

لەم بۆنەیەدا، ناوچەی ڕێباز بە تەقدیرەوە هەوڵەکانی گوڵان بۆ قووڵبوونەوە لە بیری نەتەوەیی و فیکر و عەقیدەی بارزان بەرز دەنرخێنین، ئومێدەوارین باشتر دەست بخەنە سەر کەموکورتییەکان و، هەوڵەکانتان فراوانتر بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و بونیادنانی کوردستانێکی بەهێزتر . دووبارە پیرۆزباییتان لێ دەکەین و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

ناوچەی ڕێباز

پارتی دیموکراتی کوردستان




# نیشتیمان لە وتاری سەرۆک نێچیرڤان بارزانیدا

سەرۆك نێچیرڤان بارزانی لە تەوەرێکی سەرەکیی قسەکانیدا گوتی: «پێویستە نیشتمان کۆکەرەوەی هەمووان بێت»، هەڵبەت ڕوانینی بەڕێزیان تایبەت بەم پرسە لە ڕووی فۆرمەوە لە چەند وشە و برگە و ڕستەیەك پێك هاتووە، بەڵام کە لێی ورد ببیەوە و بە قووڵی بچیە بنج و بناوانی، تێدەگەیت سەرۆکی هەرێم هەروا بێ مەبەست ئەو قسەیەی نەکرد، بەڵکو مەبەست و ئامانجی سەرۆك نێچیرڤان بارزانی لە چەمکی نیشتیمان ئەوە بوو کە ئێمە هەموومان بە نیشتیمانەوە هەین و بە نیشتیمانەوە جوانین، بۆیە پێویستە بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتیمان بکرێتە ژێرخانی بەرهەمهێنانی گوتاری سیاسیی حزبەکان و، ڕایەڵی پەیوەندیی نێوانیان لەسەر بناغەی ئەو بەرژەوەندیانە ڕێك بخەن.

**نووسینی: زیرەک کەمال**

لە دیداری ١٧ی نیسانی ئەمساڵ ٢٠٢٤ کە لە سلێمانی ڕێك خرا، سەرۆك نێچیرڤان بارزانی وتارێکی گرنگی پێشکەش کرد.

هێڵە گشتییەکانی وتاری سەرۆك لەم دیدارەدا کۆمەڵێك کایە و بوار و ڕەهەندی جیا جیای لەخۆ گرتبوو، بابەتییانە و بەرچاوڕوونانە چەندین جومگە و دیاردە و حاڵەتی سیاسیی جۆراوجۆری خستە ڕوو، ڕاشکاوانە دەیڵێم دەکرێت و دەشێت وتارەکەی سەرۆك لەم دیدارەدا بکرێتە کەرەستە و میکانیزم و فاکتەری کردنەوەی گرێکوێرەکان و تواندنەوەی بەربەستەکان و چارەسەرکردنی ئاریشە و ناکۆکیی نێوان حزبەکان و هەنگاونان بەرەو ئامانجە نیشتیمانییەکان و کارکردنی هاوبەش بۆ پاراستن و بەهێزکردنی کۆڵەگە بنچینەییەکانی قەوارەی هەرێمی کوردستان.

سەرۆك نێچیرڤان بارزانی لە تەوەرێکی سەرەکیی قسەکانیدا گوتی پێویستە نیشتیمان کۆکەرەوەی هەمووان بێت، هەڵبەت ڕوانینی بەڕێزیان تایبەت بەم پرسە لە ڕوی فۆرمەوە لە چەند وشە و برگە و ڕستەیەك پێك هاتووە، بەڵام کە لێی وردببیەوە و بە قوڵی بچیە بنج و بناوانی، تێدەگەیت سەرۆکی هەرێم هەروا بێ مەبەست ئەو قسەیەی نەکرد، بەڵکو مەبەست و ئامانجی سەرۆك نێچیرڤان بارزانی لە چەمکی نیشتمان ئەوەبوو کە ئێمە هەموومان بە نیشتمانەوە هەین و بە نیشتمانەوە جوانین، بۆیە پێویستە بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمان بکرێتە ژێرخانی بەرهەمهێنانی گوتاری سیاسیی حزبەکان و، ڕایەڵی پەیوەندیی نێوانیان لەسەر بناغەی ئەو بەرژەوەندییانە ڕێك بخەن.

پێویستە ڕاشکاوانە ئەوە بڵێین سەرۆك لە کاتێکدا ئەوە دەڵێت پێویستە نیشتیمان کۆکەرەوەی هەموولایەك بێت، کە گوتاری سیاسیی حزبەکان لە هەرێمی کوردستان درز و کەلەبەری زۆری تێکەوتووە، ناوماڵی سیاسیی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر لێك ترازاوە، بە ئەندازەیەك کە مەترسیی قووڵی لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان و ئاسایش و سەقامگیریی وڵاتەکەمان دروست کردووە، هەربۆیەش سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەمەی گوت.

ڕاستە چەمکی نیشتیمان و بەرژەوەندییەکانی گەل و نیشتیمان کایەیەکی چەسپاوە لە ڕوانین و گوتاری نیشتیمانی و فکری سیاسیی سەرۆکی هەرێم، بەڵام باسکردنی ئەم جارەی بەڕێزیان لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە بە ڕاستی لە ئێستادا خەریکە گوتاری بەرتەسکی حزبایەتی شوێن بە گوتاری نیشتیمانی لەق دەکات.

بەڵێ، سەرۆك نێچیرڤان بارزانی تۆ ڕاست دەکەیت، کە دەڵێیت ئێمە دەڕۆین و نیشتیمان دەمێنێت، جەنابی سەرۆك دەشزانم ئەم قسەیەت ئاراستەی ئەوانە بوو کە خۆیان پێ لە نیشتیمان گەورەترە.


SULAIMANI FORUM
دیداری سلێمانی | ملتقى السليمانية
AUIS
IRIS

# لە «١٢٦» یەمین ساڵیادی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا

ڕۆژنامەگەری ئەگەر بۆ هەموو نەتەوەکانی جیهان ئەو ئامرازە بێت لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ دەرکەوتبێت و، هاوشانی هەر سێ دەسەڵاتی (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری) ڕۆڵی دەسەڵاتی چوارەمی گێڕابێت، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بە زانیاریی دروست و بەرچاو ڕوونییەوە بەشداری لە پرۆسەی سیاسیی وڵاتدا بکەن و، بزانن لەسەر سندوقەکانی دەنگدان چ بڕیارێك دەدەن، ئەوا بۆ نەتەوەی کورد و وەك نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت، ئەو ئامرازە بووە کە بوونی خۆمانی پێ بسەلمێنن و دەسەڵاتی یەکەم و کۆتایی بووە و، کاتێك لە ساڵی ١٧٩٨ میقداد مەدحەت بەدرخان یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی (کوردستان) ی لە قاهیرە دەرکرد، بێجگە لە دەسەڵاتی ڕۆژنامەگەریی نەتەوەی کورد خاوەنی هیچ دەسەڵاتێکی دیکە نەبووە.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمیش تا دەگاتە ڕاپەرینە شکۆدارەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١، دیسان ڕۆژنامەگەریی کوردی، ئامرازێك بووە بۆ جۆشدانی هەست و سۆزی نەتەوەییمان، بۆ درێژەپێدانی شۆڕش و داکۆکیکردن لە مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمان و، تەنانەت لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٠- ١٩٧٤، لەگەڵ ئەوەی لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار ڕۆژنامەگەریی کوردی بە ئاشکرا کاری دەکرد، بەڵام لەو کاتەشدا ئەرکی سەرەکیی هەردوو ڕۆژنامەی (برایەتی) بە زمانی کوردی و (التآخي) بە زمانی عەرەبی، بریتی بوو لە داکۆکیکردن لە بوون و مافەکانی گەلی کوردستان و، ئامرازێك بوو تەواوکاری شۆڕشی کوردستان بوو، نەك ئامرازێك بێت وەك دەسەڵاتی چوارەم و چاودێر بەسەر دەسەڵاتەوە.




لە دوای ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ و ئەنجامدانی هەڵبژاردن و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی دادوەری، ڕۆژنامەگەریی کوردی لە چوارچێوەی ئەو ئەزموونە دیموکراتییەدا، نەك هەر نەیتوانی سنووری ڕۆژنامەگەریی حزبی تێپەڕێنێت، بەڵکو ڕۆژنامەگەریی حزبی بە تەواوەتی بووە ئاستەنگ بۆ ئەوەی لە ناو ژینگەیەکی دیموکراتیدا ڕۆژنامەگەری وەك (دەسەڵاتی چوارەم) لە دایك بێت، بە پێچەوانەوە ئەوانەشی بە خۆیان دەگوت ڕۆژنامەگەریی (ئەهلی و ئازاد) سێبەری حزبە سیاسییەکان، یان کاریگەریی کەسایەتیی حزبە سیاسییەکانی بەسەرەوە بوو و، نەیانهێشت ڕۆژنامەگەری وەك (دەسەڵاتی چوارەم) لە هەرێمی کوردستاندا هەبێت.

ئەمڕۆ کە یادی ١٢٦ ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی دەکەینەوە، جیا لەوەی ڕۆژنامەگەری لە سەرانسەری جیهاندا بە شێوە نەریتییەکەی جێگەی پێ لەق بووە و مەترسیی ئەوەی لەسەرە کە زیرەکیی دەستکرد مەرگی ڕۆژنامەگەریی نەریتی ڕابگەیەنێت، بەڵام هێشتا لە کوردستاندا مۆتەکەی حزبایەتیی تەسك یەخەی ڕۆژنامەگەریی کوردیی بەرنەداوە و خەریکە بە تەواوەتی دەیخنکێنێت.

لەم بۆنەیەدا سڵاو بۆ گیانی ئەو ڕۆژنامەنووسە بوێرانەی کە لە ڕۆژە سەختەکانی خەباتدا بە قەڵەمەکانیان بەرامبەر داگیرکەران دەوەستانەوە و بە ئامرازی ڕۆژنامەگەری، بەرگرییان لە مافەکانی گەلی کوردستان دەکرد و بە پێنووسەکانیان (کوردستان یان نەمان) یان دەنووسی.

دیمانەی تایبەت



پاوڵ کوادرۆس

پرۆفیسۆر و بەڕێوەبەری سکووڵی ڕۆژنامەگەری لە زانکۆی کارۆلاینای باکوور بۆ گوڵان:

# ژیریی دەستکرد مەترسی لەسەر ڕۆژنامەگەریی نەریتی دروست کردووە و دەتوانێت ناوەڕۆکی هەواڵ و ڕاستییەکان بشێوێنێت

**پاوڵ کوادرۆس پرۆفیسۆر و بەڕێوەبەری سکووڵی ڕۆژنامەگەری لە زانکۆی کارۆلاینای باکوور لە چاپێڵ هیڵ، نووسەر و ڕۆژنامەنووس لە نیویۆرك تایمز، هەفتینگتۆن پۆست، تایم مەگەزین، شیکاگۆ ڕیپۆتەر، و چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێکی دیکە. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە دۆخی ئێستای ڕۆژنامەگەرییەوە لە دەرئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی هاتونەتە ئاراوە لە پەیوەندی بە دروستبوونی سۆشیال میدیا و پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و، چەند پرس و بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

*** سەرەتا دەمانەوێت لەوەوە دەست پێبکەین کە هەڵسەنگاندنی ئێوە چییە بۆ ئەو هەلومەرج و پێشهاتانەی لە ئێستادا ڕۆژنامەگەری کاری تێدا دەکات، مەبەستمان ئەوەیە ئایا ئەو ئالنگاری و دژوارییانە چیین کە ڕووبەڕووی کاری ڕۆژنامەنووسان و کارمەندانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەبنەوە لە میانەی ئەرکەکانیاندا؟**

- لە ڕاستیدا من پێم وایە یەکێك لەو کێشە و تەحەدییە گەورانەی ڕووبەڕووی کاری ڕۆژنامەگەری بووەتەوە (بەتایبەتی ئەگەر ئێمە باسی دۆخی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەین) ئەوەیە کە کاری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری کەوتووەتە ژێر دەستی، یان با بڵێین لەلایەن کۆمپانیا گەورەکانەوە کۆنترۆڵ کراون، ئەمەش هەلومەرجێکی دروست کردووە کە ڕۆژنامەنووسانی بەدەر لەم کۆمپانیایانە، نەتوانن وەك پێویست کار و ئەرکی خۆیان ئەدا بکەن و ئەو هەواڵ و ڕاپۆرتانە بڵاو بکەنەوە، کە کارەکەیان لێیان دەخوازێت.

*** وەك ئاشکرایە یەکێك لە ئەرك و کارەکانی ڕۆژنامەنووسی و کاری ڕاگەیاندن بە گشتی ئەوەیە چاودێر بێت و هەوڵی پەردەلادان لەسەر ڕاستییەکان بدات، ئایا پێت وایە ئەم ئالنگاری و کێشانەی لە ئێستادا دروست بوون، بەربەست و لەمپەریان دروست کردووە بۆ کاری ڕۆژنامەگەری؟**

- هەروەك لە وەڵامی پرسیاری پێشووشدا باسم کرد، لە ئێستادا ڕۆژنامەنووسان تووشی دژواری بوونەتەوە لەوەی کە بتوانن ئەرکی خۆیان وەك چاودێر ئەدا بکەن، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی کە لە دۆخێکدا کە پشتیوانی بەدەست ناهێنن، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی زەحمەت بێت بتوانن ئەو کارانە ئەنجام بدەن کە پیشەکەیان لێیان چاوەڕوان دەکات.

*** نکۆڵی لەوە ناکرێت کە لە ئێستادا خەڵکێکی زۆر سۆشیال میدیا بەکار دەهێنن و بووەتە سەرچاوەی وەرگرتنی هەواڵ و ئامرازێك بۆ ئەوەی لە ڕێیانەوە گوزارشت لە بۆچوون و تێڕوانینەکانی خۆیان بکەن، ئێوە چ جیاوازییەك لە نێوان کاری سۆشیال میدیا و ڕۆژنامەگەریی تەقلیدیدا دەبینن؟**

- من دڵنیا نییم لەوەی کە دەتوانین سۆشیال میدیا وەك بەشێك لە ڕۆژنامەگەریی تەقلیدی هەژمار بکەین، چونکە ئەو کەسانەی لە نێو سۆشیال میدیادا چالاکن مەرج نییە ڕاهێنانی ڕۆژنامەگەرییان بۆ دەستەبەر کرابێت، هەروەها بەشێك نیین لە کۆمەڵە و سەندیکا ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنکارەکان، مەبەستم ئەوەیە ئەوان تەنیا تاکەکەسێکن و مەرج نییە ڕۆژنامەگەر بن، بەڵام کارەکانیان هاوشێوەی کاری ڕۆژنامەنووسانە، ئەگەرچی ئەمە بەو مانایە نایەت کە هەموو کاتێك کارەکانیان خراپتر بێت لەوەی ڕۆژنامەنووسان ئەدای دەکەن، بەڵام پرسیارەکە پەیوەستە بەوەی تا چەند دەکرێت متمانە بە کارەکانیان بکرێت، چونکە وەك ئاماژەم پێکرد، ئەوانەی لە نێو سۆشیال میدیادا چالاکن مەرج نییە پاشخان و ڕاهێنانی تایبەت بە ڕۆژنامەنووسانیان هەبێت.

*** زۆرجار سەرکردە و سەرۆکی وڵاتان لە بری ئەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان گفتوگۆ بکەن، یان پەیامەکانیان لە ڕێی ئەوانەوە بڵاو بکەنەوە، ئەوا خۆیان لە ڕێی (ئێکس-تویتەری پێشوو) و هەندێ ئامرازی دیکەی سۆشیال میدیا بڵاوی دەکەنەوە، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕاددەیەك ئەمە پەیوەندیی نێوان سیاسەتمەدار و ڕۆژنامەنووسانی گۆڕیوە؟**

- ئەوە ڕاستە کە هەندێ جار سیاسەتمەداران دەیانەوێت ڕاستەوخۆ کاریگەر بن لەسەر ڕای گشتی یان دەنگدەران (ئەویش بە گوێرەی ئەوەی باسی چ وڵاتێك دەکەین) بۆ ئەوەی بەو شێوەیە ئاراستەیان بکەن کە خۆیان دەیانەوێت، لەم ڕووەوە فەرامۆشکردنی ڕۆژنامەگەریی تەقلیدی دەرفەتی ئەوەیان پێدەدات کە ئەم کارە بکەن، کە دەشزانن

**ڕۆژنامەنووسان تووشی دژواری بوونەتەوە لەوەی کە بتوانن ئەرکی خۆیان وەک چاودێر ئەدا بکەن، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی کە لە دۆخێکدا کە پشتیوانی بەدەست ناهێنن**

**ئەوانەی لە نێو سۆشیال میدیادا چالاکن مەرج نییە پاشخان و ڕاهێنانی تایبەت بە ڕۆژنامەنووسانیان هەبێت**

**هەرچەندە کارێکی زۆر قورسە بەڵام دەبێت ڕێگەیەک بدۆزرێتەوە بۆ بونیاتنانەوەی ژێرخانی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن، بە چەشنێک کە بتوانین متمانە بەو زانیارییانە بکەین کە پێمان دەگەن**

کەسانێك هەن لە نێو سۆشیال میدیا کە برەو بە بیرۆکە و پەیامەکانیان دەدەن. هەرچۆنێك بێت ئەمە لە کۆتاییدا بەندە بەوەی چۆن کار بکرێت بۆ ئەوەی خەڵکی لە چۆنییەتی کارکردنی ڕاگەیاندنی هاوچەرخ تێبگەن، تاوەکو نەکەونە ژێر کاریگەرییەکی نەرێنییەوە و بەکار نەهێنرێن.

*** زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە ڕۆژنامەنووسان ڕووبەڕووی تەنگ پێهەڵچنین دەبنەوە لەلایەن ڕژێمە تاکڕەوەکانەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا هەندێ جار لە وڵاتە دیموکراسییەکانیشدا سەرکردە و سیاسەتمەداران لێدوانی خراپ لەسەر ڕۆژنامەنووسان دەدەن، بۆ نموونە دۆناڵد ترەمپ، بەتایبەتی لەسەردەمی سەرۆکایەتیەکەیدا، باسی هەواڵی ساختە و بێ بنەمای دەکرد کە لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە بڵاو دەکرێنەوە، کەواتە هەوڵێك هەیە بۆ ئەوەی خەڵکی متمانەیان بە کاری ڕۆژنامەنووسی نەمێنێت، تێڕوانینی ئێوە چییە لەم بارەیەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی ئێستا لە جیهاندا دەگوزەرێت (لە پەیوەندی بە ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنەوە) دۆخێکی دژوارە، چونکە کێشەکە ئەوەیە کە نازانیت باوەڕ بە کێ بکەیت و متمانەت بە کێ هەبێت. بەتایبەتی لە پەیوەندی بە دامەزراوەکانەوە لەنێو وڵاتە دیموکراسییەکاندا، چونکە ئێمە دەزانین کۆمەڵگە دیموکراسییەکان لەسەر بنەمای دامەزراوەکان بنیات نراون، لە هەمان کاتدا متمانە هەیە بەو دامەزراوانە، بەڵام کاتێك کاراکتەرە خراپەکان دێن و کار لەسەر نەهێشتن و بنکۆڵکردنی ئەو متمانەیە دەکەن، و خەڵکی نازانن باوەڕ بە ڕاست و دروستیی چ شتێك بکەن، ئەوا ئاسانتر دەکەونە ژێر کاریگەری پڕوپاگەندە و بانگەشەکان و هەواڵە ناڕاست و چەواشەکارییەکانەوە، کەواتە لە ڕۆژگاری ئێستادا ئەو کێشەیەی کە ڕووبەڕووی خەڵکی بووەتەوە، ئەوەیە کە ئامراز و تێگەیشتنی پێویست و گونجاویان بۆ دەستەبەر نەکراوە بۆ تێپەڕاندنی ئەم ئالنگاری و دژوارییانەی پەیوەستن بە زانیارییە چەواشەکارییەکانەوە. هەرچۆنێك بێت ئومێدەکە ئەوەیە کە لە کۆتاییدا خەڵکی بتوانن درك بەوە بکەن و هۆشیار بن کاتێك ڕووبەڕووی پڕوپاگەندی بەرژەوەندییە گەورەکان دەبنەوە.

*** کەواتە تا چەند ئەم حاڵەتەی کە ئێوە ئاماژەی پێدەکەن فاکتەرێك بووە بۆ هێنانەئارای ئەوەی پێی دەگوترێت داکشانی یان پاشەکشەی دیموکراسی؟**

- بەڵێ بە دڵنیاییەوە کاریگەریی هەبووە لەم ڕووەوە، چونکە بە دیاریکراوی لەو کۆمەڵگەیانەدا دیموکراسی بەندە بە متمانەکردن بە دامەزراوەکانی کۆمەڵگەوە، متمانەکردن بە حکومەت و متمانەکردن بە سیستمی هەڵبژاردن، متمانەکردن بە سیستمی پەروەردەی حکومی، و متمانەکردن بە چاودێریی تەندروستی، مەبەستم ئەوەیە کە بڵێم لە بنەڕەتدا هەموو ئەم دامەزراوانە بەندن بە متمانەوە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کاتێك خەڵکی نازانن متمانە بە کێ بکەن لەبەر ئەوەی لەژێر کاریگەریی خراپی سیاسەتمەدارە خراپەکاندان، ئەوا ئەو کاتە زۆر زەحمەتە بتوانرێت کۆمەڵگەکە بە باشی بەڕێوەببردرێت، و لە ڕاستیدا لە زۆربەی حاڵەتەکاندا سەردەکێشێت بۆ لاوازکردنی کۆمەڵگەش.

*** چۆن لە کاریگەریی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی، بەتایبەتی ژیریی دەستکرد دەڕوانن لەسەر کاری و ئەدای ڕۆژنامەگەری؟**

- ئەمە لایەنێکی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و ژیریی دەستکردە کە دەبێت لەوە بڕوانین چ کاریگەرییەکیان هەیە لەسەر ڕۆژنامەگەری، بە تایبەتی کە ئێمە دەزانین بە هۆی ژیریی دەستکردەوە دەکرێت ناوەڕۆك و بابەتێك گەڵاڵە بکرێت کە خەڵکی پێ لە خشتە ببردرێت، کەواتە ئێمە لە ڕۆژگارێکداین کە ئەوەی پێی دەگوترێت زانیاریی ناڕاست و چەواشەکارانە بووەتە بابەتێك کە دەبێت سەرنجی بخرێتەسەر، چونکە کاریگەریی هەیە لەسەر ئەوەی ئێمە باوەڕ بە چی بهێنین. دۆخەکە دژوارە و ڕەنگە تەنیا کات پێمان بڵێت کە چۆن ڕۆژنامەنووسان دەتوانن ئەم دژوارییانە تێپەڕێنن. بەڵام دەبێت ڕێگەیەك بدۆزرێتەوە بۆ بونیاتنانەوەی ژێرخانی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن، بە چەشنێك کە بتوانین متمانە بەو زانیارییانە بکەین کە پێمان دەگەن، هەرچەندە ئەمە کارێکی زۆر قورسە.

*** کەواتە با بپرسین ئایا دەکرێت و دەتوانرێت چی بکرێت بۆ بەهێزکردن و برەودان بە ڕۆڵی ڕۆژنامەگەریی تەقلیدی؟**

- ئەمە پرسیارێکی باشە، ئەوەی زۆر گرنگە بەرفراوانکردنی تێگەیشتنی پەیوەست بە کاری ڕۆژنامەگەرییە لای هاووڵاتییان و خەڵك، هەروەها دەکرێت سیستمی پەروەردەش ڕۆڵی هەبێت لە فێرکردنی منداڵان لەوەی دەتوانن باوەڕ بە چ زانیارییەك بهێنن و باوەڕ بە چی نەهێنن، کەواتە پێم وایە ئەمانە گرنگە بۆ پارسەنگدانەوە و بەرپەرچدانەوەی ئەو زانیارییە چەواشەکارییانەی لە ئارادان.



دیمانەی تایبەت

**ڕۆزێنتاڵ ئەلڤێس**

پرۆفیسۆری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن لە زانکۆی تێکساس بۆ گوڵان:

# لە ماوەی ١٥ ساڵی ڕابردوودا تەنیا لە ئەمریکا نزیکەی ٣٠٠٠ ڕۆژنامە داخراون و نەیانتوانی بەردەوام بن و درێژە بە کاری خۆیان بدەن

ڕۆزێنتاڵ ئەلڤێس پرۆفیسۆرە لە سکووڵی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن لە زانکۆی تێکساس لە ئۆستن، ژیانی ئەکادیمی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٩٦ دەست پێکرد، ئەویش دوای کارکردنی بۆ ماوەی ٢٧ ساڵ وەك ڕۆژنامەگەرێکی پیشەگەر، لە نێویاندا حەوت ساڵ وانەبێژی ڕۆژنامەگەری بوو لە بەرازیل. لە زانکۆی تێکساس، لە سێ بواری سەرەکیدا وانەبێژ و توێژەرە: هەواڵنێری نێودەوڵەتی، ڕۆژنامەگەری لە ئەمریکای لاتین، و ڕۆژنامەگەریی ئەنتەرنێت. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە دۆخی ڕۆژنامەگەری لە ڕۆژگاری ئێستادا و ئەو دژواری و تەحەدییانەی ڕووبەڕووی کاری ڕۆژنامەگەریی تەقلیدی دەبنەوە، و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.

**نیویۆرک تایمز توانی ببێتە دیجیتاڵ و قازانجیش مسۆگەر بکات**

**کاتێک من ئەم کۆنفرانسەم لە ساڵی ١٩٩١ دەست پێکرد، ئەو کاتە ئەوەمان لەبەرچاو بوو کە شۆڕشی دیجیتاڵی چ کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر گۆڕینی هەلومەرجی کاری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری**

*** ئێوە کردووتانە بە نەریتێك کە ساڵانە کۆنفرانسێك ڕێك دەخەن، بۆ تاوتوێکردنی پرسەکانی پەیوەست بە پێشهات و بەرەوپێشچوونی کاری ڕۆژنامەگەری و ئەو ئاڵوگۆڕانەی هاتوونەتە ئاراوە لەم بوارەدا، دەکرێت تیشکێك بخەنەسەر ئەو کۆنفرانسەی لەم ساڵدا ئەنجامتان دا؟**

- لە ڕاستیدا دوو هەفتە پێش ئێستا من سەرپەرشتیی ٢٥ـەمین سیمپۆزییەمی نێودەوڵەتیی تایبەت بە ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنیم کرد، لە زانکۆی تێکساس لە ئۆستن، ئەمە بۆ ٢٥ـەمین ساڵە ئەم کۆنفرانسە بەردەوامە و ئەوەی ئەمساڵ تەرخان کرا بۆ تێگەیشتن لە ئەو ئاڵوگۆڕە بنەڕەتی و قووڵانەی بەسەر پانتایی ڕۆژنامەگەریدا هاتوون، بەهۆی بەرپابوونی شۆڕشی دیجیتاڵییەوە. کاتێك من ئەم کۆنفرانسەم لە ساڵی ١٩٩١ دەست پێکرد، ئەو کاتە ئەوەمان لەبەرچاو بوو کە شۆڕشی دیجیتاڵی چ کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر گۆڕینی هەلومەرجی کاری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری، هەروەها تاوتوێی ئەوەمان کرد کە چۆن لە ماوەی سەدە و نیوێکدا کە ڕاگەیاندنێکی بازرگانی لە ئارادا بووە و باڵادەست بووە و شان بە شانی بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیا برەوی سەندووە، بەڵام ئەوەی لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردودا بەدیمان کردووە (مەبەستمان ئەو ئاڵوگۆڕانەیە کە هاتوونەتە ئاراوە لە بواری کاری ڕاگەیاندندا) لەبەریەك هەڵوەشانەوەی مۆدێلی بزنسی کاری ڕۆژنامەگەری بووە، کە لە سەدەی بیستدا پشتیوانی دەکرا، چونکە هاتنەئارای پلاتفۆرمە تەکنەلۆژییە گەورەکانی وەك گۆگڵ و مێتا بوونەهۆی ئەوەی بواری بانگەشەی بازرگانی (ڕێکلام) ڕابکێشن بۆ خۆیان، کە ئەمەش پێشتر لە دەستی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنی تەقلیدیدا بوو.

*** ئایا ئەو کەسانەی بانگهێشت کرابوون چ پاشخانێکیان هەبوو، یان با بڵێین لە چ بوارێکی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندندا کاریان دەکرد؟**

- من دەمەوێت لەم ڕووەوە نموونەیەك بخەمە ڕوو، ئێمە کەسێکمان لە ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمز بانگهێشت کردبوو، کە ئەو باسی لەو ئاڵوگۆڕە سەرکەوتووە کرد کە ڕۆژنامەکەی ئەنجامی داوە، ئەوەی خستەڕوو کە چۆن سەرکەوتو بوونە لە گۆڕینی کارەکەیان و دەستهەڵگرتن لە نوسخەی چاپکراوی ڕۆژنامەکە و دەستکردن بە نوسخەی دیجیتاڵی، ئاماژەی بەوەش کرد کە چۆن توانیویانە لەم ڕووەوە قازانجیش بەدەست بهێنن.

*** ئایا هیچ پێشبینییەکی دیاریکراوتان گەڵاڵەکرد لە بارەی ئاراستە و ئاقاری داهاتووی کاری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن؟**

- من خۆم هەست دەکەم ئێمە لەبەردەم ڕوودانی گۆڕانکارییەکی گەورەداین لە پەیوەندی بە کاری ڕۆژنامەگەرییەوە (هەرچەندە ئێمە لە ساڵی ١٩٩١ـەوە کە دەستمان بەم کۆنفرانسە کرد، چاومان لەسەر بەرەوپێشچوونەکان بووە) کە ئەویش پەیوەندی بە ژیریی دەستکردەوە هەیە، کە باوەڕم وایە لە ١٠ ساڵی داهاتوودا ژیریی دەستکرد کاریگەریی زۆر شڵەژێنەری دەبێت نەك هەر لەسەر کاری ڕۆژنامەگەری، بەڵکو لەسەر ژیان بە گشتی، بە چەشنی ئەوەی کە هاتنەئاری سێڵفۆن، و سۆشیال میدیا ئەم چەشنە دەرئەنجام و کاریگەرییەی هەبوو.

*** کەواتە دەکرێت لەم ڕووەوە ئاماژە بە دژواری و ئالنگارییەکی دیاریکراو بکەن کە ڕووبەڕووی ڕۆژنامەگەری دەبێتەوە لە ڕۆژگاری ئێستادا؟**

- لە ڕاستیدا لەم ساتەوەختەدا ڕۆژنامەگەری ڕووبەڕووی چەند ئالنگارییەك بووەتەوە، بۆ نموونە ئەگەر ئاماژە بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەین، ئەوا سەدان ڕۆژنامە و لە ڕاستیدا نزیکەی ٣٠٠٠ هەزار ڕۆژنامە داخراون لە ماوەی ١٥ ساڵی ڕابردودا، لەبەر ئەوەی نەیانتوانی بەردەوام بن و درێژە بە کاری خۆیان بدەن، لە ڕاستیدا ئەمە خۆی لە خۆیدا هەواڵێکی خراپە، چونکە نەمانی ئەو ژمارە زۆرەی ڕۆژنامەنووسان دەبێتەهۆی دروستبوونی هەژاری لە هەواڵدا، و ئەمەش مایەی کێشەیەکی دیاریکراوە بۆ دیموکراسییەتی ئەم وڵاتە.

*** بەڵام ئایا دەتوانین بڵێین وێنەکە هەمووی تاریکە، بە دەربڕینێکی دیکە ئایا ناتوانین بڵێین کە بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیا گۆڕانکاریی ئەرێنییشی دروست کردووە لە بواری هێنانەئاری چەشنی نوێی کاری ڕۆژنامەگەریدا؟**

- بەڵێ ئەمە تەواوە، دۆخەکە هەمووی هەر نەرێنی نییە، چونکە ئێمە شایەتحاڵی سەرهەڵدانی چەندین ئامرازی نوێی ڕاگەیاندن بووین کە بە شێوەیەکی ئۆنلاین کارەکانیان ئەنجام دەدەن، واتە مۆدێلێکی نوێ دروست بووە کە توانیوییەتی لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێت و درێژە بە خۆی بدات، بۆ نموونە دەکرێت یەکێك لە بەرەوپێشچوونەکان (کە بۆی هەیە مایەی ئومێد بێت) بریتییە لە هاتنەئارای ڕۆژنامەگەریی قازانج نەویست، و لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە ڕۆژنامەگەری خێری گشتییە و دیموکراسییش بێ ڕۆژنامەگەری ئازاد وجوودی نییە، کە ڕۆڵی چاودێر و گەڕان و بەدواداچوون ببینێت.

*** ئایا ئەم پرسەتان لە کۆنفرانسەکەتاندا تاوتوێ کرد؟**

- بەڵێ، لە ڕاستیدا لە یەکێك لە پانێڵەکاندا ئاماژە بەوە کرا کە دامەزراوەیەکی ئەمریکی توانیوییەتی نزیکەی نیو ملیار دۆلار کۆ بکاتەوە، کە بڕیارە بە شێوەیەکی خێرخوازی بەکار بهێنرێت لە بواری هەواڵی ناوخۆیی و ناوچەیی لە نێو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، کەواتە ئەم نموونەیە و حاڵەتی ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمز (کە پێشتر ئاماژەم پێکرد) و ئامادەیی و پەرۆشیی کۆمەڵگە بۆ هاوکاریکردن و پشتیوانیکردنی ڕۆژنامەنووسان، بۆ ئەوەی لە بارێکی باشتر و بەهێزتردا بن، ئاماژەی ئەرێنین، کەواتە دەکرێت بە شێوەیەکی گشتی قسەی زیاتر لەم بوارەدا بکەین، بەڵام ئەو حاڵەتانە چەند نمونەیەکی بەرجەستەن لەم ڕووەوە.

*** کەواتە دەکرێت بڵێین کە سەرەڕای ئەوەی ڕۆژنامەگەری ڕووبەڕووی ئاستەنگ و دژواریی نوێ بووەتەوە، بەڵام توانیوییەتی تا ڕاددەیەکی باش خۆی لەگەڵ ئەم پێشهات و بەرەوپێشچوونانەدا بگونجێنێت و، بەلای کەمەوە بەسەر هەندێ لەو بەربەستانەدا زاڵ بێت؟**

- لە ڕاستیدا ئەو هەلومەرجەی هاتووەتە ئاراوە (لە پەیوەندی بە کاری ڕۆژنامەگەرییەوە) هەلومەرجێکی ئاڵۆزە و، من پێم وانییە کە ڕۆژنامەگەری توانیبێتی بە چەشنێکی کارا و کاریگەر مامەڵەی لەگەڵدا بکات و، وەڵامدانەوەی هەبێت بۆی، بۆ نموونە یەکێك لەو بوارانەی کە جێی بایەخپێدانی منە، ئەو کەسانەن کە پێیان دەگوترێت (محرر) یان ناوەڕۆك دروستکەران، کە ئەمەش دۆخێکی دروست کردووە کە تێیدا ڕۆژنامەنووسان قۆرخکارییان بۆ ڕۆژنامەگەری لەدەست داوە، چونکە پێشتر تەنیا ئێمەی ڕۆژنامەنووسان لەم بوارەدا کارمان دەکرد و لە چوارچێوەی دەزگا و دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندندا (وەك ڕادیۆ و ڕۆژنامە و گۆڤار) زانیارییەکانمان کۆ دەکردەوە و، بە شێوەیەکی ڕێکخراو و پیشەییانە زانیارییەکانمان دەخستەڕوو و، بەم شێوەیە دەمانتوانی سەرنجی پانتاییەکی بەرفراوانی ڕای گشتی و خەڵك بۆ لای خۆمان ڕابکێشین، کەچی لە ئێستادا تاکەکەسێك توانیوییەتی سەرنجی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بۆ خۆی ڕابکێشێت و بەدواداچوونی بۆ بکەن، کە زۆر زیاترە لەو ژمارەیەی دەزگایەکی ڕاگەیاندن توانای ئەوەی هەیە بەلای خۆیدا ڕایانبکێشێت، من ناڵێم سەرجەم کارەکانی ئەم تاکەکەسانە خراپە، چونکە تێیاندایە کە پراکتیزەی کاری ڕۆژنامەگەری دەکات و هەشیانە ئەم کارە ئەنجام نادات.

*** باشە لایەنە خراپەکانی ئەمە چییە؟**

- ئەمە دەبێتە هۆی شڵەژان و پشێوییەك لە پانتایی کاری ڕۆژنامەگەری دا، چونکە لەم هەلومەرجەدا زانیاریی ناڕاست و چەواشەکارییش بڵاو دەکرێتەوە، کە من لە ئێستادا جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە چۆن ئەم تاکەکەسانە کە کاریگەرن لە نێو خەڵکدا، سوود لە ئەزموون و پیشەی ڕۆژنامەنووسان وەربگرن و، لە هەمان کاتدا چۆن ڕۆژنامەنووسانیش دەتوانن سوود لە شێوازی کارکردن و ئەزمونی ئەوان وەربگرن.

**هاتنەئارای پلاتفۆرمە تەکنەلۆژییە گەورەکانی وەک گۆگڵ و مێتا بوونەهۆی ئەوەی بواری بانگەشەی بازرگانی (ڕێکلام) ڕابکێشن بۆ خۆیان، کە ئەمەش پێشتر لە دەستی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنی تەقلیدیدا بوو**

**باوەڕم وایە لە ١٠ ساڵی داهاتوودا ژیریی دەستکرد کاریگەریی زۆر شڵەژێنەری دەبێت نەک هەر لەسەر کاری ڕۆژنامەگەری، بەڵکو لەسەر ژیان بە گشتی**



**پرۆفیسۆر دکتۆر فوئاد حەمە خورشید**

**پسپۆر و شارەزا لە بواری جوگرافیای سیاسی بۆ گوڵان:**

# کورد نەگەیشتووەتە ئەو قۆناغەی وەک نەتەوە بیر بکاتەوە و ئێستاش وەلای بۆ ناوچەگەریَتی و شارچێتی و هۆز و حزبایەتی هەیە

# مێژوو بەزەیی بە میللەتێکدا نایەتەوە کە لە نێوخۆیدا ناکۆک و ناتەبا بێت و ئاوڕێک لە خۆی و پێگە لاوازەکەی نەداتەوە

**هەرچەندە مێژوو زوڵمێکی زۆری لە کورد کردووە و بەسەر چوار وڵاتی نەیاری کوردستاندا دابەشی کردووە و، ئەمەش زۆر زەمینەی بۆ کۆمەڵکوژی و جینۆساید کردووەتەوە و، هەرچی پەیماننامە و ڕێککەوتن و بابەتەکانی مافی مرۆڤیش لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا هەیە، فریادڕەسی کورد نەبووە، بەڵام کوردیش بەهۆی ناکۆکی و ناتەباییەوە نەیتوانیوە لە دەوری سەرۆکێك کۆببێتەوە و یەکگرتوو و تەبا بێت بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی، ڕەنگە لەمەدا جیۆسیاسی و جیۆپۆلەتیکی کوردستان فاکتەرێکی سەرەکی بێت بۆ هەموو ئەو ڕووداوانە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەرەیەکی دیکەی پەیوەندار، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر فوئاد حەمە خورشید پسپۆر و شارەزا لە بواری جیۆپۆلەتیك و جیۆسیاسیدا ساز دا.**

*** بەو پێیەی شارەزاییەکی قووڵتان لە بابەتی جیۆپۆلەتیکی ستراتیژییەتی کوردستاندا هەیە و خاوەنی چەند کتێب و لێکۆڵینەوەیەکن، دەکرێت بزانین ئایا تەنیا جیۆپۆلەتیك هۆکارە بۆ ئەو هەموو نەهامەتی و جینۆسایدەی کورد، یان فاکتەری دیکەش هەیە؟**

- من هەوڵ دەدەم زیاتر لەم دیمانەیەدا خۆم لە باسکردنی کوردستانی گەورە بەدوور بگرم، کە لەسەر ڕووبەری زیاتر لە ٥٠٠ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیە و، هەروەکو پرۆفیسۆر سولکی دەڵێت (کوردستان دڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە)، من زیاتر جەخت لەسەر ئەو سەردەمەی جیاکردنەوەی کوردستان بەسەر دەوڵەتانی ناوچەکەدا دەکەم، چونکە ئەو سەردەمە ئێران بەشێکی کوردستانی بردووە و تورکیا و سووریاش بە هەمان شێوە، ئەمە جگە لە بوونی بەرژەوەندییەکی گەورەی وڵاتە زلهێزەکانی جیهان لەم دابەشکردنە، لێرەش ئێمە لە بارودۆخێکی باشدا نین و جگە لە دژایەتیی هەموو ئەو دەوڵەتانە دۆخەکەمان هیچ پەرەی نەسەندووە و لە دۆخێکی زۆر خراپداین، ئێمە خۆمان بەرپرسیارین و یەکگرتوو نین و ململانێیەکی دژوارو ئاڵۆزی نێوخۆییمان هەیە، خۆ ئەگەر یەك بووینایە دۆزە ڕەواکەمان زۆر پەرەی دەسەند. زۆرجار دۆزی کورد و خراپیی بارودۆخەکەی بۆ نەبوونی کەناری دەریایی دەگەڕێننەوە، لەکاتێکدا زۆر وڵاتی وەکو سویسرا و نەمسا و هەنگاریا و کازاخستان و ئۆزبەکستان و تاجیکاستان و تورکمانستان و، دەیان وڵاتی دیکە هەیە و نەکەوتوونەتە سەر کەناری دەریا، کەچی خاوەنی دەوڵەت و پەرەپێدانی خۆیانن و زۆر لەپێش ئێمەوەن، ئەوەی کوردی پارچە پارچە کردووە لە کۆنگرەی لۆزان و سایکس پیکۆوە پارچە پارچە بووین، ئێ خۆ ئەگەر دەوڵەتێك خاکەکەی داگیر کردبین دەتوانین کۆنترۆڵی بکەین و دژایەتیی بکەین، بەڵام بۆ چوار نەتەوە و دەوڵەتی جیاواز ئەم ململانێ و کێبرکێیە زۆر زەحمەتە.

گرفتەکە لەوەدایە بەرژەوەندییەکانی وڵاتە زلهێزەکانی جیهان کە ڕۆڵیان لە ئەنجومەنی ئاسایش و بڕیارە قورسەکاندا هەیە، لەگەڵ کورددا کەمترە، لەچاو ئەوەی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا بەرژەوەندیی جۆراوجۆرو فراوانیان هەیە، بۆ نموونە هەرچی ئەو سامانە نەوت و گازەی هەشمانە زیاتر لە عێراقدا هەیە، هەر ئەو کاتە لەبەر ئەو نەوتە بوو ئینگلیزەکان ویلایەتی موسڵ، کە هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە لکاندیان بە هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسراوە و دەستبەرداری شێخ مەحمودی حەفید (مەلیکی کوردستان) بوون، ئیتر لەو کاتەوە ئەم دەوڵەتە لەبری ئەوەی پارێزگاری لە مافەکانمان بکات، کەچی دژایەتی کورد دەکات. ئەو سەردەمە ویلایەتی موسڵ دەوڵەمەند بوو بە سامانی نەوت و گاز و کشتوکاڵی و ئاوەوە و بۆ دەوڵەتی عێراق پێویست بوو.

*** بەڵام ئەو زوڵمەی مێژوو خۆ نابێت هەر بەردەوام بێت، خۆ دەبێت کورد لەم قۆناغە هەستیارەدا زیاتر مامەڵەیەکی عەقڵانی بکات و دەربازی ببێت**

**ئێمە خۆمان بەرپرسیارین و یەکگرتوو نین و ململانێیەکی دژوارو ئاڵۆزی نێوخۆییمان هەیە، خۆ ئەگەر یەک بووینایە دۆزە ڕەواکەمان زۆر پەرەی دەسەند**

**ئەگەر دەوڵەتێک خاکەکەی داگیر کردبین دەتوانین کۆنترۆڵی بکەین و دژایەتیی بکەین، بەڵام بۆ چوار نەتەوە و دەوڵەتی جیاواز ئەم ململانێ و کێبرکێیە زۆر زەحمەتە**

**بەرژەوەندییەکانی وڵاتە زلهێزەکانی جیهان کە ڕۆڵیان لە ئەنجومەنی ئاسایش و بڕیارە قورسەکاندا هەیە، لەگەڵ کورددا کەمترە، لەچاو ئەوەی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا بەرژەوەندیی جۆراوجۆرو فراوانیان هەیە**

**ئەگەر کورد ئاوڕێک لە خۆی و پێگە لاوازەکەی نەداتەوە، ئەوا دۆخەکەمان هەروا بە خراپی تا ١٠٠ ساڵی دیکەش بەم شێوەیە دەمێنێتەوە**

**لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ڕێککەوتننامەی سیڤەر کوردستانیان دروست کرد و پێیان گوتین کێ دەبێتە سەرۆک، کەچی پێنج کەس خۆی پێشکەش کردو گوتی هەر خۆم بکەنە سەرۆک ئەوانیش گوتیان با لەگەڵ تورکەکان ڕێک بکەوین**

**سەرەتا کورد لە تورکیا کۆمەڵکوژ و جینۆساید کرا، دواتر سەدام حوسێن لێرە دەستی بە پرۆسەی ئەنفال و قڕکردنی کورد کرد، ئەم قڕکردنە پێشتریش لەسەر دەستی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق هەر هەبووە**

**لە زوڵمی مێژوو و سوود لە جیوپۆلەتیکی خۆی وەرگرێت؟**

- مێژوو بەزەیی بە میللەتێکدا نایەتەوە کە ناکۆك و ناتەبا بێت لە نێو خۆیدا، ئەگەر کورد ئاوڕێك لە خۆی و پێگە لاوازەکەی نەداتەوە، ئەوا دۆخەکەمان هەروا بە خراپی تا ١٠٠ ساڵی دیکەش بەم شێوەیە دەمێنێتەوە، بەداخەوە کورد حزبایەتی فەوتاندوویەتی و ستراتیژییەتی حزبەکان نەتەوەیی نین، ئەوان هەر خەمخۆری حزبەکەی خۆیان و گیرفان و بەرژەوەندییەکانی خۆیان و تێکشکاندنی حزبە کوردستانییەکەی بەرانبەریانن، هەشیانە هەر بڕوای بە بیری نەتەوەیی نییە و خاوەنی ئایدیۆلۆژیای وەهان کە دژی نەتەوەکەی خۆیان کار دەکەن، خۆ دەوڵەتی عوسمانی کە ٦٠٠ ساڵ حوکمڕانیی ناوچەیەکی گەورەی کرد، ئەتاتورکێکی لێ دەرچوو هەموو میللەتی تورك لەگەڵیدا بوون، لە کاتێکدا ئێمە لە دەوروی سەرکردەیەك کۆنەبووینەتەوە، هەر وەکو زەمانی زوو هەر کەسێك دەڵێت من پاشا و ئاغام و لەسەر هەقم، لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ڕێککەوتننامەی سیڤەر کوردستانیان دروست کرد و پێیان گوتین کێ دەبێتە سەرۆك، کەچی پێنج کەس خۆی پێشکەش کرد و، گوتی هەر خۆم بکەنە سەرۆك ( ژەنەراڵ شەریف پاشا و شێخ مەحمودی حەفید و شێخ عەبدولقادر و سمکۆ و تەها کوڕەزای شێخ عوبەیدوڵڵا) هەموویان گوتیان ئێمە سەرۆکین و ئێمە بکەنە سەرۆك، ئەوانیش گوتیان با لەگەڵ تورکەکان ڕێك بکەوین و ڕێککەوتننامەی لۆزان بکەین و ئەم میللەتە (مەبەستیان کورد بوو) پێویستی بەدەوڵەت نییە، ئەمانە لە هۆز و عەشیرەت دەربازیان نەبووە و وەلاو خۆشەویستییان تەنیا بۆ هۆزەکەی خۆیان هەیە، هەر بۆیە ئێمەیان بە گەورە وڵاتانی ناوچەکەدا لکاند .

*** بەڵام خۆ ئەم لکاندنە و بەستنەوەی کوردستان بە چوار وڵاتی ناوچەکەوە بە ڕێککەوتنێك هاتووە و حەتمەن لەو ڕێککەوتنەشدا باس لە مافە سەرەتاییەکانی نەتەوەی کورد کراوە، کە دەبێت لە ڕێگەی ئەو وڵاتانەوە پارێزگاری لێ بکەن، ئەی لەم ڕوانگەیەوە چی؟**

- بەڵێ لە ڕێککەوتنامەی لۆزان کە کەمال ئەتاتورك واژووی کرد، گوتیان هەرچی پێکهاتە و کەمینەکان هەیە مافی خۆیان هەیە، کەچی دواتر ئەتاتورك دەستی کرد بە تەرحیل و کوشتنی کورد و هەرچی کوردە لە کوردستاندا ڕاپێچی زۆرە ملێی بۆ ئەستەنبووڵ و ئەزمیر کرد، ئەو سەردەمەش دەستوور و ڕێککەوتنەکان کەس جێبەجێی نەکردوون، ڕیزبەندی بۆ دەوڵەت بووە کە خاوەن سیادەیە و دەوڵەتانی دیکە بەرژەوەندییان لەگەڵیدا هەیە و نەتەوە ژێر دەستەکانیان پەراوێز خستووە، خۆ لە دوای ڕێککەوتننامەی لۆزان بە دەیان هەزار کورد کوژران، تەنیا لەبەر ئەوەی داوای مافی خۆیان کرد، ئێ خۆ شۆڕشەکانی عوبەیدوڵڵا و شێخ سەعید و شێخ ڕەزا و شۆڕشی ئارارات هەمووی بە زەبری هێز و کوشتار تەفروتونایان کردوون، کەسیش خۆی نەکردە خاوەنی ئەو کەیسە گەورانەی جینۆساید و، نەیانگوت ئەوە چی دەکەن، گەنجەکانی ئێستا کەمێك شارەزاییان لەو مێژووە هەیە کە سەرەتا کورد لە تورکیا کۆمەڵکوژ و جینۆساید کرا، دواتر سەدام حوسێن لێرە دەستی بە پرۆسەی ئەنفال و قڕکردنی کورد کرد، ئەم قڕکردنە پێشتریش لەسەر دەستی ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق هەر هەبووە، بەڵام لە سەردەمی حزبی بەعسدا بە ئەنفالکردنی کورد و کیمیاباران و بێسەروشوێنکردنی گەنجەکان و لەناوبردنی زیاتر لە ٤٥٠٠ گوند و جینۆسایدی کوردانی فەیلی و سەدان تاوانی گەورەی دیکە لە بەرچاو و بە بێدەنگیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەنجام درا. ئەو نەتەوانەی کە کوردیان لەسەر دابەش بووە، بەتایبەتی لە عێراقدا، لە زەمەنی مەلیکییەوە تاکو ئێستا هەر بەشمەینەتی و قوربانی بووە و عەقڵییەتی دژایەتیکردنی کورد لە عێراقدا وەکو میراتی لێهاتووە، نەوە لە دوای نەوە و ڕژێم لە دوای ڕژێم بۆی ماوەتەوە و بۆ کوردانی پارچەکانی دیکەش هەروا بووە، ئەوەتا کوردەکانی تورکیا مەزلومن و ئەوانەی ئێرانیش ڕاستە لە ئێمە کەمتر چەوساوەن، بەڵام پێشتریش کە کۆماری مەهابادیان بە خوێن و شەڕ لە ناوبرد، تاکو ئێستا لەگەڵیدا بێت هەر چەوساوەن، لە کوردستانی باکوور گەنجێك جلوبەرگی کوردی لەبەردا بێت ئەگەر شۆڤێنی و توندڕەوی تورك بیبینن بەرچەقۆی دەدەن، لە ئێرانیش لە ڕووی خوێندنەوە زوڵمیان لێ کراوە و بە زمانی فارسی دەخوێنن و چەوسانەوەیەکی ئابوورییشیان لەسەرە.

*** بەو پێیەی پسپۆڕایەتیت لە کۆلێژی ئاداب لە زمانی کوردیدا هەبوو، پرسیارمان لێرەدا ئەوەیە، بۆچی نەتوانراوە زمانێکی ستاندارد دروست بکەین، کە بۆ دۆزە ڕەواکەی کورد و نزیکبوونەوەی هەموو ناوچەکانی کوردستان لەیەکتر زۆر گرنگ بوو؟**

- ئەمە پرسیارێکی گرنگە و ڕەنگە زۆر لە سیاسییەکان و شرۆڤەکارەکانی دۆزی ڕەوای کورد بە سانا و ساکاری تێی بگەن، لە کاتێکدا ئێستاشی

لەگەڵدا بێت زمان شوناسی نەتەوەیە و نەیارانی کورد زۆر کاری لەسەر دەکەن، ڕەنگە لەمەدا کێشەکە بۆ کورد بگەڕێنمەوە، چونکە زیاتر لە ٣٠ ساڵە حوکمڕانی دەکەین و خاوەنی چەندین کابینەی وەزاری بووین و بە دەیان زانکۆی حکومی و ئەهلیمان هەیە، خۆ دەبووایە حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو زانکۆیانە تەبەنیی زمانی ستاندار بکەن و سۆز و ویستی هەموو زاراوە زمانەکان لەخۆ بگرێت و، لە پرۆگرامەکانی بنەڕەتیی پەروەردەوە دەست پێ بکرێت و زمانێکی ستاندارد هەبێت کەشێوەی سەرجەم زاراوەکان لەخۆ بگرێت.

*** لە ئێستادا لە هەندەران، بەتایبەتی لە کیشوەرەکانی ئەوروپا و ئەمریکا ڕێژەیەکی زۆر کورد هەیە، ئایا نەدەکرا ئەم جالییە کوردییە لۆبییەکی بەهێزی نەتەوەیی لێ دروست بکرێت و بۆ مەسەلە نەتەوەییەکە سوودی لێ وەربگرین؟**

- کێشە و ناکۆکیی نێوان پارچەکانی کوردستان و تەنانەت بادینی و سۆرانی و هۆز و خێڵەکان، کوردی پارچە پارچە کردووە و ڕۆحی یەکگرتوویی و تەبایی تێدا نەهێشتوون، من دوای چاپکردنی ١٣ کتێب و ئەو هەموو خوێندن و لێکۆڵینەوانە گەیشتوومەتە قەناعەتێك کەوا: کورد نەگەیشتووەتە قۆناغی نەتەوە و لە قۆناغی خۆشەویستی و وەلائی بۆ ناوچەگەرێتی و شارچێتی و هۆز ڕزگاری نەبووە، و حزبایەتییەکەشی هاتووەتە سەر، بەتایبەتی ئەو حزبانەی ئایدیۆلۆژیای دوور لە مۆرکی نەتەوەییان هەیە.

*** لەم چەند ساڵەی دواییدا حزبە ئیسلامییە سیاسییەکان و بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامیی سیاسی لە هەرێمی کوردستان پەرەی سەند، ئایا ئەمە تا چ ڕادەیەك زیانی بە هزری نەتەوەیی گەیاند؟**

- بە بۆچوونی من هەر ئایدیۆلۆژیایەك مۆرکی نەتەوەیی تێدا نەبێت، دوورمان دەخاتەوە لە هزری نەتەوەیی و زیانی گەورە بە پرۆسەی بونیاتنانەوەی نەتەوە دەگەیەنێت، من پێم باشە لە پەروەردە و خوێندنەوە دەست پێ بکەین، دەزانیت مامۆستای زانکۆ هەیە کە خاوەنی چەندین پسپۆڕایەتییە، کەچی هیچ لەبارەی مێژووی نەتەوەکەی خۆیەوە نازانێت، ئەم حزبایەتییە ئێمەی زیاتر پارچە پارچە کردووە، لە ئێستادا جگە لە چەپەکان و حزبە ئیسلامییەکان، حزبە کوردستانییەکانی دیکە ئاراستەی نەتەوەییان هەیە، کەچی وەکو دوژمن سەیری یەکتر دەکەن، لەولاشەوە پەکەکە دژی ئاڵا و هەموو سیمبولەکانی نەتەوەیی ئەم پارچەیەی کوردستانە و، باوەڕی بە هەرێمی کوردستان نییە و لە شنگال لەگەڵ نەیارانی کورد دەستیان تێکەڵ کردووە.

*** شاری سلێمانی لە کۆنەوە بە شاری قوربانی و هزری نەتەوایەتی ناوبانگی دەرکردووە و خاوەنی چەندین حزبی نەتەوەییش بووە، کەچی وا هەست دەکرێت لەم ساڵانەی دواییدا ئەم ئاراستە نەتەوەییە کاڵ بووەتەوە، ئایا ئەمە هۆکاری چییە؟**

- سەرەتا هزری نەتەوەیی زۆر پیرۆزتر و گەورەتر و دەوڵەمەندترە لە ئایدیۆلۆژیای تەسکی حزبایەتی و بەرژەوەندیی حزبەکان، گرفتی سلێمانییش لەوەدایە زۆر شارچێتی تێدا کراوە و بڕوای بە خۆی نەبێت بەکەسی دیکەی نییە، لەم ساڵانەی دواییدا هەوڵی ئەوەش دەدەن سلێمانی بکەنە هەرێم، لە کاتێکدا ئەمە لە ڕووی دەستووری و یاسایی و تەنانەت ئاراستەی گەورە وڵاتانیشەوە ڕەت دەکرێتەوە و، بەپێی دەستوور و یاسا مومکین نییە جێبەجێ بکرێت، شارچێتی و جیاکردنەوەی پارێزگاکان ئاراستەیەکی هەڵەیە و دژی هزر و بیروباوەڕی نەتەوەییە، هەرچی عێراقیشە هەموو دانوستان و ڕێککەوتنەکانی لەگەڵ کورد بە مانۆڕی فرتوفێڵ دەکات و کوردیش لە بواری دانوستاندن و گفتوگۆدا غەشیمە و تێناگات و خۆشباوەڕیی پێوە دیارە، بۆیە لە هەموو زەمەن و قۆناغێکدا دوای بەڵێن و قسەی باق و بریق کەوتووین، لە کاتێکدا عێراق لاواز بووە دانوستان و کۆبوونەوەیان لەگەڵ کردووین و بە بەرژەوەندیی ماددی فێڵیان لێ کردووین، کاتێکیش بەهێز بوویێتەوە لێیان داوین. هەر بە فرتوفێڵ و بەسوود وەرگرتن لە ناکۆکیی نێوماڵی کورد هەرێمیان پارچە کردووە، ئێران لێرە لە سلێمانی هێز و موخابەرات و دەسەڵات و پەیوەندیی لەگەڵ یەکێتی هەیە و یەکێتیش لەگەڵ لایەنەکانی ناو ئیتاری شیعە، لەوێش لەگەڵ لایەن و دەوڵەتێکی دیکە و بۆچوونێکی جیاواز، لەکاتێکدا دەبووایە لەگەڵ حکومەت هەرێمی کوردستان و ئاراستەکەی بوونایە، چونکە یەکێتی نیوەی حکومەتەکەی بەدەستەوەیە، ناکرێت بە فعلی دوو حکومەت هەبێت، ئێمە پێش ئەوەی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی دەربچێت زۆر بە لاوازی و خۆشباوەڕی نەوت و غازمان تەسلیمی بەغدا کرد، خۆ ئەگەر فشارەکانی ئەمریکا نەبووایە هەرگیز حکومەتی فیدراڵ مووچەی مووچەخۆرانی نەدەنارد، ئەمریکا و وڵاتە زلهێزەکان ڕەچاوی یاسای نێودەوڵەتی و سیادە دەکەن، بۆیە دەبێت ئێمە ڕوو بکەینەوە عێراق بەو مەرجەی یەکێتی و پارتی یەك بن و تەمسیلی هەموو میللەت لە بەغدا بکەن.

**عەقڵییەتی دژایەتیکردنی کورد لە عێراقدا وەکو میراتی لێ هاتووە، نەوە لە دوای نەوە و ڕژێم لە دوای ڕژێم بۆی ماوەتەوە و بۆ کوردانی پارچەکانی دیکەش هەروا بووە**

**لە کوردستانی باکوور گەنجێك جلوبەرگی کوردی لەبەردا بێت ئەگەر شۆڤێنی و توندڕەوی تورك ببینن بەرچەقۆی دەدەن**

**هەر ئایدیۆلۆژیایەک مۆرکی نەتەوەیی تێدا نەبێت، دوورمان دەخاتەوە لە هزری نەتەوەیی و زیانی گەورە بە پرۆسەی بونیاتنانەوەی نەتەوە دەگەیەنێت**

**مامۆستای زانکۆ هەیە کە خاوەنی چەندین پسپۆڕایەتییە، کەچی هیچ لەبارەی مێژووی نەتەوەکەی خۆیەوە نازانێت، ئەم حزبایەتییە ئێمەی زیاتر پارچە پارچە کردووە**



بیرمەندی گەورەی عەرەب عەبدولحسێن شەعبان بۆ گوڵان:

# کێشەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا زۆر لە سنووری دادگای فیدراڵ دوورتر و گەورەتره و تا ئەمڕۆ بیرۆکەی سیستمی فیدراڵی نەچەسپیوە

## لە عێراقدا یاسا بە سیاسی کراوە و گوشار لەسەر دادگا بە ئاشکرا هەستی پێ دەکرێت

سەردانەکەی سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ ئەمریکا و کۆبوونەوەی لەگەڵ بایدن و گەورە بەرپرسان، هەروەها شەڕی هەڵگیرساوی نێوان ئیسرائیل و حەماس، هاوکات هێرشی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل، لەلایەکی دیکەوە هەڵسوکەوتی دادگای فیدراڵی دژی هەرێمی کوردستان کە جێگەی هەموو دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی عێراقی گرتووەتەوە، جگە لەو ستەمەی کە کورد وشیعە لەسەر دەستی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق ڕووبەڕووی بوونەتەوە، ئەمانە هەموویان تەوەرگەلی ئەم دیمانەیەی گۆڤاری گوڵان بوون لەگەڵ بیرمەندی ناسراوی عەرەب دکتۆر عەبدولحسێن شەعبان.

**کورد لەسەر دەستی ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق ڕووبەڕووی ستەمێکی زۆر بووەتەوە، بەتایبەتیش لەلایەن ڕژێمی پێشووەوە**

**پێویستە هەر دوو حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی تەواویان بەسەر خاکی دەوڵەت و هەرێم دا هەبێت و حوکمی یاسا پەیڕە و بکەن، کە حوکمڕان و حوکمکراو گوێڕایەڵی بن**

*** خەریکە شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماس دەبێتە شەڕێکی سەرتاسەری لە ناوچەکە و، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تا دێت ناوچەکە بەرەو ئاڵۆزی و خراپتر دەچێت، ئایا بەڕێزتان وەك بیرمەندێك کە لە ناو ئەو شەڕ و ئاڵۆزییەدان، چۆن ئەم بارودۆخە ئاڵۆزکاو و شپرزەیە دەخوێننەوە؟**

- ئەو شەڕەی ئیسرائیل دوای پرۆسەی تۆفانی ئەقسا لە ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ دەستی پێکرد، شەڕێکی کۆمەڵکوژیی سەرتاسەرییە دژی گەلی عەرەبی فەلەستین، نەك تەنیا لە غەززە، بەڵکو لە بەرەی ڕۆژئاوا، شەڕێکە دژی فەلەستینییەکانە لە هەموو شوێنێك، تەلئەبیب سووریا و لوبنانیشی کردوونەتە ئامانج، ئیسرائیل جیاوازیی نەکردووە لە نێوان بەرگریکاران و هاووڵاتیانی سڤیلدا، تاکو هەموو دانیشتوان بێ ئاو و خۆراك و دەرمان و پێداویستییەکانی ژیان ببن، دەست لە کوشتنی منداڵ و ژن و پیر و گەنج ناپارێزێت، بێبەزەییانە و لەبەر چاوی هەموو جیهان دەستی داوەتە کوشتنی ئەو خەڵکە، نەخۆشخانەکان بۆردومان دەکات و پزیشك و کارمەندانی تەندروستی و ڕۆژنامەنووسانیش دەکوژێت.

تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت بنیامین نەتانیاهۆی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل گرەو لەسەر بەردەوامیی شەڕ و فراوانکردنی دەکات، دیارە ئامانجی ئەویش درێژکردنەوەی شەڕەکەیە، چونکە دەزانێت ئەگەر ئەو شەڕە بوەستێت، ئەوا لەبەر گەندەڵی دەدرێتە دادگا و دادگایی دەکرێت.

نەتانیاهۆ پێی وایە ئیسرائیل داکۆکی لە خۆی دەکات، نازانێت هەموو جیهان ئاگادارە کە ئیسرائیل لەوەتەی ساڵی ١٩٦٧ـە وە ئەو بەشەی فەلەستینیش کە ماوە دەستی بەسەردا گرتووە، لەوانە بەشی ڕۆژهەڵاتی قودسی پیرۆز و بەشێك لە خاکی سووریا (جۆلان) و لوبنان(کێڵگەکانی شەبعا) و ئوردن، بە پێچەوانەی بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی، بەتایبەتی بڕیاری ژمارە(١٨١)ی ساڵی ١٩٤٧ کە بە بڕیاری دابەشکردن ناسراوە، هەروەها بڕیاری(١٩٤)ی ساڵی ١٩٤٨.

دادگای دادی نێودەوڵەتی پرۆتستۆی ئیسرائیلی کرد لەسەر ئەوەی کە شەڕی جینۆسایدی بەرپا کردووە، تەنانەت هەموو جیهان چاو بە هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر ئەو وڵاتەدا دەخشێننەوە، سەرەڕای ئەوەیشی کە ویلایەتە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا پشتگیریی دەکەن، تەنانەت چارەسەری (دوودەوڵەتی) خراوەتە بەر باس، تا کار گەیشتە ئەوەی هەندێك لە جووەکانی جیهان، بەتایبەتی لاوان، بەو چاوە سەیری هەڵسوکەوتی ئیسرائیل لە هەمبەر فەلەستینییەکان دەکەن لەسەر ئەو تاوانانەی دەرحەقیان دەکات، بەوەی کە نزیکە لە هۆلۆکۆست کە کاتی خۆی جووەکان لەسەر دەستی ئەڵمانیای نازیزم لە ئەوروپا ڕووبەڕووی بوونەوە.

***عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە بووەتە بەشێك لەم شەڕ و ئاڵۆزییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی کە کۆمەڵێك گرووپی چەکداریی لەیاسادەرچوو هێرش دەکەنە سەر هەرێمی کوردستان؟ چۆن حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق دەتوانن کارێك بکەن کە لەم شەڕە کاولکارییە نەگلێن؟**

- بەردەوام هەبوونی چەکی بێ مۆڵەت و بێ یاسا بەدەستی گرووپە چەکدارەکانەوە، چ گرووپی سیاسی یان ئایینی یان تایفەگەری یان عەشیرەتگەری بن، زیانێکی زۆر بە ناوبانگی دەوڵەتی عێراق دەگەیەنێت، کاتێ باسی دەوڵەتیش دەکەین، ئەوا پێویستە دەسەڵات، لە سەرووی مەرجەعە ئایینی و حزبی و سیاسی و تایفەگەرییەکانەوە هەژموونی هەبێت، کاتێکیش حوکمی یاسا نامێنێت دەسەڵاتی دەوڵەت لاواز دەبێت، چەکی بێ مۆڵەت بڵاودەبێتەوە، هەندێ گرووپ خۆیان بەو چەکانە بەهێزدەکەن، جگە لەوەی کە زۆربەیان دەسەڵاتی خۆیان دەسەپێنن لەبەر نەبوونی لێپرسینەوەی یاسایی.

پێویستە هەر دوو حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی تەواویان بەسەر خاکی دەوڵەت و هەرێم دا هەبێت، حوکمی یاسا پەیڕە و بکەن، کە حوکمڕان و حوکمکراو گوێڕایەڵی بن، هەروەك (مۆنتسکیۆ) دەڵێت: یاسا وەك مردن وایە کەس لێی دەرباز نابێت.

*** لەو کاتەدا سەرۆك وەزیرانی عێراق سەردانی واشنتۆنی کردووە و عێراقییەکان بە ئومێدن کە ئەم سەردانە ئاکامێکی باشی هەبێت و، پەیوەندییەکی باشتر لەگەڵ ئەمریکا دروست**

**بکرێت، بەڵام ئێستا بارودۆخی ناوچەکە زیاتر ئاڵۆز بووە، بەتایبەتی کە ئێران هێرشی کردە سەر ئیسرائیل، ئایا تاچەند ئەم بارودۆخە هەڵکشاوە کاریگەریی لەسەر ئەو سەردانە دەبێت و، بەڕای ئێوە ئاکامی ئەم سەردانە چۆن دەبێت؟**

- ڕاستە کاتی سەردانەکە لە هەلومەرجێکی هەستیار و گرنگدایە، ئێران وەڵامی ئیسرائیلی داوەتەوە، کە پێشتر کونسوڵخانەی ئێرانی لە دیمەشق بۆردومان کردبوو، ئەمەش ڕەوشەکەی زیاتر ئاڵۆز کرد، ئەوەی عێراقییەکان ئومێدی بۆ دەخوازن، تەنیا ئاسایش و سەقامگیری و ڕزگاربوونە لە جەنگ ئەو پشك پشکێنە تایفەگەری و ئێتنییەکان، هەروەها قەڵاچۆکردنی گەندەڵی و لێپرسینەوە لە گەندەڵکاران لە بەردەم دادگا و گەڕاندنەوەی سامانی دەوڵەت، عێراقییەکان داوای ژیانێکی ئاسوودە و ساغڵەم دەکەن، کە تێیدا ڕێز لە هەموو نەتەوە و ئایین و زمانێك بگیرێت، هەروەها ماف و ناسنامە و سەروماڵیان پارێزراو بێت.

عێراق پێویستی بە گەشەپێدانێکی بەردەوام هەیە لە هەموو کایەکاندا، کە بناغەی ژێرخانێکی پتەوە، لەگەڵ نۆژەنکردنەوە و تازەبوونەوەدا، پێویستی بە دابەشکردنێکی دادپەروەرانەی سامان و گەڕاندنەوەی سەروەریی تەواوە، بەتایبەتیش داهات و سەرچاوە داراییەکانی، ئەمەش دەخوازێت سەقامگیری و هاریکاری و ئاشتییەکی کۆمەڵایەتی بێتە ئاراوە، بەتایبەتی کە ئەم وڵاتە گیری خواردووە بە دەست چەندین شەڕوشۆڕ و ناکۆکیی چەکداری و گەمارۆی ستەمکارانەی نێودەوڵەتییەوە، هەروەها پێویستی بە پەیوەندییەکی هاوسەنگ هەیە لەگەڵ هەموو دەوڵەتانی جیهاندا، لەوانەش دەوڵەتانی ئیقلیمی و دەوڵەتە مەزنەکان، نەخاسمە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەمەش پێویستی بە هەبوونی یەکێتیی ئیرادە هەیە، چونکە بنەمای یەکێتیی کارکردنە، ئەمەش ئێستا نییە و بووەتە هۆی نەبوونی دیدگایەکی ستراتیجی.

پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئەمریکا دوژمنی سەرسەختە یان دۆستێکی ئازیزە؟ بۆ نموونە هەڵوێستەکان لە ئاست ویلایەتە یەکگرتووەکان جیاوازن، هەندێکیان پێیان وایە دوژمنە و دەیانەوێت بە زەبری چەك دەری بکەن، بەتایبەتیش میلیشیا چەکدارەکان، هەندێکی دیکەش بە دۆستی دەزانن کە ناکرێ بۆ یارمەتیدانی عێراق دەستبەرداری بن، بۆیە لە نێوان ئەم دوو هەڵوێستەدا مافەکانی عێراق بەهۆی نەبوونی دیدگایەکی یەکگرتووی هاوبەشەوە ون دەبێت.

پرسیارێکی دیکە: ئایا ئێران دوژمنە یان دۆستێکی بەسۆزە؟ بۆ ئەمەش هەڵوێستەکان جیاوازن، هەندێك بە دوژمنی دەزانن کە بە شێنەیی پەلی کێشاوە بۆ ناو هەموو جومگەکانی دەوڵەت، لە کاتێکدا هەندێك هەن پێیان وایە دۆستێکی بە بەزەیی و بەسۆزە، ئەوانەش هاوبەشن لەگەڵیدا لە دەسەڵات، ئا بەم شێوەیە نەخشەی سیاسیی عێراق لە نێوان دوو ئاراستەی جیاوازدا دابەش بووە، بۆیە گۆڕەپانی عێراق بۆ تەسفییەی حیساب بەکاردێت و عێراقییەکانیش لەم ڕووەوە باجی قورس دەدەن.

سەردانەکەی محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیران بۆ ئەمریکا لە هەلومەرجێکی نەگونجاودا دێت، ئەو پیاوە پرۆژەیەکی باشی پێیە لە ڕووی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوە، بەڵام دۆسیێی پەیوەندییەکانی عێراق- ئەمریکا لە ڕووی سیاسی و ئەمنی و ئابوورییەوە قورس و ئاڵۆزە، ئەوە جگە لە بارودۆخی گشتی، بەتایبەتی پێکدادانی نێوان ئێران و ئیسرائیل و کارەساتی غەززە، سەرباری کێشەکانی دیکەی عەرەب کە کاریگەرییان بۆ سەر عێراق هەیە، لەوانەش مەینەتییەکانی گەلی سووریا و دەستتێوەردانی دەرەکی لە کاروباری ئەو وڵاتە، ئەمە جگە لە بەردەوام پێشێلکردنی سەروەرییەکەی لەلایەن ئیسرائیلەوە.

من پێوایە وەهمێك نییە کە لە ئایندەدا هەموو شتەکان وەك خۆیان بمێننەوە، مژاری بنکە سەربازییەکان و مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا یان گەڕاندنەوەی سامانی عێراق و کێشەی دۆلار، یان مەشق و ڕاهێنان و پڕچەککردن، جگە لە زۆر بابەتی دیکەی ئاڵۆز، کە پێویستییان بە هەلومەرجێکی دیکە هەیە.

*** ئێستا لە عێراقدا دادگای فیدراڵی جێگەی هەموو دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی عێراقی گرتووەتەوە، ئەم دەسەڵاتەشی بە ئاشکرا بە شێوەیەکی سیاسییانە دژی هەرێمی کوردستان**

**هەڵوێستەکان لە ئاست ویلایەتە یەکگرتووەکان جیاوازن، هەندێکیان پێیان وایە دوژمنە و دەیانەوێت بە زەبری چەك دەری بکەن، بە هەندێکی دیکەش بە دۆستی دەزانن**

**مەودا و سنوورێکی زۆر هەیە لە نێوان ئێمە و حوکمی یاسادا، بەتایبەتیش لە سایەی ئەو گوشارە سیاسییانەی سەر دادگا کە هەر لایەنێك بۆ خۆی ڕایدەکێشێت**

**بەکار دەهێنێت، هەتا کار گەیشتۆتە ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بایکۆتی هەڵبژاردنی کوردستان بکات و، هەڕەشەی ئەوەش دەکات لە رێککەوتنی ئیدارەی دەوڵەتدا بێتە دەرەوە، ئەم بڕیارانەی دادگای فیدراڵی تاچەند هۆکار دەبێت بۆ تێکدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق؟**

- مەودا و سنوورێکی زۆر هەیە لە نێوان ئێمە و حوکمی یاسادا، بەتایبەتیش لە سایەی ئەو گوشارە سیاسییانەی سەر دادگا، هەر لایەنێك بۆ خۆی ڕایدەکێشێت، لەگەڵ ئەوەشی کە هەموویان دادن بە دادگادا دەنێن و بە گرنگی دەزانن بەپێی دەستوور، بەڵام هەوڵەکان بۆ بێبەهاکردنی یاسا و دادگا بەردەوامن، بۆیە دەبینین کە دادگا دوو ڕای جیاواز لەسەر یەك دۆسیێ دەدات، ئەویش مەسەلەی (کوتلەی گەورە)یە، بەڵێ ئا بەم شێوەیەیە.

کێشەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا زۆر لە سنووری دادگای فیدراڵ دوورتر و گەورەترە، تا ئەمڕۆ بیرۆکەی سیستمی فیدراڵی نەچەسپیوە، هێزە سیاسییەکان پاڵپشتییان نەکردووە، هەروەها ئەنجومەنی فیدراڵی کە دەستوور بە دەق بڕیاری لێ داوە، دانەمەزراوە، وێڕای ئەمەش زۆر مین لە نێو خودی دەستوورەکەدا هەن، زۆر دۆسێش بە هەڵواسراوی ماونەتەوە، لەوانە بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتی کوردستان، بەتایبەتی لەگەڵ نەبوونی یاسایەکی یەکگرتووی نەوت، هەروەها کێشەی مووچە کە ماوەیەك دێت و ماوەیەك دەوەستێت، ناکۆکییش بەردەوامە لەبارەی بوودجەی گشتی و پشکی هەرێمی کوردستان و ناوچە کێشەلەسەرەکان، بەتایبەتیش پرسی کەرکووك و دەروازە سنوورییەکان.

دیالۆگی نێوان هێزە سیاسییەکان لەگەڵ ڕەچاوکردنی دەستوور یان هەمووارکردنەوەی، ئەمانە فاکتەری یارمەتیدەرن بۆ چارەسەرکردنی هەڵوێستی جیاواز بۆ دانانی ڕێککەوتننامەیەکی سەرتاسەری و پڕ وردەکاری، تاکو ژیانی هاووڵاتیانی هەرێم نەکەوێتە ژێر هەڕەشە، کە هەندێ جار لەبەر ڕەوشی سیاسی و زێدەڕۆیی حزبی، زیانی پێ دەگات. بۆیە دەکرێ ئەو گفتوگۆیانە بە دەستەجەمعی بکرێت، ئەویش بە بەشداریکردنی سەندیکا و یەکێتی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەڵکو بەم شێوەیە مافە ڕەواکانی گەلی کورد دەستەبەر بکرێن، هەروەها بناغەیەك بچەسپێت بۆ پەیوەندییەکان لەسەر بنەمایەکی دروست و چەسپاو دوای ڕێککەوتنێك کە پەرلەمان پشگیریی بکات.

*** ئێمە لە هەرێمی کوردستان، لەم مانگەدا یادی کۆمەڵکوژی و جینۆسایدی گەلی کوردستان دەکەینەوە، بەڕێزتان ئاگادارن لەسەر دەستی ڕژێمی پێشووی بەعس کورد چۆن جینۆساید کرا، هەروەها لە ساڵی ٢٠١٤ چۆن ئێزیدییەکان جینۆساید کران، ئێستا دەسەڵاتدارانی عێراق بە شێوازێکی دیکە شەڕی ئابووری و برسیکردنی خەڵکی کوردستانمان لەگەڵدا دەکەن، ئایا بۆچی ئەقڵییەتی دەسەڵاتدارانی عێراق گۆڕانکاری بەسەردا نایەت و، نایانەوێت گەلی کوردستان وەك خۆی قبووڵ بکەن؟**

- کورد لەسەر دەستی ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق ڕووبەڕووی ستەمێکی زۆر بوونەتەوە، بەتایبەتیش لەلایەن ڕژێمی پێشووەوە، شەڕی جینۆساید و پرۆسەی بەدناوی ئەنفالی دەرحەق ئەنجام درا، بۆیە ئێمەش یادی تاڵی کیمیابارانی هەڵەبجە و ناوچەکانی دیکەی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٨ دەکەینەوە، کە تائێستاش ئاسەواری ماوە، دوای ئەوەی کە داعش دەستی بەسەر شاری مووسڵدا گرت لە ساڵی ٢٠١٤ و، یەك لەسەر سێی خاکی عێراقی داگیرکرد، هەڵمەتێکی دڕندانەی دژ بە ئێزیدییەکان دەست پێکرد، لە هەمان کاتدا کریستیانەکانیش دوای داگیرکاریی عێراق ڕووبەڕووی هەڵمەتگەلی ڕێکخراوی دەمارگیر و تیرۆریستان بوونەوە، کە مەبەست لەمەدا ئەوە بوو عێراق جێبهێڵن، دیسان سابئەی مەندائی و خەڵکی دیکەش بە هەمان شێوە، زۆربەیان ناچار بوون کۆچ بکەن، بەتایبەتیش کە دەوڵەت لە ئاست ئەم تاوانانە لاواز و دەستەوەسان بوو.

هاووڵاتیانی کوردستان دانیشتوانی ڕەسەنن، ئەوان هاووڵاتی پلە دوو نین، بۆیە لەسەر حکومەتی فیدراڵ پێویستە لەسەر ئەم بنەمایە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، بەڵام ناکرێ مووچەی فەرمانبەر و پێشمەرگە و خانەنیشنان و بوودجەی هەرێم بخەنە نێو ململانێ و کێشمەکێشی سیاسییەوە، چونکە ئەمە سەرپێچییە و یەکێتیی

**ناکرێ مووچەی فەرمانبەر و پێشمەرگە و خانەنیشنان و بوودجەی هەرێم بخەنە نێو ململانێ و کێشمەکێشی سیاسییەوە، چونکە ئەمە ئاییندەی پەیوەندییەکانی نێوان عەرەب و کورد ڕووبەڕووی مەترسی دەکاتەوە**

**هەندێ بەرپرس کە کاتی خۆی پەنابەر بوون و لە بارودۆخێکی سەختتدا دەژیان، ئێستا لاسایی ستەمکاران دەکەنەوە و خەریکی خۆدەوڵەمەندکردن و گەندەڵیین**

نیشتمانیی وڵات و ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان عەرەب و کورد ڕووبەڕووی مەترسی دەکاتەوە.

دیارە بەندە لەوەتەی زیاتر لە سێ دەیەیە دەستپێشخەریم کردووە بۆ ڕێکخستنی یەکەم دیالۆگی عەرەبی- کوردی، هەروەها بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆی نێوان ڕۆشنبیرانی هەر چوار نەتەوە: تورك و فارس و کورد و عەرەب، بۆ باسکردنی شتە هاوبەشەکان لە چوارچێوەی بانگەوازی خۆم بۆ ویستفالیای ڕۆژهەڵاتی، تاکو سنوورێك بۆ کێشە و ململانێیەکان دابنرێت، ددان بە ماف و ئازادییەکاندا بنرێت، بەتایبەتیش مافی چارەی خۆنووسین، لە چوارچێوەی هاووڵاتیبوونێکی هاوکوفدا، مەبەستم لەو هاووڵاتیبوونە ئازادی و یەکسانی و دادپەروەرییە، نەخاسمە کۆمەڵایەتی و شەراکەت لە نیشتمان و هاوبەشبوون لە دەرکردنی بڕیاردا.

*** کورد و شیعە مێژوویەکی دوور و درێژی چەوسانەوەی هاوبەشیان هەبووە، هەردوولاشیان مەزڵووم بوون و حکومەتە یەك لەدوای یەکانی عێراق چەوسانددوویاننەوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەو فیکرە چییە کە مەزڵووم دەکاتە جەلاد؟**

- گەلی عێراق بە هەموو چین و توێژەکانییەوە ڕووبەڕووی سەرکوتکردن و چەوسانەوە و ستەم بوونەتەوە، بەداخەوە هەندێ لەوانەی بەدەست ڕژێمی پێشووەوە تاڵییان چەشتووە، بە دیدێکی نوێ سوودیان لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئێستا و ئایندە وەرنەگرتووە، دوور لە تۆڵە و دژایەتی، ستەمکارئاسا ڕەفتار دەکەن، دەبینین چۆن هەندێ بەرپرس کە کاتی خۆی پەنابەر بوون و لە بارودۆخێکی سەختتدا دەژیان، ئێستا لاسایی ستەمکاران دەکەنەوە و خەریکی خۆدەوڵەمەندکردن و گەندەڵیین، دیارە ئەمەشیان لەبەر نەبوونی شەفافییەت و سانسۆر و تەشەنەکردنی گەندەڵیی دارایی و کارگێڕییان بۆ چووەتە سەر.

کلتووری ستەم (٣٥) ساڵە ماوەتەوە، تەنانەت خاوەن مافە ڕەواکانیش ئەمڕۆ لە بەردەم سەرۆك وەزیراندا داوای دەستکەوت دەکەن، نەك وەك خاوەن ماف، کەرامەتی خۆیان دەخەنە ژێر پێوە، جا بۆ ئەوەی عێراق لە چوارچێوەی ئەم کلتوورە خراپە ڕزگاری ببێت، پێویستە چاوخشاندنەوەیەکی فیکریی بوێرانە بێنینە ئاراوە، ئەمەش ئەرکی ڕۆشنبیرانە کە خاوەن زانست و زانیاریین.






**دکتۆر مەحموود ئەلداغر**
شارەزاو پسپۆڕی دارایی و ئابووریی عێراقی بۆ گوڵان:

# هێشتا زووە بڕیار لەسەر سەرکەوتنی سەردانەکەی سوودانی بۆ واشنتۆن بدەین، گرنگ ئەوەیە لە ڕووی کردارەوە ڕێککەوتنەکان جێبەجێ بکرێن

# عێراق لە ساڵی ٢٠٠٤ ەوە تاکو ئێستا زیاتر لە یەک تریلیۆن و ٣٠٠ ملیار دۆلاری دەست کەوتووە، بەڵام نەیتوانیوە ئابوورییەکەی بونیات بنێتەوە

**بارودۆخی دارایی و ئابووریی عێراق و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لە بواری دارایی و نەوت و، سەردانەکەی محەمەد شیاع سوودانی بۆ واشنتۆن و کۆبوونەوەی لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتە لە بواری دارایی و نەوت و بانکەکانەوە، لەگەڵ هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی کێشەکانی مووچەی فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێم و بەبانکیکردنی مووچەکان، تەوەرەی سەرەکیی دیداری گۆڤاری گوڵان بوو لەگەڵ دکتۆر مەحمود ئەلداغر شارەزاو پسپۆڕی دارایی و ئابووری و کەسایەتیی ناسراوی کەرتی بانکی لە عێراقدا. لێرەدا پووختەی قسەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** وەکو شارەزا و پسپۆڕێکی دیاری بواری دارایی و ئابووریی عێراق، ئایا بە شێوەیەکی گشتی بارودۆخی دارایی و ئابووریی ئەم وڵاتە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- عێراق وڵاتێکی تاکە سەرچاوەی داهاتە، بەواتایەکی دیکە تەنیا پشت بە فرۆشتنی نەوتەکەی دەبەستێت لە بازاڕە جیهانییەکاندا، بۆیە بارودۆخی عێراق لە ڕووی داراییەوە باشە، لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی، بەرزیی بەهای نەوتی جیهانی کە لە سەرووی ٨٥ دۆلارەوەیە، هاوکات بەرزیی قەبارەی یەدەگی دراوی بیانی لە بانکی ناوەندی بۆ سەرووی ١٤٨ تریلیۆن دینار زیادی کردووە، بەمەش یەدەگی دراوی بیانی تا ڕادەیەکی باش گەشەکردنی بەخۆیەوە بینیوە، کێشەی عێراق لە بارودۆخی ئابوورییەکەیدایە کە ئابووری لەعێراقدا لە بارودۆخێکی باشدا نییە و خراپە، چونکە لە ماوەی ٢٢ ساڵی ڕابردوودا نەتوانراوە ئابووریی عێراق بونیات بنرێتەوە، بەو هەموو بودجە گەورە و داهاتە زۆرەی کە لەو ساڵانەدا دەستمان دەکەوت، بەواتایەکی دیکە عێراق لە ساڵی ٢٠٠٤ ەوە تاکو ئێستا زیاتر لە یەك تریلیۆن و ٣٠٠ ملیار دۆلاری دەست کەوتووە، بەو داهات و بودجە زەبەلاحە نەیتوانیوە ئابوورییەکەی بونیات بنێتەوە.

هەتا ئەمڕۆش پەیکەری ئابووریی عێراق کەموکورتیی گەورەی تێدایە، پەیکەری بەرهەمهێنانی لاوازە و کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و خزمەتگوزاری لە ئاست خواست و پێداویستییەکانی ناوخۆ و گۆڕانکارییەکانی جیهاندا نییە، بەشی زۆری داهاتەکانی بۆ هێنانی کاڵا و کەلوپەلەکان لە دەرەوە دەڕوات، بۆیە

**بەکارهێنانی کارتی ئەلەکترۆنی لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش کۆتایی بە مامەڵەی کاش دەهێنێت**

**لە عێراقدا کێشەی سەرەکی لە دینار و سیاسەتی نەختینەییدا نییە، کێشەکە لە لاوازیی کەرتە ستراتیژییەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و خزمەتگوزاری و گواستنەوەدایە**

**بە پێچەوانەی ئەوەی لە میدیاکان و لەلایەن زۆر لە سیاسەتمەدار و شرۆڤەکارانەوە باس دەکرێت، بابەتی بەئەلەکترۆنیکردنی مووچەکان و کارتی بانکی بە یەکێک لە بابەتە ئاسانەکان دادەنرێت**

هەر زیادەیەك لە سیولەی نەختینەییدا بڕژێتە ناو بازاڕەکانەوە، هەڵاوسانی لێ دەکەوێتەوە و دیناری عێراقیش بەهایەکی ناسەقامگیری هەیە. بەشێوەیەکی گشتی لە عێراقدا کێشەی سەرەکی لە دینار و سیاسەتی نەختینەییدا نییە، کێشەکە لە لاوازیی کەرتە ستراتیژییەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و خزمەتگوزاری و گواستنەوەدایە، کە وڵاتانی دەوروبەریشمان والابوونی سنوورەکانیان قۆستووەتەوە و وڵاتەکەیان نغرۆی کاڵاو شمەکی خۆیان کردووە، بە سوودوەرگرتن لە لاوازیی کەرتی بەرهەمهێنان و والابوونی سنوورەکان ئەم کارەیان بۆچووەتە سەر.

*** تا چ ڕادەیەك هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ ڕۆڵی هەبووە لە چارەسەرکردنی کێشەی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم، بەتایبەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەرمێتیی باشی نواند بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لە ڕێگەی هەردوو دیوانی چاودێریی دارایی ناوەند و دیوانی چاودێریی هەرێمەوە؟**

- مەلەفی دابینکردنی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان نابێت هیچ پەیوەندییەکی بەو کێشە سیاسییانەوە هەبێت کە لە نێوان حکومەتی فیدراڵیی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ڕوو دەدات، هەردوو حکومەتی ناوەند و هەرێم ڕۆڵی باشیان لە چارەسەرکردنی کێشەی مووچەخۆرانی هەرێمدا هەبووە، دوا جار هەر دەبوو ئەم کێشەیە چارەسەر بکرایە، چونکە فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانیش لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵدا بەشێکن لە مووچەخۆرانی عێراق بەگشتی. تەسلیمکردنی نەوت و کێڵگە نەوتییەکان بە حکومەتی فیدراڵ و فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی سۆمۆوە، لەگەڵ گرنگیی دەرکردنی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی (کە من بەردەوام جەختی لەسەر دەکەمەوە) پێویستە ئەم یاسایە بە شێوەیەك دەربچێت کە جێگەی ڕەزامەندیی هەمووان بێت، هەموو ئەم مەسەلانە چارەسەری کێشەکان دەکات، بەڵام بابەتی دەروازە سنوورییەکان هەر دەمێنێت کە باجی گومرگی لە تەواوی دەروازە سنوورییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان هاوتای یەك نییە و ڕێك نەخراوە، لەگەڵ کێشەی چاودێریی دارایی، هەموو ئەم کێشانەش دەکرێت ڕوو لە چارەسەرکردن بکات، بە پێچەوانەوە ئەگەر بێتوو ئەم کێشانە چارەسەری بنەڕەتیی بۆ نەدۆزرێنەوە ڕەنگە جارێکی دیکە لەناو ئەم حکومەتەداو یاخود لە حکومەتێکی دیکەشدا بێت هەموو ئەم کێشانە لە ناو بودجەی داهاتووی عێراقدا سەرهەڵبداتەوە. پێویستە کێشەکان لە بنەڕەتدا چارەسەری ڕیشەییان بۆ بدۆزرێتەوە بە هەموو کێشەکانی نەوت و دەروازە سنوورییەکان و ڕێکخستنەوەی باجی گومرگییەوە، کە لە دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵە، لەگەڵ کۆتاییهاتن بە جیاوازیی بڕی باجەکان و بوونی چاودێرییەکی دارایی بەهێز هەروەکو ئەوەی لە یاسادا هاتووە.

*** تا چ ڕادەیەك بابەتی بەئەلەکترۆنیکردنی مووچەکان کۆتایی بە مامەڵەی کاش دەهێنێت و، ئایا کێشەی کارتی بەبانکیکردنی مووچەکان چارەسەر کراوە، بەتایبەتی کە هەرێمی کوردستان ماوەیەکە دەستی بە پرۆسەی هەژماری من کردووە و ژمارەیەك بانکیش بەشدار بوون لەم پرۆسەیەدا؟**

- بە پێچەوانەی ئەوەی لە میدیاکان و لەلایەن زۆر لە سیاسەتمەدار و شرۆڤەکارانەوە باس دەکرێت، بابەتی بەئەلەکترۆنیکردنی مووچەکان و کارتی بانکی بە یەکێك لە بابەتە ئاسانەکان دادەنرێت، هەرێمی کوردستان چەندین بانکی هەیە و بەڕێوەبردنی گشتیی بانکی و لقی بانکی عێراقیش لەوێ هەیە و دەتوانێت پرۆسەی بەکارهێنانی کارتی ئەلەکترۆنی ئەنجام بدات، وابزانم ئەم کێشەیەی بەکارهێنانی کارتی ئەلەکترۆنی و بابەتی تەوتینی مووچەکان تێپەڕێندراوە و چارەسەر بووە، تەنانەت بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی لەم بوارەدا کارئاسانیی بۆ کردووە، بەشێوەیەکی گشتی وەکو ئەوەی لە عێراقدا ئەنجام دراوە لە کەمکردنەوەی بەکارهێنانی پارەی کاش و ڕووکردنە بەکارهێنانی کارتی ئەلەکترۆنی و بەبانکیکردنی مووچەکان، بە دەستکەوتێکی گرنگ دادەنرێت، چونکە کاریگەریی لەسەر کێشەی چاپکردنی نەختینەیی دینار دەبێت، کە

لە نزیکەی ١٠٠ تریلیۆن دینار نزیک بووەتەوە و بووەتە هۆکاری هەڵاوسانێکی مەترسیدار، بەکارهێنانی کارتی ئەلەکترۆنی لە عێراقدا زیادی کردووە، ئەمەش بەهۆی هەوڵەکانی حکومەتی عێراق و ئومێدەوارم لە هەرێمی کوردستانیش هاووڵاتیان و مووچەخۆران ڕوو لە بەکارهێنانی کارتی ئەلەکترۆنی بکەن، ئەم بەکارهێنانەی کارتی ئەلەکترۆنییە نەک تەنیا بۆ بابەتی مووچە، بەڵکو بۆ مامەڵەکردنی ڕۆژانەی کڕین و فرۆشتنیش هاوشێوەی زۆربەی وڵاتانی دیکەیە کە کۆمەڵگەکانیان لە مامەڵەی کاشەوە بەرەو مامەڵەی کارتی ئەلەکترۆنی بردووە.

*** یەکێک لە ئامانجی سەردانەکەی محەمەد شیاع سوودانی بۆ واشنتۆن، گفتوگۆکردن بوو لەسەر هەندێک بابەتی دارایی و بانکی، تا چ ڕادەیەک دەتوانین بڵێین لە ڕووی دارایی و ئابوورییەوە ئەم سەردانەی سەرۆک وەزیرانی عێراق سەرکەوتوو بووە و دەرئەنجامێکی باشی لێ دەکەوێتەوە؟**

- زۆر زووە تا حوکم لەسەر دەرئەنجامی باشیی گفتوگۆکانی سەرۆک وەزیران و شاندی یاوەری بدەین لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا و بەرپرسانی باڵای پنتاگۆن و بەرپرسانی دیکەی ئەو وڵاتە، ئەم سەردانە لە کاتێکدا بوو مووشەک و درۆنەکانی سوپای ئێران بەسەر ئاسمانی عێراق و ئوردون و سووریا و لوبنانەوە بەرە و نیزامی زایۆنیزم بەڕێ کران، ڕاستە لە ڕووی میدیاوە ئەم سەردانە فۆکسی زۆری لەسەر کرا و بە هەنگاوێکی ئەرێنی دانرا، بەڵام ئەنجامی سەردان و گفتوگۆکان لە بواری دارایی و وەبەرهێنان و کەرتی نەوت و کۆمەڵێک ڕێککەوتنی دیکەی کەرتی تایبەت و جێبەجێکردنی لە ڕووی کردارەوە، زووە بڕیاری لەسەر بدەین، بەتایبەتی عێراق پێشتریش کۆمەڵێک ڕێککەوتنی لەگەڵ گەورە وڵاتانی بیانی کردووە، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع جێبەجێ نەکراوە، ئومێدەوارم ئەم سەردان و گفتوگۆ و ڕێککەوتنانەی سەرۆک وەزیران کە هەوڵێکی زۆری بۆ داوە، لە ڕووی کردارەوە جێبەجێ بکرێت و سوودەکانی بۆ عێراقییەکان دەر بکەوێت.

*** ئاڵۆزی و کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل تا چەند کاریگەریی لەسەر ئابووری و باوردۆخی دارایی عێراق دەبێت، بەتایبەتی لەگەڵ بوونی ئەو میلیشیاتانەی خۆیان بە مقاوەمەی ئیسلامی دادەنێن و ناوبەناو هێرشی درۆنی دەکەنە سەر هەرێم و بەرژەوەندییەکانی هاوپەیمانان؟**

- عێراق دەوڵەتی ڕووبەڕووبوونەوە نییە لەگەڵ ئیسرائیلدا، ئەم وڵاتە لە ڕابردوو ئێستاشدا زۆری پێشکەش بە دۆزی ڕەوای گەلی فەلەستین کردووە، عێراق پێویستی بەوە هەیە باروردۆخە ئابوورییەکەی پەرە پێ بدات و ژێرخانی ئابووری دامەزرێنێت و ڕوو لە کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و چاکسازی



بکات، هەموو ساڵێک تێپەڕ دەبێت بێ ئەوەی عێراق بتوانێت ئابوورییەکی هەمەجۆر پەرەپێ بدات، بەتایبەتی ئەمە لە کەرتە بەرهەمهێنەکاندا زیانێکی گەورەی هەیە بۆ نەوەکانی داهاتوو، ناکرێت وڵاتێکی وا دەوڵەمەند بە سامانی مرۆیی و ئابووری و خاوەنی ئەو هەموو هەناردەیەی نەوت، کەچی لە نێوخۆ و دەرەوەش قەرزار بێت، ڕاستە قەرزارییەکەی گەورە نییە و کێشەیەکی قووڵیش نییە، بەڵام دەبێت قەرزەکانی بداتەوە، هەموو ئەمانەش بە سەقامگیریی بەهای دینار دێتەدی، چونکە ناسەقامگیریی بەهای دینار زیانێکی گەورە لە وەبەرهێنانی عێراق دەدات، کەسیش ئامادە نییە لە وڵاتێکدا وەبەرهێنان بکات کە بەهای پارەکەی ناسەقامگیر بێت.

**هەموو ساڵێک تێپەڕ دەبێت بێ ئەوەی عێراق بتوانێت ئابوورییەکی هەمەجۆر پەرەپێ بدات**

**ناسەقامگیریی بەهای دینار زیانێکی گەورە لە وەبەرهێنانی عێراق دەدات، کەسیش ئامادە نییە لە وڵاتێکدا وەبەرهێنان بکات کە بەهای پارەکەی ناسەقامگیر بێت**

# هەرێم لە نێوان پاڵپشتیی نێودەوڵەتی و هەڕەشەکاندا

ڕێککەوتنی ستراتیژیکی ساڵی ٢٠٠٨ی چوارچێوە و ڕۆشنایی و بەردی بناغەی فرەڕەهەندیی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و عێراقی لە داگیرکارێك بۆ هاوپەیمانێکی و بۆ عێراقیش لە وڵاتێکی داگیرکراوەوە بۆ وڵاتێکی خاوەن سەروەری گۆڕی. تایبەت بە پرسی نێو ماڵی شیعە و هەڵوێستیان بەرامبەر ئەمریکا و بە پێچەوانەوە، ئەوەی لەم سەردانەی سوودانی مەزندە دەکرێت، ئەوەیە لایەنە شیعەکان خواستیان ئەوەیە سوودانی ڕۆڵی هەبێت لە خاوکردنەوەی گرژییەکانی نێوان لایەنەکانی شیعەکان و ئەمریکا، کە پەیوەندیدارە بە چوونی شیعەکان بۆ ژێر باری هەژموونی ئێران، واتە بەرەی دژی ئەمریکا، ئەمریکا پێداگرە لەسەر ئەوەی کۆتایی بە ئاوێتەکردنی مودێلی پاراڵێل و هاوتەریبیی ئێران بۆ هێزەکانی عێراق بهێنریت، کە مەبەست هەڵوەشاندنەوەی کۆی گشتیی هێزەکانی حەشدی شەعبییە. سوودانی بەر لە سەفەری بۆ ئەمریکا لە ڕێگەی نامەیەکەوە کە ئاراستەی حەشدی کرد، ئاماژەی بەوە دا چەك دەبێت تەنیا لەژێر کۆنترۆڵ و دەستی دەوڵەتدا بێت، واتە ئەمە سەردانێکە بۆ ملکەچکردنی عێراق و لایەنەکانی شیعە بۆ کۆمەڵێك ڕێککەوتن، لەوانەش کۆتاییهێنان بە هەژموونی فرەڕەهەندیی ئێران و پێداگرییە لەسەر مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق. سەردانی سوودانی ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە عێراقی شیعە پێویستیی بە هێز و بوونی ئەمریکا لە عێراق هەیە.

### • کرۆکی ستراتیژیی ڕێککەوتنەکانی سوودانی

کۆی گشتیی ڕێککەوتن لەسەر سێ پرس پەیوەست و گرنگیدانە بۆ عێراق، یەکەم: کەرتی پیشەسازیی نەوت و وزە و پێشخستنی کۆمپانیا ئەمریکییەکان ئەم ئەرکەیان پێ سپێردراوە، ئامانجی سەرەکی بریتییە لە بوون بە پێشەنگ لە پیشەسازیی نەوت و وزەی



**د. سەردار موسا شەریف**
مامۆستای پەیوەندیی نێودەوڵەتی
بۆ گوڵانی نووسیوە

عێراق، بەتایبەتیش ڕێگریکردن لە بە فیڕۆدانی گازی سرووشتی کە بەشێکی گەورەی پێداویستیی ناوخۆی عێراق دابین دەکات. دووەم: کەرتی ئابووری و دارایی عێراق، ئەوە هەم دیسان کۆمپانیا و بانکەکانی ئەمریکین کە نوێبوونەوەی ژێرخانی بانکی عێراقیان پێ سپێردراوە، بەشێکی گرنگیی ئەم کەرتە پەیوەندیی بە ڕۆڵی بانکی ناوەندیی عێراقەوە هەیە، و ئارمانجی ئەوەیە کە ئەم بانکە وەکو ئەکتەری سەرەکیی کەرتی دارایی عێراق بە یارمەتیی دامەزراوە بانکییەکانی ئەمریکا هەم لە سەر ئاستی ناوخۆ و هەمیش نێودەوڵەتی، متمانەی بۆ بگەڕێندرێتەوە، ئارمانج ئەوەیە عێراق لە ڕووی ئابووری و بانکییەوە بە سیستمی ئابووری و دارایی و بانکی جیهانی و هەرێمایەتییەوە گرێ بدرێت و، بوونی متمانە دەبێتە هۆی کردنەوەی دەرگا بە ڕووی وەبەرهێنەرە بیانییەکاندا کە ڕوو لە عێراق بکەن بۆ وەبەرهێنان و، ئاسانکاری بۆ گواستنەوەی قازانجی خۆیان بۆ دەرەوەی عێراق لە ڕێگەی فەرمییەوە. سێیەم: لەسەر ئاستی لەشکری و بەرگری، ئەمریکا ئەکتەری سەرەکی دەبێت لە ئەرکی ڕاهێنان و پڕچەککردنی هێزەکانی عێراق و پێشمەرگەی هەرێم، لە ڕوانگەی سیاسەتی ئاسایشی ئەمریکا و عێراقەوە گرێبەستی کڕینی (٤١) فڕۆکەی شەڕکەر کە بەشێکیان وەکو دیاری پێشکەش بە عێراق کراون، بێ هوکار و بنەما نین. ئەمانە ئاماژەی ڕوونن کە ئەمریکا لەژێر هیچ گوشارێکدا واز لە عێراق ناهێنێت، ڕاهێنان و پڕچەککردنی هێزەکانی ئەمریکا بۆ ئەوەیە هێزە لەشکرییەکانی عێراق لە خۆی نزیك بکاتەوە، واتە هاوپەیمان بتوانێت ئەم دامەزراوەیە بوونی مەترسی بۆ سەر هاوپەیمانەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووربخاتەوە و نەچێتە ژێر ئەجێندای بەشێك لە وڵاتانی هەرێمایەتی و بەتایبەتی دژی ئەمریکا و بەرژەوەندییەکانی لە عێراق و ڕۆژهەڵات بە کار بهێنرێت.

● **ڕەهەندی پەیوەندییەکانی عێراق و ئەمریکا**

لە لایەکی دیکەوە ئەمریکا خواستی بەهێزی هەیە کە عێراق بە شێوەیەکی بەرفراوان تێکەڵی جموجوڵی ئابووریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت، لەم ڕووەشەوە پشتگیری لە عێراق دەکات تا ڕۆڵێکی کاریگەری هەبێت، ئەمەش دەرفەت بۆ عێراق دروست دەکات لە ڕووی سیاسییەوە بتوانێت پێگەی خۆی بەهێزتر بکات. ئاوێتەبوونی عێراق لە پرۆسە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەندە بەوەی لایەنە سیاسییەکانی عێراق بە وانەوەرگرتن لە مێژوو، بە یەك چاو لە دەوڵەتان و نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڕانن. جەبهەگیری و چوونەوە ناو ململانێی ئایدیۆلۆژی . هتد، ڕەنگە هەندێك لایەنی ناوخۆیی و هەرێمایەتی ئەم ویستەیان هەبێت، پێنگاوێکە نەك لە بەرژەوەندیی عێراق بە هەموو پێکهاتەکانییەوە نابێت، بەڵکو دەبێتە هۆکاری دروستکردنی ناسەقامگیریی ناوخۆیی لە عێراق و پەکخستنی پرۆسەی سیاسی، هەڵکەوتەی جوغرافی و دیمۆگرافیای پێکهاتەی نەتەوەیی عێراق ئەوە لەسەر بڕیاربەدەستانی عێراق دەسەپێنێت، کە خۆسەپاندنی لایەنێك بە ناوی زۆرینە، دەرئەنجامی شکست و ناسەقامگیرییە.

**ئاوێتەبوونی عێراق لە پرۆسە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەندە بەوەی لایەنە سیاسییەکانی عێراق بە وانەوەرگرتن لە مێژوو، بە یەک چاو لە دەوڵەتان و نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڕانن**

● **هەرێم لە پەیوەندیی بەغدا- واشنتۆن**

هەرێمی کوردستان و بە تایبەتی پارتی، باجی هاوپەیمانی و دۆستایەتی لەگەڵ ئەمریکا دەدەن، هەموو ئەو هێرشانەی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا کراونەتە سەر هەرێم و پارتی، هەم لە لایەن هێزە عێراقییەکانەوە و، هەمیش لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە، یەك بیانوویان هەیە: ئەویش پارتی و هەرێم باجی هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمریکا دەدەن. بەرپرسانی هەرێم و پارتییش لە ماوەی ڕابردوودا هەموو ئەم پرسانەیان بۆ لایەنە ئەمریکییەکان ڕوون کردۆتەوە، هەم لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و هەمیش لە ڕێگەی کەناڵی دیپلۆماسییەوە، داخوازیی هەڵوێست و کرداریان لە ئەمریکا کردووە، بۆیە بوونی بەشێك لەو دۆسێ و پرسانەی سەرۆك وەزیرانی عێراق لەگەڵ لایەنە ئەمریکییەکان تاوتوێی کردوون، پەیوەندیدارن بە هەرێمەوە، سوودانییش درکی بەوە کردووە کە گوشارە ناوخۆییەکان لە ئەمریکا، پشتگیریی بەشێك لە سیناتور و کۆنگرێسمانی ئەمریکا لە ڕێگەی نامەی فەرمییەوە بۆ سەرۆکی ئەمریکا و، دانوستاندنەکانی باڵوێز و کونسوڵی ئەمریکا لە عێراق و هەرێم، لەگەڵ بەرپرسانی هەرێم و عێراق، ئەوەی بۆ ئەمریکییەکانی پشتڕاست کردووەتەوە کە هەرێمی کوردستان تاکە هاوپەیمانی ئەمریکایە لە عێراقدا و پێویستی بە پشتیوانی و بەرگریکردنی ئەمریکا هەیە. دەبێت لە خۆمان بپرسین چ بەرژەوەندییەکی هاوبەشە هەرێم و ئەمریکا پێکەوە گرێ دەدات: بێگومان پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان، پرسێکی گرنگە لەم هاوپەیمانییەدا، کە نابێت چاوپۆشی لێ بکرێت، هەروەها ڕاگەیاندنی هاوبەشی سەرۆکی ئەمریکا و سەرۆك وەزیرانی عێراق و وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا (لیود ئوستین) و سوودانی، کۆمەڵێك پەیامی ڕوون و ئاشکرایان درکاندووە، کە هەرێمی کوردستان بۆ ئەمریکا گرنگە و ناکرێت پشتگوێ بخرێت، بە تایبەتیش بەیاننامەکان ئاماژە بەو ڕاستییە دەکەن کە هەرێمی کوردستان لە ڕووی سیاسی و دیپلۆماسیی و هەروەها سەربازییشەوە خاوەن پێگەی حیساب بۆکراوە لە واشنتۆن و، ئەمەش لە بەر چاوی ڕەشی هەندێك لایەنی تایبەتدا نییە، هەروەها بوونی نوێنەری هەرێمی کوردستان لە شاندی دەوڵەتی عێراقدا ئاماژەیە بە پشتیوانیی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان، ئەمە چیمان پێ دەڵێت؟ بوونی نوێنەری هەرێم بە خواستی عێراق بێت، یانیش لەسەر داخوازیی ئەمریکا، لە هەردوو ڕووەوە گرنگە، لەسەر خواستی عێراق بێت، ئەوا عێراق بە بەشداریکردنی نوێنەری هەرێم نامەیەك بۆ ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژهەڵات و جیهان دەنێرێت، کە کورد کارلێکەرێکی سیاسی و سەربازیی دانبراوی نەتەوە و دەوڵەتی عێراقن، ئەگەر لە لایەن ئەمریکاشەوە بێت، ئەوە بێشك ئەمریکا بە عێراق دەڵێت کوردیش قەوارەیەکی سیاسی و سەربازیی دەستوورییە، هاوپەیمانە و بەشێکی پێکهێنەری سیستمی

**هەڵکەوتەی جوغرافی و دیمۆگرافیای پێکهاتەی نەتەوەیی عێراق ئەوە لەسەر بڕیاربەدەستانی عێراق دەسەپێنێت، کە خۆسەپاندنی لایەنێک بە ناوی زۆرینە، دەرئەنجامی شکست و ناسەقامگیرییە**

ئاسایش و سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوینە. لەم ڕووەوە ئەمریکاییەکان بە عێراقییەکان دەڵێن بوونی کورد لە دانوستاندنەکانی نێوان ئەمریکا و عێراقدا پێویستییەکی ڕۆژینە، واتە ئەمریکا دەیەوێت لە دانوستاندنەکاندا باڵانسی هێز هەبێت و ڕاگیربێت، شاراوە نییە ئەمریکا گرەو لەسەر بوونی پشتگیریی کورد دەکات لە دانوستاندنەکانی لەگەڵ عێراقدا، هەڵوێستی هێزە کوردییەکان لە پەرلەمانی عێراق لە دەنگنەدان بە یاسای دەرکردنی هێزە بیانییەکان، کە لە پەرلەمانی عێراق خرابووە ڕوو، لای ئەمریکییەکان جێگەی پێزانینە.

پرسێکی دیکە کە بۆ هەرێمی کوردستان گرینگ دێتە بەرچاو، پەیوەندی بە پێداگریی ئەمریکاوە هەیە، لەوەی کە سیستمی بانکیی عێراق بە هەرێمیشەوە، بە دیجیتاڵی بکرێت و بێتە لکاندن بە سیستمی ئابووری و بانکیی پێشکەوتووی جیهانەوە. لە سیستمی ئابووریی جیهانی و داڕێژەرانی سیاسەتی ئابووریی جیهانیدا ئەمە بە پێنگاوێکی گرینگ دێتە پێناسەکردن، هاوکات لە هەوڵە بەردەوامەکانی بۆ گرێدانی عێراق و هەرێم بە سیستمی بانکی و دارایی پێشکەوتووی جیهانەوە کە ئەمریکا پاڵپشتیکارێکی سەرەکی و بەهێزە، بۆ خۆی زەمانەت و متمانە پێدانێك بۆ بانکەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی جیهان دروست دەبێت، لەم ڕووەشەوە شەرعییەتی دارایی، ئابووری و بازرگانیی عیراق و هەرێم بەهێزتر دەبێت. هەوڵەکانی ئەمریکا خۆی لەوەدا چڕدەکاتەوە کە کۆتایی بە ناتەندروستیی کەرتی ئابووری و بانکیی عێراق و هەرێم، بە تایبەتی کە بوونی چالاکیی ئابوری و دارایی (غەیری یاسایی) بهێنرێت، سیاسەت و ستراتیژیی ئابووریی ئەمریکا بریتیە لە (لیبراڵکردن یانیش ئازادکردن)ی ئەکتەرە ئابوورییەکان لە ناوخۆ و دەرەوە و دروستکردنی پردێك لە نێوان عێراق و کومەڵگەی ئابووریی جیهانی و لکاندنی بەم ئەکتەرانەوە، پێگەی هەرێمیش لەسەر ئاستی ئابووری بەهێز دەکات و لە هەمان کاتیشدا پرۆسەی سیاسی بەرەوە سەقامگیریی توندتر دەبات.

**● پێکدادانی هەژموونی و سەروەریی هەولێر و بەغدا**

ددانپێدانانەکانی محەمەد حەلبووسی سەرۆکی لادراوی پەرلەمانی عێراق و عەلی عەلاوی وەزیری دارایی پێشووتری عێراق، تایبەت بەو پلانگیرییەی لە دژی هەرێم و پارتی، بۆ خۆشیرینکردن لای پارتی و بارزانی نەبوو، بەڵکو ئاماژە پێکردن بووە بە مەترسییەکی جەوهەری لەسەر کۆی پرۆسەی سیاسیی عێراق، کە لە لایەن لایەنەکانی شیعەکان و بەتایبەت بەرەی بەرگری بە پشتیوانیی ئێران دەکرد، کە بەشێك لە هێزە کوردییەکانیش سواری شەمەندەفەرێکی وەها بوون، جەختکردنێکە نەك تەنیا تەحەفوزاتی پارتی، گومان لەوەدا نییە عێراق بە دەست سەروەرییەوە دەناڵێنێت و گیرۆدەی سیستمێکی دەوڵەتداری بووەتەوە، کە ویستی خۆسەپاندن و هەژموونی شیعەکان بۆ ملکەچکردنی هێز و لایەنەکانی دیکەی گۆڕەپانی سیاسی، ڕێگرە لەوەی عێراق سەقامگیریی سیاسی و ئاسایش و کلتوری و.. هتد بە خۆیەوە ببینێت.

پارتی و یەکێتی وەکو دوو هێزی سەرەکیی حکومەت و دەوڵەتداری، ئاوەدانی و پێشکەوتنی هەرێم وەکو بەشێکی دانەبڕاوە و درێژەپێدەر و بەردەوامیدەری مێژووی خەباتی چەکداریی خویان پێناسە دەکەن. لەم ڕووەوە هەر یەك لەم هێزانە دیدگە و بۆچوونی خۆی هەیە لە پرسی حکومەت و دەوڵەتداریی هەرێمی کوردستاندا. گومان لە وەشدا نییە لە دوای وەفاتی سەرۆك مام جەلال، نەك تەنیا یەکێتی بەڵکو ژینگەی سیاسی و دەوڵەتداری لە هەرێمدا تووشی گوڕانێکی گەورە بوو، مێژووی هاوبەشی نێوان پارتی و یەکێتی وەکو بنەمای کاری هاوبەشی سیاسی و ستراتیژیك لە لایەن پارتی و یەکێتییەوە بە هەند وەرنەگیراوە، ئەمە لە کاتێکدایە گەورەترین دەستکەوتەکانی کورد لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ی عێراقی نوێ، هی سەردەمی زێڕینیی بوونی تەبایی نێوان سەرۆك مسعود بارزانی و سەرۆك مام جەلالە. نەبوونی دیدگەیەکی هاوبەش و بەردەوامیدان بە ڕێچکەی لێکتێگەیشتنی هەردوو سەرۆکی خستەوە ژێر پرس، ئاسەواری بەرەو دابەشبوونی سیاسیی هەرێم بە سەر دوو بەرەدا پرسی کوردی لە

**ڕاگەیاندنی هاوبەشی سەرۆکی ئەمریکا و سەرۆک وەزیرانی عێراق و وزارەتی بەرگریی ئەمریکا (لیود ئوستین) و سوودانی، کومەڵێک پەیامی ڕوون و ئاشکرایان درکاندووە، کە هەرێمی کوردستان بۆ ئەمریکا گرنگە و ناکرێت پشتگوێ بخرێت**

**گرێدانی عێراق و هەرێم بە سیستمی بانکی و دارایی پێشکەوتووی جیهانەوە کە ئەمریکا پاڵپشتیکارێکی سەرەکی و بەهێزە، بۆ خۆی زەمانەت و متمانە پێدانێک بۆ بانکەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی جیهان دروست دەبێت**



بەغداد گۆڕی بە (بۆچوونی پارتی یان یەکێتی)، نەك ڕەوانگەی هەرێمی کوردستان.

لە سۆنگەی نەبوونی مەرجەعی کۆکەرەوە و خاوەن کاریزمای مێژوویی لە ناو بەشێك لە هێزە سیاسییەکاندا، سەرکردایەتیی نوێی ئەم هێزانە کەوتوونە شەڕی دەستەویەخە و گەرمکردنی هێز لەگەڵ پارتی، دیارە هەوڵەکانی چەسپاندنی هەولێر وەکو قیبلەی چارەسەرکردنی ناکۆکیی سیاسی شکستی هێناوە، ئەم هێزانە بژاردەی بەغدایان وەکو ڕەهەندی جیۆپۆلەتیکی خۆیان لە پێناو ڕاگرتنی هاوسەنگیی هێز لە هەرێمی کوردستاندا پێناسە کرد. لەم ڕووەوە دروستکردنی گوشار لەسەر حکومەتی هەرێم و پارتی شەپۆلێکی گرژیی گرتووەتەبەر و هاوکات دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکانی عێراق لە سنووری ماددەی ١٤٠ بۆ پارتی ڕەچاو نەکراو بوو. سەرەڕای هەموو تەحەدییەکان و ددان بەخۆداگرتنی پارتی، دەستپێکردنی پرۆسەی لاوازکردنی هەرێمی کوردستان لە لایەن دادگای فیدراڵیی عێراقەوە کە بەشێك لە هێزە کوردستانییەکانیش لەم ڕووەوە هاوکارن، بەشێکی دیکە لەو هەوڵانە بوون کە ئامانجەکەیان بۆ هەر سیاسییەك ڕوون و ئاشکرا بوو، بۆ پارتی وەکو هێزێکی سەرەکیی هەرێمی کوردستان و دامەزرێنەری عێراقی نوێ، بێدەنگ بوون لە بەرامبەر ئەم کردەوانەدا خۆکوشتنی سیاسی بوو، بۆیە بڕیاری پارتی سەبارەت بە بەشدارینەکردن لە هەڵبژاردن و هێرشکردن بۆ سەر دامەزراوەی دادگای فیدراڵی، کە بەشێك لە سیاسییەکانی شیعە تا ئاستی تەقدیسکردنی ئەم دادگایە پێنگاویان هاویشت، هەڵوێستی پارتی ئەو مێزەی بە بڕیارێك سەروژێر کرد کە لەلایەن کۆمەڵێك ئەکتەری ناوخۆی کوردستان و

**گەورەترین دەستکەوتەکانی کورد لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ی عێراقی نوێ، هی سەردەمی زێڕینیی بوونی تەبایی نێوان سەرۆک مسعود بارزانی و سەرۆک مام جەلالە**



عێراقی و دەرەکی بۆ پەڕوباڵ شکاندنی پارتی و هێشتنەوەی هەرێمی کوردستان تەنیا بە ڕواڵەت و (حبر علی الورق) ڕازێندرابووەوە. هەروەکو بینەری دیمەنی فیلمێکی ئەکشن پارتی ئەم هۆکارەی لە بەیاننامەی مەکتەبی سیاسیی خۆیدا بە ڕوونی بۆ کۆمەڵگەی عێراقی و جیهانی شی کردەوە، دواییش لە وتارێکی دوورودرێژی (٢٠٢٤/٤/١) لەسەر ماڵپەری ئەنستیتیوی واشنتۆن، تایبەت بە پێگەی دادگای فیدراڵی، د. هێمن هەورامی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان شیکردنەوەی بۆ مەترسییەکانی هەڵسوکەوتی دادگای فیدراڵی لەسەر پرۆسەی سیاسیی عێراقی کرد، بە نەچوونی پارتی بۆ ژێر باری پیلانێکی وەها جموجووڵی دیپلوماسی و سیاسی بۆ لای سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەستی پێکرد و، سەرۆك مەسعود بارزانی بۆ هەمووانی دیارکرد کە ئەو کاراکتەری سەرەکی و داڕێژەرپێدەری سیاسییە لە عێراق، بەم شێوەیە پارتی کۆی پرۆسەی سیاسیی لە هەرێم و عێراق تووشی سستی و خاوی کرد، ئەگەرچی بەشێك لە هێز و کەسایەتیی سیاسی و ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان خوێندنەوەیەکی ساکارانەیان هەیە بۆ ئەم پرسە و بڕیاری پارتی، بەڵام هەڵسوکەوتی پارتی ئەگەر چی درەنگیش بوو، لەگەڵ ئەوەشدا گونجاو و لە شوێنی خۆیدا بوو. وەکو کۆکەرەوە ئەوی پێویستە و گرینگیشە کورد بەشدار بێت بریتییە لە دروستکردنی ڕوانگەیەك بە ناوی (ڕوانگەی عێراق) کە داڕشتنی چوارچێوەی سیاسەتێك بێت کە یەکەم شت بەرژەوەندیی عێراق و هەرێم لەبەرچاو بگرێت و دوورەپەرێز بێت لە جێبەجێکردنی ئەجێندا و بەرژەوەندیی وڵاتانی دراوسێ لە ناو عێراق.

**پرۆسەی لاوازکردنی هەرێمی کوردستان لە لایەن دادگای فیدراڵیی عێراقەوە کە بەشێک لە هێزە کوردستانییەکانیش لەم ڕووەوە هاوکارن، بەشێکی دیکە لەو هەوڵانە بوون کە ئامانجەکەیان بۆ هەر سیاسییەک ڕوون و ئاشکرا بوو**

ئەنیس یەعقوب
قەشەی شەقڵاوە بۆ گوڵان:

# هەر لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلام بارزانی-یەوە، کولتووری لێبوردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نەتەوە و ئایینەکان بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینیوە

## ئەرکی سەرشانی ئێمەیە ئەو نموونە جوانەی کوردستان بپارێزین کە بووەتە نموونەیەکی پێکەوەژیان لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

مەسیحییەکان وەکو پێکهاتەیەکی ڕەسەنی کوردستانی کە لە ڕاپەڕینەوە مافەکانیان پارێزراوە و بە یاسا لە پەرلەمانی کوردستان کورسیی کۆتایان هەیە، کەچی ئێستا لە بڕیارێکی نادەستووری و دوور لە یاسا و تەنانەت بە پێچەوانەی ئەو عێراقەی کە ژمارەی مەسیحییەکان تێیدا کەم بووەتەوە، لێرە کورسیی کۆتای مەسیحییەکان لابرا، لەکاتێکدا لە پەرلەمانی عێراق ئەم کورسییە هەیە. سەبارەت بە مێژووی پێکەوەژیانی ئایین و ئایینزاکان و ماف و دەستکەوتەکانی مەسیحییەکان و ڕەتکردنەوەی ئەو بڕیارە نادەستووری و نایاساییەی دادگای فیدراڵیی عێراق، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ ئەنیس یەعقوب قەشەی شەقڵاوە سازدا، لێرەدا دەقی قسەکانی بڵاو دەکەینەوە.



# لەم هەرێمی کوردستانەدا هیچ جیاوازییەکی نەتەوەیی و ئایینی ڕێگر نەبووە لە دینداری و ئەنجامدانی بۆنە ئایینی و خودا پەرستییەکانی ئایین و ئایینزاکان

*** وەکو پیاوێکی ئایینی مەسیحی و نیشتمانپەروەر لە هەرێمی کوردستاندا، تا چەند کولتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی لە هەرێمی کوردستان گەشەی کردووە و، ئایا مێژووی ئەم پێکەوەژیانە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان مێژوویەکی کۆن و دێرینی هەیە، بۆ نموونە لە ناو شەقڵاوەدا لە نێوان برا موسڵمانەکان و مەسیحییەکاندا پێکەوەژیان بووەتە کلتوورێکی دانەبڕاو، لەسەر بنەمایەکی دەوڵەمەند و فەرهەنگێکی قووڵ و بەهێز بونیات نراوە و بە درێژایی هەموو ئەو مێژووە نەتوانراوە کەس زەفەری پێ ببات، تەنانەت لە خۆشی و ناخۆشییەکاندا کوردستانییەکان بە جیاوازیی فەرهەنگی و کولتووری نەتەوەیی و ئایینییانەوە پێکەوە ڕۆژە سەختەکانیان بەڕێ کردووە، لێرە لەم هەرێمی کوردستانەدا هیچ جیاوازییەکی نەتەوەیی و ئایینی ڕێگر نەبووە لە دینداری و ئەنجامدانی بۆنە ئایینی و خودا پەرستییەکانی ئایین و ئایینزاکان، بە پێچەوانەوە هەمووان ڕێزیان لەوی دیکە گرتووە و هاتووچۆ و سەردانی یەکتریان کردووە و لە خۆشی و ناخۆشیدا پێکەوە بوون. ئەم سرووشتەی پێکەوەژیانی ئایینی هەروا لە خۆڕا نەهاتووە، بەڵکو مێژوو و کولتوورێکی دەوڵەمەندی باوك و باپیرانمانی هەیە، نەتەوەکانی کوردستانیش بەم پێکەوەژیان و لێبووردەیی و ڕێزگرتنە لە مافی مرۆڤ ناسراون و کوردو کوردستانییەکانی بێ جیادەکرێتەوە لە نەتەوەکانی

دەوروبەرمان، دەتوانم بڵێم لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و زۆربەی وڵاتانی دنیادا کولتوورێکی وا دەوڵەمەند و خۆشەویستیی وەك پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی هەرێمی کوردستان نییە، ئەوەتا گوندە مەسیحییەکان لە شەقڵاوە لە نزیك گوندەکانی برا موسڵمانەکانەوەن و مزگەوت و کەنیسە لە نزیك یەکترن، هەمووان پیاوانی ئایینی و مامۆستایانی ئایینی لە بۆنەکاندا سەردانی یەکتر دەکەین و ڕێز و خۆشەویستیمان بۆ هەموو ئایینەکان هەیە، لێرە نەك هیچ کێشە و گرفتێك لە نێوانیانماندا ڕووی نەداوە، بەڵکو بەرگری و پارێزگاری لەیەکتریش دەکەین، ڕەنگە ئەمە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە کورد و کوردستانیان لە مێژوودا پەلامار و غەدرمان لە هیچ نەتەوە و ئایین و ئایینزایەکی دیکە نەکردووە، بەردەوام زوڵمان لێ کراوە، بۆیە بە ئاشکرا لە ئازار و ئەشکەنجەی نەتەوەی ژێر دەست و زوڵمکردنی ئایین و ئایینزاکان دەزانین، هەر ئەمەشە وای کردووە کوردستان ببێتە پێگەی پێکەوەژیان و لێقەوماوان.

*** ئەرکی پیاوانی ئایینی چییە بۆ پاراستنی ئەم پێکەوەژیانە و دوورکەوتنەوە لە کلتووری توندوتیژی و ڕەتکردنەوەی بەرامبەر، بەتایبەتی لە ئێستادا کەسان و لایەنێك هەیە بڕوایان بە کلتووری پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستاندا نییە و، کاریان بۆ سڕینەوەی کورسیی پێکهاتەی مەسیحییش کردووە؟**

- ئایینی مەسیحی ئایینی لێبووردەیی و پێکەوەژیانە، سوپاس بۆ خودا زۆرن ئەوانەی لە ئایین و ئایینزاکانی دیکەش بڕوایەکی پتەویان بە برایەتی و خۆشی و ئارامیی مرۆڤەکان هەیە، هەر خۆی پەیامی خودا بۆ مرۆڤایەتی بۆ ڕێزگرتنە لە بەندەکانی و بۆ خۆشگوزەرانیی خەڵك و تەعەدا نەکردنە لەوی دیکە، ئەرکی سەرشانی ئێمەشە ئەو نموونە جوانەی کوردستان بپارێزین کە بووەتە نموونەیەکی پێکەوەژیان، نەك تەنیا لە عێراقدا بەڵکو لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لێرە هاووڵاتی پلە دوو نییە هەموو پێکەوە دەژین و لەسەر ئەم خاکەش دەمرین، بۆیە پاڵپشتی و پشتگیریی بڵاوکردنەوەی دەقە پیرۆز و ڕەسەنەکانی ئایینین کە بۆ مرۆڤایەتی بۆ هەمووان نێردراوە.

*** ڕۆڵی سەرکردەکانی کورد لە قوڵکردنەوە و پاراستنی پێکەوەژیانی ئایینی لە هەرێمی کوردستان چۆن بووە، ئایا مەلا مستەفا بارزانی وەکو سیمبولی نەتەوەیی و کوردستانی تا چەند گیانی پێکەوەژیان و لێبووردەیی لەنێوان نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی کوردستاندا پاراستووە؟**

- لە سەردەمی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کوردستان و هەر لە دەستپێکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانەوە ئەم پێکەوەژیانە پارێزگاریی لێ کراوە و، ڕێگە نەدراوە بیری توندوتیژی و دەمارگیری پەرە بسێنێت، هەر لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلام بارزانی و دواتر مەلا مستەفا بارزانی کولتووری پێکەوەژیانی ئایینی و ئایینزاکان هەنگاوێکی زۆر زیاتر بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینی و پێکەوەژیان و لێبووردەیی و پاراستنی مەسیحییەکان بووە سیمبول و درووشمی ڕاپەرین و شۆڕشەکان و، تەنانەت مەسیحییەکان بوونە پێشمەرگەی مەلا مستەفا بارزانی و شەهید و قوربانییشیان داوە، ئەم پەیڕەو و عەقیدەیە بۆ سەرۆك بارزانی درێژکرایەوە، جەنابی سەرۆك خەمخۆری هەموو پێکهاتەکانی کوردستان بووە، هەرچی دەستکەوتی ئایین و ئایینزاکانی کوردستان و بەرهەمی ڕاپەرینە بۆ سەرۆك بارزانی دەگەڕێتەوە، تەنانەت ڕۆڵی سەرۆك بارزانی لە بەغدا لە دوای ساڵی **٢٠٠٣** لە نووسینەوەی دەستوور و چەسپاندنی مافی پێکهاتەکان بەتایبەتی پێکهاتەی مەسیحی، بە پێکهاتەیەکی ڕەسەنی هەرێمی کوردستان و عێراق چەسپاند.

*** لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا وێڕای ئاستەنگ و کێشە و تەحەدییەکان، بەڵام هەرگیز سازش لەسەر مافی پێکهاتەکان نەکرا، ئایا ئەم ڕۆڵەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- لە مێژووی کوردستاندا لە دوای ڕاپەرینەوە یەکەمین جارە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بۆ مەسیحی و پێکهاتەکانی دیکەش دانراوە، تاوەکو هەست بەوە بکەن ئەوانیش هاووڵاتی ڕەسەنی ئەم نیشتمانەن، تا بتوانن گوزارشت لە ڕاوبۆچوونی خۆیان بکەن و وەکو کوردستانی هەڵسوکەوت

**دەتوانم بڵێم لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و زۆربەی وڵاتانی دنیادا کولتوورێکی وا دەوڵەمەند و خۆشەویستیی وەک پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی هەرێمی کوردستان نییە**

**ڕێزدار مەسرور بارزانی گرنگییەکی زۆری بە پێکهاتەی مەسیحی داوە و کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لە کارنامەی کابینەکە و بەکردار ڕێزی بۆ هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان داوە**

**من شانازی بە وتەیەکی سەرۆک بارزانییەوە دەکەم کاتێک فەرمووی: «هەر کاتێک نەمتوانی بەرگری و پارێزگاری لە مەسیحییەکانی کوردستان بکەم کوردستان بەجێ دەهێڵم ..)، ئەمە بۆ ئێمە زەمانەت و متمانەیەکی گەورەیە**

بکەن، ڕێزدار مەسرور بارزانی گرنگییەکی زۆری بە پێکهاتەی مەسیحی داوە و تەنانەت وەزیرێکی مەسیحی بۆ وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن داناوە، بۆیە دەبینین کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لە کارنامەی کابینەکە و بەکردار ڕێزی بۆ هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان داوە.

*** بەڵام لە بڕیارێکی نادەستووری و دوور لە بنەماکانی ئەخلاقی و ڕێزگرتن لە پێکەوەژیان و یاسا و عورفەکانی هەرێمی کوردستان، دادگای فیدراڵیی عێراق کورسیی پێکهاتەکان، بەتایبەتی مەسیحییەکانی لە پەرلەمانی کوردستان نەهێشت، ئەمەش پێچەوانە پەرلەمانی عێراق خۆیەتی کە کورسیی کۆتای مەسیحییەکان لەوێ هەیە، ئێوە وەکو پیاوانی ئایینی مەسیحی چۆن دەڕواننە ئەم هەنگاوە مەترسیدارەی عێراق؟**

- لە یەکەم خولی پەرلەمانی کوردستانەوە کورسیی کۆتا بۆ مەسیحییەکان هەیە، ئەمە بە یاسا و عورف و ڕێنمایی دانراوە و بەردەوامیی هەبووە، بە داخەوە ئێمە وەکو پیاوانی ئایینی مەسیحی پێمان سەیر بوو دادگای فیدراڵیی عێراق لە بڕیارێکیدا پێشێلی مافی دەستوور و یاسای کوردستان بەرامبەر پێکهاتەیەکی ڕەسەنی کوردستان بکات، ئەمە بڕیارێکی شۆڤێنییانە و نادادپەروەری و سڕینەوەی پێکهاتەیەکی سەرەکی مەسیحییە لە هەرێمی کوردستان، ئێمە باوەڕمان بە سەرۆك بارزانی- یە کە ڕێگە نەدات بڕیارێکی وا نادادپەروەر و نادەستووری و نایاسایيانە سەربگرێت. مەسیحییەکان بڕوایان بە ئازادی و پێکەوەژیان و کوردستانییەت هەیە، ئەوان لە خۆشی و ناخۆشییەکاندا لەگەڵ برا کوردە موسڵمانەکاندا بوون، نابێت حزبەکانی کوردستان بە بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی ڕازی بن، چونکە ئێمە نابێت بخرێینە ناو ئەو گەمە سیاسییەوە کە پێکهاتەکان بەتایبەتی مەسیحییەکان پەراوێز بخرێن، ئێمە وەکو برا کوردە موسڵمانەکانمان خۆمان بە خاوەنی ئەم خاکە دەزانین و نابێت بە هاوشێوەی وڵات و ئەو هەرێمانەی بیری توندڕەوی زاڵە بەسەریاندا لێرەش ئاوا مامەڵە لەگەڵ پێکهاتەکانی کوردستان بکرێت، لە کاتێکدا ئێمە ئیدیعا بۆ ئازادی و دیموکراتی دەکەین و بانگەشە بۆ هەڵبژاردن و نوێنەرانی گەل دەکەین، کەچی ئێمە نوێنەرانمان نەبێت لەو پەرلەمانەی کە ئێمەش وەکو هەمووان خوێن و قوربانیمان بۆ داوە.

*** باسی سەرۆك بارزانیت کرد بەوەی ئومێدتان زۆرە جەنابی سەرۆك هەوڵی گەڕانەوەی کورسیی مەسیحییەکان بدات؟**

- جەنابی سەرۆك بارزانی لای هەموو پێکهاتە ڕەسەنەکانی کوردستان جێگە و مەکانەتی بەرزی خۆی هەیە، هەر ئەوەش چاوەڕوان دەکرێت لە



سەرۆکێك کە لەسەر هزر و بیروباوەڕی بارزان پەروەردە کرابێت، کە بۆ خزمەتکردنی خەڵك و پاراستنی خاك و نیشتمان پەروەردە کرابێت، من شانازی بە وتەیەکی سەرۆك بارزانییەوە دەکەم کاتێك فەرمووی: «هەر کاتێك نەمتوانی بەرگری و پارێزگاری لە مەسیحییەکانی کوردستان بکەم کوردستان بەجێ دەهێڵم..)، ئەمە بۆ ئێمە زەمانەت و متمانەیەکی گەورەیە، بەتایبەتی تاکو ئێستا جەنابیان خەمخۆر و خەباتگێڕ و پارێزەری دەستکەوتە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانن، لەناویشیاندا ڕێزگرتن لە کەرامەت و مافەکانی هەموو پێکهاتەکان بە نەتەوە و ئایین و ئایینزا جیاوازەکانیشەوە، من زۆر گەشبینم بەوەی سەرۆك بارزانی مافی پێکهاتەکانی کوردستان و ئایین و ئایینزاکان دەپارێزێت لە هەموو ئەو هێرش و پەراوێزخستنانەی کە لە نێوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستان دژ بە مافەکانمان دەدرێت.



# لەژێر کاریگەری سۆشیال میدیا
# بەشێکی زۆری ئافرەتان ڕوو لە جوانکاری ددان دەکەن

مژده عەباس مامۆستای قۆناغی بنەڕەتییە و لە دەستپێکی قسەکانیدا دەڵێت: «ددانەکانی پێشەوەم هی سەرەوە و خوارەوە هیچ عەیبی نەبوو، تەنیا کەمێك ورد بوون، ڕیکلامە بەردەوامەکانی سۆشیال میدیا بۆ هۆڵیوۆد سمایڵ وایان لێکردم، پارەیەکی زۆر لە ددانەکانم خەرج بکەم و هەموو ددانەکانم کیف بکەم. ددانەکانی خۆم هەموو بچووك کرانەوە لە پێناو کیفکردن و هۆڵیوۆد سمایڵ، ئێستا خزمەتکردن و شووشتنی زۆر زەحمەتە، لێرەوە ئامۆژگاری هەموو کەسێك دەکەم کەوا بە هۆی چاولێکەرییەوە دەستکاری ددانەکانیان نەکەن».

چیا عەبدوڵڵا، میدیاکارە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «مەترسیدارترین نەخۆشیی ئەم سەردەمە جگە لە چاولێکەری، خۆکۆپیکردنمانە بە کەسانی دیکە. جاران هۆز هەبوو، هەمووان لەسەر بنەما و بڕیار و بۆچوونی ئەو هۆزە دەژیان. ئەگەر کەسێکیان پێچەوانەی ئەو هۆزە بیری بکردایەتەوە و ڕەفتاری جیا لە ڕەفتارەکانی ئەوانی بنواندایە، لە هۆز دەردەکرا، ئێستاش کۆمەڵگە لەسەر هەمان ڕێچکەیە و تەنیا ئەوەندەیە بازنەی خەڵکەکە و گوندەکان بووەتە شار و ملیۆنان کەس تێیدا دەژین، ڕێگای خۆڵ بووەتە قیر و کانی و ئاو بووەتە بۆڕی و کارکردنی دەشت چووەتە ناو بینا و باڵەخانەوە، بەڕاستی مرۆڤ لە ڕەگەوە نەگۆڕێت و خۆی نەناسێت و پرسیاری لا دروست نەبێت و لێکۆڵینەوە لە هەموو شتێك نەکات، تەنیا و تەنیا کەڤەر دەگۆڕێت و ڕەگ ناگۆڕێت. لایف ستایلی هیچ کۆمەڵگەیەك ناگۆڕێت تا لە ڕەگەوە مرۆڤ و تاك نەگۆڕێت و ڕێگە بە گۆڕانە سرووشتییە گەردوونییەکە نەدات، ڕێچکەی خۆی وەربگرێت و ژیان بەرەو ڕەنگاوڕەنگی بچێت. ددانێك خوا دروستی کردووە، ڕەنگی گونجاوە لەگەڵ هەموو سرووشتی کەسەکە، واتا ئەو کەسە بەو ڕواڵەتەوەیە کە بۆی دانراوە و هەمووی هارمۆنییە، ئەگەر کەسەکە قەدری ئەو نیعمەتانە بزانێت و بە شێوەیەکی سرووشتی پارێزگارییان لێ بکات .پزیشکان باشتر دەزانن کە مینای ددان جێگرەوەی نییە، پێویستە تاکیش ئەوەندە هۆشیاری هەبێت کە بزانێت پێکهاتەکانی جەستەی چەندە بە نرخ و گرنگن و جێگرەوەیان نییە. ئا لێرەوە تێدەگەین و دەزانین کە تاکی کۆمەڵگەی ئێمە (هەمووان نا، بەڵکو زۆرینە) ناهۆشیارن، بەڕاستی ناهۆشیاری دەردە، دەردی هۆزە و دەبێت هەمووان لەیەك بچن، ئینجا قبووڵ کراون، یان خۆیانیان پێ قبووڵ دەکرێت. ئەمە بەڕاستی دەردێکی سەختە کە دەبینی تاکی کۆمەڵگە لەسەر ڕێچکەیەکی ناهۆشیاری بڕوات. جوانکاری تەنیا لە ددان‌دا نییە

**لەم ساڵانەی دواییدا خانمان بەڕێژەیەکی بەربڵاو ڕوو لە کیلینك و سەنتەرەکانی جوانکاری دەم و ددان دەکەن، هۆڵیۆد سمایڵ لەناو چینی گەنجان و ئافرەتان بووەتە ترێند و خوازیاری زۆرە و تەنانەت چینی کەمداهاتیش بە ڕێژەیەکی بەرچاو ئەو جوانکارییانە ئەنجام دەدەن. هاوکات سۆشیال میدیا لە ڕێگەی ڕێکلامەوە بازاڕی کیفی ددان و تەلی ددان و هۆڵیۆد سمایڵی گەرم کردووە، پزیشکێکی ددانیش دەڵێت پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان لە وەزارەتی تەندروستی و سەندیکا بە وردی چاودێریی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و لاپەڕەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بکەن سەبارەت بە ڕێکلام و گەرم کردنی بازاڕی ئەم بابەتە. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان سەبارەت بەو دیاردەیە ڕاو سەرنجی خۆیان دەخەنە ڕوو.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

کە سەرچاوەی تەندروستیی ئێمەیە، بەڵکو چووەتە هەموو بەشەکانی جەستە ووك بڕین و تێکردن و لێ دەرکردن و پینەکردن، ئەمەش لێشاوێکە خۆش بە حاڵی ئەوەی سرووشتی خواکردی خۆی بە تەندروستی دەهێڵێتەوەو ئەو لێشاوە نایبات، کە هەر دەرد و نەهامەتی بۆ تەواوی تەمەنی بەجێ بمێنێت. دەستکاریکردنی ددان، یان هەر شتێکی جەستە بێ ئەوەی پێویست بێت و نوقسانی پڕ نەکاتەوە، مانای ئەوەیە تۆ بۆ هەموو تەمەنت دەبیتە کرێچیی پزیشکەکان. جا مرۆڤی ژیر خۆی باش دەزانێت و تێدەگات. وای دەبینن دەستکاریکردنی مرۆڤ بە بڕیاری خۆی بێ ئەوەی پێویستی بێت، یان نوقسانی هەبێت، ئەوپەڕی ناشوکریە بەرانبەر بەو ناز و نیعمەتە تێر و تەواوەی خودا بە خەلقی خۆی داویەتی».

هەڤاڵ عەبدوڵا حەمەد، هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە کلینکەڵ سایکۆلۆژی و لە ڕووی دەروونییەوە خوێندنەوە و لێکدانەوە بۆ جوانکاریی دەم و ددان لای خانمان دەکات و دەڵێت: «جوانکاری لە ڕووی دەروونییەوە کۆمەڵە خوێندنەوەیەکی جۆراوجۆر و جیاوازی بۆ دەکریت. خوێندنەوەیەك ئەوەیە کە ئەو خانمانە خۆیان بەراورد دەکەن بە ئەکتەرەکان، دەبینن ڕەنگ و ڕوخساریان جوان و درەوشاوەیە و خۆیان بە کەمتر لە ئەکتەری ناو فیلمەکان دەبینن، بۆیە بە شێوەیەکی خێرا بڕیار دەدەن، جوانکاری بۆ ڕوخسار، یان دەم و ددانیان بکەن، بەبێ ئەوەی هیچ لێکدانەوەیەك بۆ ئەم کارەی خۆیان بکەن. خوێندوەیەکی دیکەش ئەوەیە کە وەك لاساییکردنەوەشی لێ هاتووە لە ناو خانمەکان».

لە کۆتایی قسەکانیشیدا دەڵێت: پێویستە خانمەکان ڕێز لە بوونی خۆیان بگرن و بەو شێوەی کە هەن، خۆیان قبووڵ بێت».

دکتۆر ڕێبین عەزیز بەرزنجی، نەقیبی سەندیکای پزیشکانی ددانی کوردستان و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «یەکێك لەو دیاردە نامۆیانەی کە بەرۆکی کۆمەڵگەی کوردی گرتووە بابەتی جوانکارییە بە گشتی و جوانکاریی دەم و ددانە بەتایبەتی. دەکرێت خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی دەم و ددان بۆ سێ جۆر پۆلێن بکەین:

١ـ پاراستنی دەم و ددان، کە پاراستنی ددانەکان دەگرێتەوە لە قۆناغەکانی ددانی شیری و هەمیشەیی، لەوانە بەکارهێنانی فلۆراید بە شێوەی گشتی و لۆکالی و فیشەر سیلەنت و بەکارهێنانی پاککەرەوەکان و ششتنی ددانەکان بە شێوەی دەوری لای پزیشك و لەماڵەوەش بە فڵچە و هەویری ددان.

٢-پڕکردنەوە و نۆژەنکردن و پاراستنی ئەو ددانانەی کە ماون دوای تێکچوون و شکست .

٣-قەرەبووکردنەوە و دروستکردنەوەی ئەو ددانانەی کە لەدەست دراون.

واتە بابەتی جوانکاریی ددان تەنیا لە خاڵەکانی ٢،٣ جێگای دەبێتەوە. دەبێت چارەسەری جوانکاری لەسەر بڕیار و ئاراستەی پزیشکی ددان بێت، ئامانجیش لێی ڕاستکردنەوەی کرداری و شێوەی ددانەکانە بەیەکەوە نەك تەنیا دیمەنی جوانی. ئەوەی جێگەی ئاماژە بۆکردنە بابەتی ڕێکلام و هۆشیاریی تەندروستیی هاووڵاتیانە کە ناکرێت ئەم بابەتە لە حاڵەتی چارەسەرییەوە بۆ ئامانج و خولیای بازرگانی بەکار بهێنرێت .چارەخواز دەبێت بزانێت هیچ شتێك ناتوانێت قەرەبووی ددانە ڕەسەنەکانی خۆی بکات و ناشکرێت لەر داواکاری و خولیای نەخۆش بڕیار لەسەر جوانکاری ددان بدرێت، بەتایبەتی دروستکردنی تاج (کیف، یان توێکڵی جوانکاری). پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکانیش لە وەزارەتی تەندروستی و سەندیکا بە وردی چاودێریی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و لاپەڕەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بکەن سەبارەت بە ڕێکلام و گەرم کردنی بازاڕی ئەم بابەتە».

**ئامۆژگاری هەموو کەسێک دەکەم کەوا بە هۆی چاولێکەرییەوە دەستکاری ددانەکانیان نەکەن**

**مەترسیدارترین نەخۆشیی ئەم سەردەمە جگە لە چاولێکەری، خۆکۆپیکردنمانە بە کەسانی دیکە**

**پێویستە تاکیش ئەوەندە هۆشیاری هەبێت کە بزانێت پێکهاتەکانی جەستەی چەندە بە نرخ و گرنگن و جێگرەوەیان نییە**

# گرنگیی مێژووی زارەکیی ڕزگاربووانی جینۆساید لە ئەرشیفی نەتەوەیی

**پاراستنی ئەرشیفی نەتەوەیی جینۆسایدی گەلی کوردستان، یادەوەریی گەلان و کۆمەڵگەکان پێکدەهێنێت و ناسنامەیان لە قاڵب دەدات**

**مێژووی زارەکی دەتوانێت، بۆ تۆمارکردنی ئەزموونە ژیاوەکانی شایەتحاڵان و ڕزگاربووان ئامرازێکی بەهێز بێت**


پاراستنی ئەرشیفی نەتەوەیی جینۆسایدی گەلی کوردستان، یادەوەریی گەلان و کۆمەڵگەکان پێکدەهێنێت و ناسنامەیان لە قاڵب دەدات و بەردی بناغەی پاشەکەوتی زانیارییە. ئەرشیف بە پێشکەشکردنی بەڵگەی کرداری، پشتگیری لە ئیدارەدان دەکەن و بنەمای مافی تاک و ڕێکخراو و دەوڵەتەکانن.

بە گەرەنتیکردنی مافی هاووڵاتیان بۆ دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی فەرمی و زانینی مێژووی خۆیان، ئەرشیفەکان بنەمای ناسنامەی گەلانن، دیموکراسی، لێپرسینەوە و حوکمڕانیی باش بەرهەم دەهێنێت. ئەرشیفکردن ناسنامەی گەلانە و ڕۆڵی بیرەوەریی مێژووی وڵاتانە و یەکێکە لە مەرجەکانی دادپەروەریی ڕاگوزەری.

مێژووی زارەکی، وەك بەشێك لە ئەرشیفی نەتەوەیی گەلانی جینۆسایدکراو، شێوازێکی لێکۆڵینەوەیە کە لە شایەتحاڵی زارەکی لە خەڵك کەڵك وەردەگرێت، بۆ تۆمارکردن و شیکردنەوەی ڕووداوەکان و مرۆڤەکان و ئەزموونە ژیاوەکان. ئەم شێوازە بەتایبەتی لەو توێژینەوەیانەدا بە نرخن، کە بە دوای تێگەیشتنێکی قووڵتر لە ئەزموونەکانی مرۆڤدا دەگەڕێن، لەوانەش ڕووداوە مێژووییەکان کە تۆماری نووسراوی پێویستیان بۆ نییە.

مێژووی زارەکی دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی مێژووی نووسراو و نیشاندانی ڕەهەندە مرۆییەکانی مێژوو. لە دۆسیەی ئەو جینۆسایدانەی کە دەوڵەتی عێراق لە سەردەمی ڕژێمی بەعس لە دژی کوردی عێراق ئەنجامی داون، مێژووی زارەکی دەتوانێت، بۆ تۆمارکردنی ئەزموونە ژیاوەکانی شایەتحاڵان و ڕزگاربووان ئامرازێکی بەهێز بێت. ئەم شێوازە دەتوانێت ڕەهەندە تاکە کەسی و دەستە جەمعییەکانی ئەم کارەساتە ئاشکرا بکات، لەوانە چیرۆکی هەڵهاتن، بەرخۆدان، ئازار و لەدەستدان.

بۆ لێکۆڵینەوە لە جینۆساید، دەتوانین جەخت لەسەر گرنگیی مێژووی زارەکی بکەینەوە، لە تۆمارکردنی ئەزموونی ڕزگاربووان و شایەتحاڵانی ئەم کارەساتە. ئەم شێوازە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ تێگەیشتنی باشتر و قووڵترمان لە ڕەهەندە مرۆییەکانی جینۆساید و بەکارهێنانی شایەتحاڵی زارەکی پێویستە بۆ تەواوکردنی ئەو چیرۆکانەی کە لە بەڵگەنامە فەرمییەکاندا پشتگوێ خراون. هەروەها مێژووی زارەکی دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە بەرەنگاربوونەوەی لەبیرکردن و ئینکاری جینۆساید و بەم شێوەیە نزیکمان بکاتەوە لە ڕاستی و دادپەروەری بۆ قوربانییەکان.



**عەدالەت عومەر**

نووسەر و لێکۆڵەری بواری جینۆساید

لە کۆتاییدا سەبارەت بە گرنگیی مێژووی زارەکی لەو کۆمەڵگەیانەی کە تووشی جینۆساید بوون، دەتوانرێت ئاماژە بە چەند خاڵی سەرەکی بکرێت:

١. گەڕانەوەی یادەوەریی بەکۆمەڵ: مێژووی زارەکی یارمەتیدەرە بۆ وەرگرتنەوە و پاراستنی یادەوەریی بەکۆمەڵ لەو کۆمەڵگەیانەی کە بوونەتە قوربانیی جینۆساید. ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ گواستنەوەی چیرۆك و ئەزموونەکان بۆ نەوەی داهاتوو، بۆ دڵنیابوون لەوەی مێژووەکەیان لەبیر نەکرێت.

٢- دڵنەوایی و چاکبوونەوە: پرۆسەی هاوبەشکردنی چیرۆکی کەسی، دەتوانێت دڵنەوایی و چاککەرەوە بێت بۆ ڕزگاربووانی جینۆساید. ڕێگەیان پێ دەدات، دەنگی خۆیان بدۆزنەوە و هەست و ئەزموونەکان دەرببڕن کە ڕەنگە ساڵانێکە سەرکوت کرابێت.

٣. بەرەنگاربوونەوەی ئینکاری و لەبیرکردن: مێژووی زارەکی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بەرەنگاربوونەوەی ئینکاری و لەبیرکردنی جینۆسایدەکاندا. دەتوانرێت شایەتحاڵی زارەکیی ڕزگاربووان و شایەتحاڵەکان وەك بەڵگە لە دژی ئەو کەسانە بەکاربهێنرێت کە هەوڵی ئینکاری، یان کەمکردنەوەی ئەو کارەساتانە دەدەن.

٤. بەهێزکردنی ناسنامە و یەکێتیی بە کۆمەڵ: مێژووی زارەکی دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە بەهێزکردنی ناسنامە و یەکێتیی بە کۆمەڵ لە نێوان ڕزگاربووان و کۆمەڵگە زیانلێکەوتووەکاندا. هاوبەشکردنی ئەزموونە هاوبەشەکان لە مامەڵەکردن لەگەڵ ستەم و ئازارەکاندا دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ دروستکردنی هەستی سەربەخۆیی و هاودەنگی.

٥. یارمەتیدانی دادپەروەری و ئاشتەوایی: مێژووی زارەکی دەتوانێت یارمەتیی هەوڵەکان بدات، بۆ گەیشتن بە دادپەروەری و ئاشتەوایی لە کۆمەڵگەکانی دوای جینۆسایدا. شایەتحاڵی زارەکی دەتوانرێت لە پرۆسەکانی دادوەریدا کەڵکی لێ وەربگیرێت و یارمەتیدەر بێت لە دەستنیشانکردن و سزادانی تاوانبارانی جینۆساید، لە هەمان کاتدا فەزای تێگەیشتن و قبووڵکردنی مێژوویەکی هاوبەش دەرەخسێنێت.

بە کورتی، مێژووی زارەکی نەك هەر مێژوو تۆمار دەکات و دەیپارێزێت، بەڵکو ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پرۆسەی چاکبوونەوە و بەرەنگاربوونەوەی ئینکاری و بەهێزکردنی یەکڕیزی و یارمەتیدانی دادپەروەری و ئاشتەوایی لەو کۆمەڵگەیانەی کە بە هۆی جینۆسایدەوە کاریگەرییان لەسەرە.

**بەکارهێنانی شایەتحاڵی زارەکی پێویستە بۆ تەواوکردنی ئەو چیرۆکانەی کە لە بەڵگەنامە فەرمییەکاندا پشتگوێ خراون**

**مێژووی زارەکی یارمەتیدەرە بۆ وەرگرتنەوە و پاراستنی یادەوەریی بەکۆمەڵ لەو کۆمەڵگەیانەی کە بوونەتە قوربانیی جینۆساید**

داليا ئيبراهيم:

# کارەکەم بۆم بووەتە سەرچاوەی داهات و بە هیچ شێوەیەک بیر لە کارمەندی ناکەمەوە





**ئافرەتی کورد بە درێژایی مێژوو بە جورئەتەوە بەشداری لە بەڕێوەبردنی ماڵ و پەیداکردنی بژێوی ژیان کردووە، هەمیشە هاوشان و هاوکاری باوک و برا و هاوسەرەکەی بووە، تەنانەت لە ڕۆژانی سەختی پێشمەرگایەتیش لە ژیانی شار و شاخ و ئاوارەییدا هاوبەش و هاوسەفەر بوون. ئەمڕۆش لەگەڵ گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی سەردەم، خانمانی کورد تێکەڵ بە دنیای کار و بزنس بوون، بێ ئەوەی چاوەڕێی دامەزراندن و دەرفەتی کار لە کەرتی گشتی بکەن. ئەوان بەهرەی جۆراوجۆریان لە ماڵداری و دەستڕەنگینی و جوانکاریدا هەیە.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

دالیا ئیبراهیم خانمە گەنجێکی شارۆچکەی کەلارە و لە ئێستادا وەکو بلۆگەرێك لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە برەو بە کارەکانی دەدات. لە دیمانەیەکیشدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان ئاماژە بە جۆری کارەکەی دەکات و هاوکات باس لە پلانی داهاتووی دەکات.

دالیا ئیبراهیم، تەمەنی ٢٤ ساڵە و خێزاندارە و دایکی کوڕێکە بە ناوی (ڕوان)، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانستی تاقیگەی پزیشکی MLs هەیە و بەمجۆرە باسی ئەزموونی کارەکەی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان دەکات: «لە ئێستادا بلۆگەرم و بلۆگەریم وەك پیشە هەڵبژاردووە، ئەویش لەسەر بنەمای ئەو خونەم کە هەمبوو بۆ دیزاینکردن و ڕێکخستنی جلی حیجابی ئافرەتان، لە ئەکاونتەکەم ڕێکخستن و بیرۆکەی جیاواز لە جل بڵاو دەکەمەوە و هاوکات دەستڕەنگینیم لە بوارەکانی دیکە، زۆربەی کەلوپەلەکانی ماڵەوە بەدەستی خۆم دەیانگۆڕم و بە شێوازێکی نوێ و سەردەمییانە ڕێکیان دەخەمەوە، وەك (گۆڕینی بەرگی قەنەفە و بۆیەکردنی دیوار و .. هتد).

دالیا ئیبراهیم سەبارەت بە ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی دەڵێت: «من لە کەلار لەدایك بووم و تا تەمەنی ١٨ساڵی لەوێ ژیام و دواتر بۆ مەبەستی خوێندن ڕووم کردە سلێمانی و بە پشتیوانی خێزانەکەم لە زانکۆ دەستم بە خوێندن کرد. هەر لە زانکۆ بووم لە قۆناغی ساڵی دووەم هاوسەرگیریم کرد و دواتریش بە سەرکەوتوویی بەکالۆریۆسم بەدەست هێنا».

دالیا سەبارەت بە تێکەڵبوونی بە بازاڕی کار و بزنس دەڵێت: «خەونی بلۆگەری لە تەمەنی ١٥ و ١٦ ساڵی کەوتبووە مێشکم، بەڵام لەبەر ئەوەی لە کەلار دەژیام و ئەم شتە زۆر قورس بوو، بوێریی ئەوەشم نەبوو کە بە ماڵەوە بڵێم لەو تەمەنەدا، دوام خست. پاش هاوسەرگیریم حەزەکەم بۆ کار بەدی هات و بۆ هاوسەرم باسم کرد ئەویش زۆر پشتگیرم بوو، هەرچەندە زوو زوو بەبیری دەهێنامەوە و پێی دەگوتم کە دەبێت زۆر ئاگادار بیت لە دەوروبەرت، بەڵام هەر پشتگیری دەکردم.»

ئەو خانمە گەنجە لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: «سەرەڕای ناڕەزایی خێزانەکانمان، من هەر سوور بووم لەسەر بەردەوامبوون لە خواستەکەم، چونکە وام هەست نەدەکرد کە شتێکی هەڵەیە و زۆریش متمانەم بە خۆم هەبوو. لە ئێستادا کارەکەم بووەتە سەرچاوەی داهات بۆم بە جۆرێك بە هیچ شێوەیەك بیر لە کارمەندی و دامەزراندن ناکەمەوە».

وەك دواوتەشی گوتی: «گرنگە ئافرەت هەوڵی سەربەخۆبوون بدات لە بواری ئابووریدا، چونکە ئەوە وای لێ دەکات متمانە بە خۆبوونی زیاد بکات».

**لە ئەکاونتەکەم ڕێکخستن و بیرۆکەی جیاواز لە جل بڵاو دەکەمەوە**

**زۆربەی کەلوپەلەکانی ماڵەوە بەدەستی خۆم دەیانگۆڕم و بە شێوازێکی نوێ و سەردەمییانە ڕێکیان دەخەمەوە**

**پاش هاوسەرگیریم حەزەکەم بۆ کار بەدی هات و بۆ هاوسەرم باسم کرد و ئەویش زۆر پشتگیرم بوو**

## نینا جەمال بۆ گوڵان:

# حەز دەکەم بەیەکجاری بگەڕێمەوە کوردستان



خانمە گۆرانیبێژ نینا جەمال خاوەنی چەند بەرهەمێکی هونەرییە و جگە لە گۆرانیگوتن لە دوو بواری دیکەدا کاری هونەری دەکات، کاری ئەکتەری و شێوەکاری، نینا لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان وەڵامی چەند پرسیارێکی دایەوە.

دیمانە: ئەحمەد تاریق

*** لە سێ بواری جیاواز کار دەکەیت گۆرانیبێژی، نواندن، شێوەکاری، بۆچی زیاتر وەک گۆرانیبێژ ناسراویت؟**

- لە تەمەنی دوازە ساڵیدا ئەو فیلمانەی لە ئوسترالیا کرابێت لە فۆکس تیڤیدیۆ بەشداریم کردووە، بەس وەك مێن ئەکتەر بەشداریم نەکردووە، هەروەها لە تەمەنی دوازە ساڵییەوە گۆرانی دەڵێم بە تورکی و فارسی، چونکە لە ئوسترالیا موزیکژەنی کوردی کەم لێ بوو، بۆیە لەگەڵ تورك و فارسدا کارم کردووە و گۆرانیی تورکی و فارسیم گوتووە، کە گەڕامەوە کوردستان ئەوکات دەستم کرد بەکاری موزیك و گۆرانیی کوردی، وەکو فیلمە کوردییەکان، بۆیە بەشداریم نەکرد سەیرم کرد فیلمەکان لە ئاستی فیلمەکانی وڵاتەکانی دیکە نییە بۆیە نەمویست بەشداری بکەم، جگە لەمەش کە دەتەوێت بەشداری بکەیت فۆرمێکت دەدەنێ پڕی بکەیتەوە، وەك مێن ئەکتەر لەم فۆرمەشدا چەند خاڵێکی تێدایە کە دەبێت قبووڵی بکەیت، بۆنمونە ڕۆڵی ماچ و دەستگرتن، منیش ڕازی نەبووم، بۆیە بەشداریم نەکرد .

*** بۆچی ئەم ڕۆڵانە ڕەت دەکەیتەوە ؟**

- لەبەر ئەوەی خانەوادەکەم و کلتورەکەم، هەروەها ناوبانگی خۆمم خۆش دەوێت، نامەوێت کارێك بکەم لەسەرم بکەوێت، من دەمەوێت بەشداریی فیلمێك بکەم ماچ و دەستگرتنی تێدا نەبێت.

*** خانەوادەکەت حەز دەکەن نینا زیاتر لە کام بواردا سەرکەوێت، گۆرانی یان ئەکتەر یان شێوەکاری؟**

- ئەم بوارانەی کاریان بۆ دەکەم خانەوادەکەم خۆشیان دەوێت، بەڵام زیاتر هانم دەدەن لە فیلمە کوردییەکاندا دەربکەوم، چونکە حەز دەکەن هونەری کوردی بەرەو ئاستێکی باش هەنگاوبنێت.

*** بەم دواییە کە گەڕایتەوە کوردستان لە فیلمێکدا بەشداریت کرد، ئایە ئەم فیلمە تەواو بووە؟**

- ئەم جارە کە گەڕامەوە کوردستان لەگەڵ ڕێباز مەممی بەشداریی فیلمێکی دیکۆمێنتیمان کرد، لەبەر ئەوەی حەزمان کرد فیلمەکە بچێتە دەرەوەی وڵات، بۆیە بە ئینگلیزی بوو، هێشتا فیلمەکە تەواو نەبووە، من ڕۆڵی ئافرەتێك دەبینم کە خیانەت دەکات لە هاوسەرەکەی و منداڵ و هاوسەرەکەی بەجێ دەهێڵێت.

*** گۆرانی یان ئەکتەری، کامیانت خۆشتر دەوێت؟**

- هەردووکیانم خۆشدەوێت، تا ئێستا ئەوانەی کە لێم دەپرسن دەڵێن لە هەردوو بواردا زۆر باشیت، بەڵام زیاتر لە بواری ئەکتەریدا باشتریت، لە هەردوو بوارەکە دەستکەوتی ماددی کەمە، تائێستا یەك دینارم لە کاری هونەری نەهاتووەتە گیرفان، بۆیە ئەوەی کردوومە لە گیرفانی خۆم ڕۆیشتووە بۆ هونەرەکەم هیچ کەسێکیش پشتگیری نەکردووم، تەنیا ئاواتم بەرەوپێشچوونی هونەری کوردییە.

*** بیرت لەوە نەکردووەتەوە کە ببیت بە ئەکتەر و واز لە گۆرانیگوتن بهێنیت؟**

- نەخێر، چونکە هەموو ئاواتی من ئەوەیە هونەری کوردی بەرەو پێش بڕوات و سەرکەوێت.

*** لە کاری هونەریدا مافت خوراوە؟**

- بەڵێ زۆریش، چونکە تا ئێستا یەك دیناری کاری هونەری نەهاتووەتە گیرفانم، کاتێکیش لە ڤین کۆدێکشن ئەلبومی یەکەم و دووەمم کرد بۆ پێنج ساڵ کۆنتراکت کرا، بەڵام نەمتوانی لە یوتیوب بەرهەمەکانی خۆم وەرگرمەوە، کاتێك ویستم لە کەناڵی یوتیوبەکەی خۆم بڵاوی بکەمەوە کارەکانی منیان ڕەش کردبویەوە تاوەکو ئێستاش وەرم نەگرتووەتەوە

*** چ شتێك لە کاری هونەری ساردت دەکاتەوە؟**

- کە دەبینم لە ناوخۆماندا پاك نین و هاوکاریی یەکتر ناکەین تەنیا حەز بە شکستی یەکتر دەکەین، هەوڵ نادەین هەموومان بەیەکەوە کاری جوان بکەین و هونەری کوردی بە هەموو وڵاتانی دراوسێ بناسێنین، بڵێین ئێمەش هونەرێکی دەوڵەمەندمان هەیە، ئەمە زۆر ئازارم دەدات.

*** بۆ لە کلیپەکانتدا غەمبار دەرکەویت ؟**

- لەبەر ئەوەی گەلی کوردێك بەگشتی ناخۆشی و چەوسانەوەی زۆری بینیوە و زوڵمی زۆری لێ کراوە، بۆیە کە گۆرانی دەڵێم بیر لەوە دەکەمەوە کە بەسەر خۆم و گەلەکەمدا هاتووە بۆیە دایم بە هەست و سۆزەوە پەیامەکەم دەگەیەنم.

*** کام گۆرانیی خۆت زۆر بەلاوە خۆشە ؟**

- گۆرانی دوو باڵندەم زۆر خۆش دەوێت کە شیعر و ئاوازی خۆمە.

*** لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێیت ئینشائەڵڵا بە عەشقەکەم دەگەم، بەو عەشقە گەیشتویت؟**

- ئێستاش دەڵێم ئینشائەڵڵا بە عەشقەکەم دەگەم، چونکە دەمەوێت هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێك بکەم کە هونەرمەند بێت و لەمن تێبگات و ڕێگر نەبێت لەکاری هونەریم، چونکە کەس نییە پاڵپشتم بێت، دەمەوێت کەسێك بێت هەردووکمان هاوکاری یەکتربین.



تەلار هیرانی بۆ گوڵان:

# ئادیابین ئەزموونێکی نوێیە بۆ من و شانازیی پێوە دەکەم



**تـەلار بـە یەکێـك لـە چالاکتریـن ئافرەتـە شـانۆکارەکانی کـورد ئەژمـار دەکرێـت، هەروەهـا چەندیـن کاری شـانۆیی بـە تەنیـا لـە کوردسـتان و ئەوروپـا پێشـکەش کـردووە، نـاوی تـەواوی (تـەلار جەمـاڵ خـدر) سـاڵی ١٩٨٥ لـە قۆناغـی خوێندنـی سـەرەتایی بـووە دەسـتی بـەکاری هونـەری کـردووە، بـە شـانۆگەرییەکی منـداڵان بەنـاوی (چۆلەکـەکان) سـاڵی ٢٠١٩ زانکـۆی تـەواو کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٩٦وە لـە تاراوگـە دەژی و لـەوێ زۆرتـر و پرۆفیشـناڵتر بـەردەوام بـووە، لـە شـانۆگەرییەکانی (ماکبێـس و خاڵـە ڤانیـا) و درامـای (چـەرخ و فەلـەك) چەندیـن کاری دیکە ڕۆڵی سەرەکی هەبووە، لە مانگی ڕەمەزان شەوانە لە شاشەی کوردستان تیڤی سـەیری درامـای (ئادیابین)مـان دەکـرد، بـە دیـداری تـەلار لـە ڕۆڵـی ئایشـێ شـادە دەبوویـن، سەبارەت بەم کارە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی خانمە هونەرمەند تەلار هیرانی کرد کە بەم شێوەیە وەڵامـی داینـەوە.**

**دیمانە/ خەلیل بلەیی**

*** بەرجەسـتەکردنی ڕۆڵـی ئایشـە لـە زنجیـرەی ئادیابیـن چـۆن بـوو؟**

- لەڕاسـتیدا پێویسـتە ئـەم پرسـیارە ئاراسـتەی دەرهێنـەر بکرێـت، بـەڵام بـە ڕای مـن ئەگـەر ڕۆڵـی خەدیجـە بـە خەرمـان هیرانـی بدرێـت؛ ئـەوا ڕۆڵـی ئایشـێ بـۆ مـن گونجـاو دەبێـت، چونکـە هارمۆنیایەکـی جـوان دروسـت دەکات و لـە زهـن و خەیاڵـی بینەریشـدا دەمینێتـەوە، کـە ئەوانـە بـە ڕاسـتی خوشـکن، دەرهێنـەر قەناعەتـی هەبـووە کـە مـن دەتوانـم ئـەم ڕۆڵـە بـە باشـی بەرجەسـتە بکـەم.

*** هەستت چۆن بوو کە لەگەڵ خەرمان ڕۆڵ ببینی؟**

- زۆرجـار پرسـیاریان لـێ دەکردیـن یـان پێشـنیاریان بـۆ دەکردیـن کـە بۆچـی مـن و خەرمـان لـە درامایەکـدا پێکـەوە ڕۆڵمـان نەگێـڕاوە، لـە ڕاسـتیدا بەشداریکردنمان لـە هـەر درامایەکـدا دەبـوو کـە ڕۆڵـی دوو خوشـك ببینیـن، چونکـە لێکچوونێکـی زۆر لـە نێوانمانـدا هەبـوو، لـە ڕواڵـەت و دەنگیشـدا، هـەر بۆیـە زنجیرەی ئادیابیـن ئـەم دەرفەتـەی بـۆ ئێمـە ڕەخسـاند ئێمـە ڕۆڵـی دوو خوشـك بگێڕیـن، بەبـێ ئـەوەی ڕەخنەمـان لـێ بگیرێـت یـان ڕۆڵەکـە لـە ئاسـتێکی وا بـەرزدا نەبێـت کـە ئێمـە پێشـبینیمان دەکـرد، بۆیـە دەڵێـم زۆر خۆشـحاڵین بـە بەشـداریکردن لـە زنجیـرەی ئادیابیـن، ئەمـەش بـۆ هەردووکمـان خاڵێکـی وەرچەرخانـی گـەورە بـوو لـە ژیانـی هونەریمانـدا. سـوپاس بـۆ خـودا، پێموایـە ئـەو دوو کاراکتـەرە مایـەی ڕەزامەنـدی بینەریـش بـوو، پێشـتر پێکـەوە بەشـداریمان لـە نمایشـێکی شـانۆیی کردبـوو، بـەڵام لـە درامـادا ئەمـە تاکـە کارێـك بـوو کـە مـن و دادە خەرمـان بەشـداریمان تێـدا کـرد.


خەرمـان خاوەنـی ئەزموونێکـی هونەریـی دوور و درێـژە، بۆیـە کاتێـك قبووڵمـان کـرد بەشـداریی ئـەم کارە بکەیـن، پێشـوەختە بیرمـان لـەوە کردبـووەوە کـە ئـەو ڕۆڵـەی کـە ئێمـە وەك دوو خوشـك دەیگێڕیـن، دەبێـت جیـاواز بێـت لـە ڕۆڵەکانـی پێشـوومان، جـا چ لـە دراما یـان شـانۆدا. بۆیـە زۆر خۆشـحاڵم کـە لـە زنجیـرەی ئادیابیـن شانبەشـانی خەرمانـی خوشـکم ڕۆڵـی دوو خوشـکی هەولێریمـان بینـی.

*** بۆ تۆ ئادیابین چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ کارەکانی پێشووت؟**

-لـە هـەر کارێکـدا بەشـداری بکـەم سـەرەتا پێـم وایـە کـە دەبێـت جیاوازبێـت لـەو کارانـەی کـە پێشـتر بەشداریم تێدا کردووە، دوای بەشداریکردنم لە چەرخ و فەلـەك دەرفەتـی بەشداریکردنم لە زنجیـرەی ئادیابیـن هەبـوو کـە کارێکـی نایـاب و ئاسـت بـەرزە، ئەزموونێکـی نوێیـە بـۆ مـن، چونکـە لـە زۆر ڕووەوە جیـاوازە و چەندیـن تایبەتمەنـدی هەیـە.

یەکێـك لـە خاڵـە گرنگەکانـی بەشـداریکردنم شانبەشـانی خوشـکەکەم (خەرمـان) لـە یـەك بەرهەمـدا، کـە تیایـدا ڕۆڵـی دوو خوشـك دەبینیـن، منیـش بـۆ یەکەمجـار بـە شـێوەزاری هەولێـری ڕۆڵ دەگێـڕم و ئەمـەش بـە ئەزموونێکـی بـاش





دادەنرێت، چونکە یەکەمجارە بە شێوەزارێك جیاواز لەوەی کە قسەی پێ دەکەم ڕۆڵ ببینم و ئەمەش شتێکی ئاسان نییە، چونکە چەند بیر لە هەستی چوونە ناو ڕۆڵەکە و سەرکەوتن تێیدا دەکەیتەوە، دوو ئەوەندەش بیر لەوە دەکەیتەوە کە وشە و دەربڕینەکانت درووست بن، ئادیابین ئەزموونێکی زەحمەت و خۆش و زۆریش تایبەت بوو بۆ من.

*** تێبینی و سەرنجەکانت لەسەر ڕۆڵی تۆ لە زنجیرەی ئادیابین چی بوو دوای ئەوەی وەك بینەرت سەیرت کرد؟**

- لە ڕاستیدا من ڕۆژانە بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێی نمایشکردنی زنجیرەکە بووم، حاڵەتێك هەیە هەموو ئەکتەرێك پێیدا تێپەڕ دەبێت، کاتێك سەیری کارەکەی خۆی دەکات چەندین پرسیاری لا درووست دەبێت، بۆچی ئەمەم و ئەم جوولە یان حیوارەم بەو شێوەیە بوو، یان نەدەبوو وا بکەم و دەیان پرسیاری دیکە، ئەمەش هەستێکی ئاساییە بۆ هەموو هونەرمەندێك، من زۆر دڵخۆشم بە ڕۆڵەکەم، بەڵام زۆر شت هەیە کە دەمتوانی باشتر لەوەی کە کردوومە ئەنجامی بدەم، ئەمەش پەیوەستە بە زۆر بارودۆخەوە، وەك کەمیی کات و قەرەباڵغی لە کاتی وێنەگرتن، پەلەکردن بۆ تەواوکردنی وێنەگرتن، کاتێکی تەواومان نەبوو بۆ ئەوەی بەو شێوەیەی کە دەمانویست بیکەین، ئێستا زنجیرەکە دەبینین لەسەر شاشەکان پیشان دەدرێت و بە وردی سەیری دەکەین و کەم و کورییەکان دەبینین، بەڵام لە کاتی وێنەگرتندا کاتێکی تەواومان نەبوو بۆ بیرکردنەوە و ئەوەی ئێمە ئاواتەخوازین باشتر ئەنجامی بدەین.

*** کەواتە سەرنجت لەسەر ڕۆڵەکەت هەیە؟**

- زۆر ڕەخنە لە خۆم دەگرم، نەك لە ئادیابین بەڵکو لە کارەکانی پێشووتر و لە شانۆگەرییەکانیش، کاتێك سەیریان دەکەم، دەڵێم دەکرا باشتر بوومایە، دەکرا دەنگەکە باشتر بوایە، لە ڕاستیدا دەکرا نواندنەکەم باشتر بێت لەوەی کە پێشکەشم دەکرد.



*** پێتوایە ئادیابین ببێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی جەماوەر دووبارە ڕوو لە درامای کوردی بکاتەوە؟**

- گومانم لەوەدا نییە کە ئادیابین هەنگاوێکی زۆرگەورەی بڕی، بۆچوونی خەڵك و تامەزرۆیی بۆ سەیر کردنی شایەدی ئەوەن، بە هەموو کەم و کورتییەکانی و ئەو ڕەخنانەی شارەزایانی بواری مێژوو هەیانبوو، بەڵام ئادیابین بۆمبێك بوو تەقییەوە و وایکرد کە خەڵك وەکو جاران لە دەوری تەلەفزیۆن کۆ ببنەوە و بە تامەزرۆییەوە سەیری بکەن.

*** ئەگەرساڵانە ٥ تا ٦ کاری هاوشێوەی ئادیابین هەبێت دەتوانین وابکەین بینەر دووبار ئاشت بکەینەوە لەگەڵ دراما یان پێویستی بە هەوڵی زیاترە؟**

- زۆر جار بە چەندایەتی نییە، بەڵکو بە چۆنایەتییە، چۆنی کوالێتی دراماکە، دوای ساڵانێکی زۆر ئادیابین کەوتە بەرچاوی بینەر، بەڵام کاردانەوە و پێشوازییەکی باشی هەبوو لای جەماوەر، ئەگەر ساڵانە سێ تا چوار بەرهەمی هاوشێوە ئەنجام بدرێت ئەوە کارێکی زۆر گرنگە چ جای ئەوەی ببێتە پیشەسازی، چونکە سینەما و دراما پارەیەکی زۆری تێدا خەرج دەکرێت و دەبێت پارەکە بهێنێتەوە، ئێمە هیواخوازین درامای کوردی دۆبلاژ بکرێت بۆ زمانی دیکە و لە دەرەوە نمایش بکرێت، بەڵام بۆ ئەکتەرەکان ئەگەر ساڵانە لە چەند کارێکدا بەشدار بن، ئاستی نواندنیان زۆر زۆر بەرزتر دەبێت و جوانتر کاراکتەر بەرجەستە دەکەن.

*** وەڵامت چییە بۆ ئەو ڕەخنانەی لە ئادیابین دەگیرێن؟**

- ئەمە هەواڵێکی دڵخۆشکەرە کە بینەر دەیبینێت و بۆی ڕوون دەبێتەوە کە ئێمە نواندن ناکەین، بەڵکو کاراکتەرەکە وەکو خۆی نیشان دەدەین، چونکە ئەکتەر کە ڕۆڵێك دەبینێت موبالەغەکردن و درێژدادڕی هۆکارەکەی ئەوەیە کە نەچووەتە ناو خەڵك و نواندن دەکات، من پێم سەیرە کە دەڵێن نواندنی شانۆیی لە درامادا کردووە، چونکە ئەگەر بتوانی لە شانۆدا بە سادەیی و جوانی و ڕاستگۆیی نواندن بکەیت، لە دراماشدا بە هەمان شێوەیە، هەرچەندە جیاوازییەکی کەمیان هەیە، بەڵام کاریگەرییان نابێت لەسەر ڕاستگۆیی لە نواندن، چونکە بینەر دەزانێت بە وردی دیراسەی کاراکتەرەکەت کردووە و ناسیوتە و بووی بەو کاراکتەرە، نواندن پێش هەموو شتێك سادەییە نەك موبالەغە کردن، بۆ من جێی خۆشحاڵییە کە جەماوەر بەو شێوەیە دەمانبینێت و بە ئومێدی ئەوەم کە بە کاری داهاتوو هەست بکەن کە ئێمە چەند کاراکتەرەکەمان خۆش دەوێ و بە سادەیی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین.

MOSCOW KURDISH FILM FESTIVAL

# چوارەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی (مۆسکۆ) لە ڕووسیا بەڕێوە دەچێت

چوارەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی مۆسکۆ (MKFF) بە سەرۆکایەتی (کەرەم گەردەن زەری) ئاوازدانەر و گۆرانیبێژی ناوداری کوردی دانیشتووی وڵاتی ڕووسیا، بە مەبەستی ڕەنگدانەوەی فەرهەنگ، مێژوو و پاراستنی شوناسی نەتەوەیی و زمانەوانیی کوردەکان و هەروەها ژیانی مۆدێرنی ئەم نەتەوە ڕەسەنە، بە نمایشی کۆمەڵێک بەرهەم لە بەشی پێشبڕکێی فیلمە درێژەکان، بەڵگەفیلم، کورتە فیلم، بەشی (شەویی سینەمای کوردی) بەشی نمایشی باشترین فیلمەکانی ڕووسیا و پێشانگەی کەلتووری و هونەریی لە ڕۆژانی ١٨ تا ٢٢ی ئەیلوولی ٢٠٢٤ لە شاری مۆسکۆ بەڕێوە دەچێت.

بەرپرسانی چوارەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردیی مۆسکۆ، داوا لە هەموو ئەو فیلمسازانە دەکەن کە فیلمیان سەبارەت بە کورد یا بە ناوەرۆکی کورد ساز کردووە وەك: تاکو فیلمی، بەڵگەفیلم و کورتە فیلمەکانی خۆیان بۆ بەشداری لە بەشی پێشبڕکێی ئەم ڕووداوە سینەماییە لە ڕێگەی ماڵپەڕی (فیلم فری وەی)» بە ناونیشانی https://filmfreeway.com/MoscowKurdishFilmFestival بنێرن و ڕۆژی ١٠ی حوزەیرانی ٢٠٢٤ دوایین مۆڵەتی ناردنی بەرهەمەکان دیاری کراوە.

خەڵاتی (هەتاوی زێڕین) لە پێنج بەشدا، لەوانە؛ باشترین فیلمی درێژ، باشترین بەڵگەفیلم، باشترین کورتە فیلمی چیرۆکی، باشترین بەڵگەفیلمی کورت و هەروەها خەڵاتی هاوبەشی لە سینەمای کوردیدا پێشکەش بە براوەکان دەکرێت.

بەرپرسانی چوارەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی مۆسکۆ لە ڕاگەیێندراوێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایانگەیاند: «ئەم فێستیڤاڵە لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا بووەتە ڕووداوێکی باوەڕپێکراو و خۆشەویست لەلایەن هۆگرانی سینەما، بەتایبەت جێگای خۆشحاڵییە کە نەك تەنیا کوردانی تاراوگە و نیشتەجێی وڵاتی ڕووسیا بوونەتە هۆگری فێستیڤاڵەکە، بەڵکو ساڵی پار سەرنجی زۆری لە لایەن پیشەگەڕانی سینەما و بینەرانی ڕووسیا بۆ لای خۆی ڕاکێشا و، هەر ئەوە گرنگترین تایبەتمەندییە کە ئێمە لە ئێستادا سەرقاڵی ئەنجامدانی کارێکی گرینگ و پێویستین، ساڵی ٢٠٢٣ توانیمان پێشانگایەکی هونەری هاوچەرخی کوردی بەڕێوە بەرین.»

لە ڕاگەیێندراوکەدا ئەوەش هاتووە: «ساڵی پار تەرکیز خرابووە سەر سینەمای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەو مێژوو و دابونەریتە دەوڵەمەندەی کە هەیەتی، ئەمساڵیش بە شێوەی گشتیی تەرکیزمان خستووەتە سەر ئاخاوتن و وتووێژی کلتووری و هاوکاری لەگەڵ سینەمای ڕووسیا. کوردەکان یەکێك لە کۆنترین نەتەوەکانی جیهانن، هەر بەم پێیە مێژوویەکی دەوڵەمەند و فەرهەنگێکی جیاواز و جۆراوجۆریان هەیە، کە هەموو ئەم تایبەتمەندییە جوانانە لە سینەمای هاوچەرخی کوردیدا خۆی دەرخستووە.»

سارا عەبدوڵڵا

یاریزانی تۆپی باسکەی یانەی زانکۆی سەڵاحەدین:

# هەتا شکست نەهێنی سەرکەوتوو نابیت



*** ئاستی یاریی باسکە لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- یاریی باسکە وەکو یاریی تۆپی پێی نییە کە زۆر بەناوبانگ بێت، لە کوردستانیش وەکو پێویست گرنگی پێ نەدراوە، زیاتر لە وڵاتانی دەرەوە گرنگیی هەیە، لێرە بە کەمی خول و پاڵەوانێتی بۆ دەکرێتەوە.

***ئەنجامدانی پاڵەوانێتیی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

-کەمیی پاڵەوانێتییەکان بێگومان گرفتێکی گەورەیە لە بەردەم یاریزانەکاندا، چونکە یانەکانیش گرنگی بەم یارییە نادەن، ئەمەش وا دەکات کە یاریزانی زۆر دروست نەبێت، بۆیە دەبێ زیاتر گرنگی بە خولەکانی باسکە بدەن، لێرە تەنیا گرنگی بە یاریی تۆپی پێی دەدرێت و یارییەکانی دیکە ون بووە.

*** چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان بەرز بکرێتەوە؟**

-واباشە بۆماوەی یەك بۆ دووساڵ گرنگیی تەواو بە باسکە بدرێت و خول و پاڵەوانێتی بۆ بکرێتەوە، جگە لەوەش دەتوانن لە ڕێگەی قوتابخانەکان و پەیمانگە و زانکۆکانەوە ئەم یارییە هەڵستێننەوە، پێویستە هەردوو یەکێتی تۆپی باسکەی کوردستان و عێراق هاوکار بن بۆ ئەوەی یاریزانە بەتواناکان گرنگی بە کچەکانیش بدەن، زۆرجاریش یاریزانەکان ڕوو لە یارییەکانی دیکە دەکەن، پێویستەگرنگی بە کچە یاریزانەکان بدرێت.

*** گرفتی وەرزشیی باسکە لە چیدا دەبینی؟**

**تا ئێستا لە شاری هەولێر وەکو پێویست گرنگی بە تۆپی باسکەی کچان نەدراوە لە لایەن یانەکانەوە، ئەوەی هەشە، تەنیا چەند یانەیەکن کە گرنگی بە یاریی تۆپی باسکەی کچان دەدەن، تیپەکانیش تەنیا بۆ خول و پاڵەوانیتییەکان ئامادە دەکرێن، بەڵام ژمارەیەك لە یاریزانان کە قوتابی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشین و بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان بتوانن یارییەکانی دیکەی وەرزشی زیندوو بکەنەوە، مەشقی بەردەوام دەکەن بۆ گەیشتن بە خەونەکانیان، یانەی زانکۆی سەلاحەدین بەردەوام گرنگی بە وەرزشی کچان دەدات لە شاری هەولێر و بەشداریی چالاکییە وەرزشییەکان دەکات، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش (سارا عەبدوڵلا محمدئەمین)ـە، کە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٠ی پارێزگای هەولێرە و قوتابی کۆلێژی پەروەردەی جەستەیی و زانستە وەرزشییەکانە، جگە لە یاریی باسکە لە خولی عێراقی یاریی تۆپی پێی بۆ چەندین یانە کردووە، ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجام دا.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

- ئەم یارییە فەرامۆش کراوە بۆیە هیچ گرفتێکیش نابینم بەهۆی نەبوونی خول و پاڵوانێتییەوە.

***لەلایەن یانەکانەوە گرێبەستت پێشکەش کراوە؟**

- بەڵێ لە یانەی ئاسۆ گرێبەستم بۆ هاتووە، خۆشم زیاتر گرنگی بە یاریی تۆپی پێی دەدەم.

***بەنیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك؟**

- وەکو کچە کوردێك حەز دەکەم گرنگی بە سەرجەم یارییە وەرزشییەکان بدرێت، نەك تەنیا یەك جۆرە یاری، هەروەها هێنانە پێشەوەی ئافرەتی وەرزشکار و تا توانین خزمەتی وەرزشی کوردستان بکەین، هیچمان لە وڵاتانی دەرەوەکەمتر نییە.

*** هەست ناکەی ئەم یارییە لە ڕووی تەکنیکەوە قورسە بۆ یاریزانان، بۆیە یاریزانان ناتوانن وەکو پێویست بێنە ناو ئەم یارییە؟**

-بۆمن وەکو یاریزان هیچ زەحمەتییەکی تێدا نابینم، چونکە زیاتر تەکنیکە و یاریزان دەتوانێ بەسەریدا زاڵ بێ و سەرکەوتوو بێ، لای من یەکێك لە خۆشترین یارییەکانە و جیاوازە لە یارییەکانی دیکە.

***داوکاری وپێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی؟**

-داواکاریم لە لایەنی بەرپرسی وەرزشی ئەوەیە گرنگی بە سەرجەم وەرزشەکان بدەن، بەتایبەتیش ئافرەتان، بۆ ئەوەی ئێمەش وەکو کچانی دەرەوە بتوانین تواناکانی خۆمان زیاتر پەرە پێ بدەین.

***خەونی وەرزشیت چییە وەکو کچە یاریزانێکی کورد؟**

-خەونم ئەوەیە ببمە باشترین وەرزشوان چ وەکو یاریزان یان ڕاهێنەر لە هەر بوارێکی وەرزشیدا بێ.

***بەهیوای ئەوە نیت کە هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە بیت؟**

-ئەوە هیواو و ئاواتی منە ئەو هەڵبژاردەیە دروست بێ و منیش یەکێك لە یاریزانەکانی بم، ئەوەش بۆمن هەستێکی یەکجار خۆشە.

***خولەکانی عێراقی بەهێزترە یان کوردستان؟**

- بێگومان خولەکانی عێراقی بەهێزترە و تام و چێژی زیاترە لە خولەکانی عێراقی وەرزشوانی زۆر باشی تێدایە.

*** بە چ یاریزانێکی جیهانی سە ر سا میت ؟**

- کریستانۆ و ڕۆناڵدۆی بەرازیلی و میسی و بنزیما.

***بۆچی یاریی باسکەی کچان لە شاری هەولێر زۆر لە ئستێکی خراپدایە؟**

- لە کوردستان زیاتر گرنگی بە تۆپی پێی دەدرێ، بەهۆی ئەوەی هەموو کەسێك حەزی لەم یارییە، هیچ کەسێك نەهاتووە بڵێ تیپێك دروست بکەین بۆ یاریی باسکە، یانەکان و کەسەکانیش کەمتەرخەمن، یەکێتی باسکەش وەکو پێویست نەبووە بۆ یاریی باسکە، یاریزانی باسکە زۆر کەمە لە ئاستی کوردستان.

***سەرکەوتن چ هەستێك دەگەێنێ لای تۆ؟**

-هەتا شکست نەهێنی سەرکەوتوو نابی، لە سەرکەوتنەوە فێری زۆر کاری گەورە دەبیت.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان کە پشتگیریی یایزانەکانی کوردستان دەکات، هیوادارم گرنگی بە کچانی وەرزشکار بدرێ و ئەم یارییە بەرەوپێش بچێت، بەرپرسانیش تەنیا گرنگی بە تۆپی پێی نەدەن.



# ئاسۆ ڕۆستم لە یانە تازەکەی ئاسوودەیە

ئەستێرە کوردەکانی شارەکانی کوردستان بوونەتە جێگەی سەرنجی بەشێکی زۆری یانەکانی دەرەوەی هەرێم و چاوەکانیان لە سەرە، (ئاسۆ ڕۆستم) هێرشبەری پێشووی یانەی هەولێر کە ئەم وەرزە لە یانەی شورتەوە پەیوەندی بە یانەی هەولێرەوە کرد، بەهۆی ئەوەی کە نەیتوانی ئاستی وەکو پێویست بێت، بڕیاری ڕۆیشتنی لە یانەکە دا، پێش داخستنی دەرگای گواستنەوەی یاریزانان ئاسۆ بە فەرمی پەیوەندی بە یانەی ئیستقلالی خوزستانی ئێرانەوە کرد، بۆ ئەوەی لە خولی پیشەگەرەکانی ئێرانی بتوانێ ئاستێکی بەرز لەگەڵ یانە ئێرانییەکە پێشکەش بکات، لەم بارەشەوە ئاسۆ ڕۆستەم بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەم وەرزە پەیوەندیم بە یانەی ئیستقلالی خوزستانی ئێرانەوە کردووە بۆ ئەوەی بتوانم لەگەڵ ئەم یانەیە خولێکی دیکەی نێودەوڵەتی تاقی بکەمەوە، لە خولی پیشەگەرانی ئێرانی زۆر ئاسوودەم و دەمەوێ ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم و یارمەتییان بدەم لە بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لەم وەرزەدا، خولی ئێرانی خولێکی بەهێزە و چەندین یانەی بەهێز تێیدا کێبڕکێ دەکەن بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، تاکو ئێستا دوو گۆڵم تۆمار کردووە و هەوڵیش دەدەم یاری بۆ یاری ئاستم بەرەوپێش ببەم و بتوانم گۆڵی زیاتر بۆ یانەکەم تۆمار بکەم، ئەوەی لە توانامدا بێت بۆ یانەکە پێشکەشی دەکەم، هیچ کێشە و گرفتێکیشم نییە و ڕۆژانە یەکە مەشقییەکان ئەنجام دەدەم».



# بۆ یەکەمجار لە مێژوودا ئاکرێ نازناوی خولی نایابی یانەکانی کوردستانی بەدەست هێنا

دوای ئەنجامدانی ٣٠ گەڕ لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، بۆ وەرزی ٢٠٢٤/٢٠٢٣ بە بەشداری ١٦ یانە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان و بە سەرپەرشتی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان، یارییەکان لە یاریگە جیاوازەکانی کوردستان بەڕێوە چوون، دەستپێکی وەرزی نوێ تاکو دوایین هەفتەی خولەکە کێبڕکێ و ململانێ بەهێز هەبوو لە نێوان یانەکان، یانەی ئاکرێ بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا توانی لە دوایین هەفتەدا نازناوی خولەکە یەکلا بکاتەوە کاتێك بە بێ گۆڵ لەگەڵ یانەی چوار قوڕنە یەکسان بوو و، جامەکەش بۆ یەکەمجار بباتەوە ئاکرێی پایتەختی نەورۆز، یانەکە بە پێکهاتەیەکی بەهێز و لەسەر دەستی هەژار سابیری ڕاهێنەری لاو و کۆمەڵێك یاریزانی پیشەگەری شەڕی یانەکانی دیکەی کرد، ئاکرێ لە کۆی ئەنجامدانی ٣٠یاری توانی ٥٠خاڵ کۆبکاتەوە، لە ١٣ یاری براوە بووە و ١١ یاریش یەکسان بووە و ٦ یاری تووشی شکست بووە، ٣٢گۆڵی کردوە و ٢٤ گۆڵیشی لێ کراوە، یانەی پێشمەرگەی هەولێریش پلەی دووەمی بەدەست هێنا بە کۆکردنەوەی ٤٩خاڵ، یانەی شێروانەش پلەی سێیەمی بەدەست هێنا بە کۆکردنەوەی ٤٨خاڵ، هەرچی یانەکانی ڕاینە و سیروانی نوێشە بە کۆکردنەوەی ٤١خاڵ پلەکانی چوارەم و پێنجەمیان بەدەست هێنا، یانەی سۆرانیش بە کۆکردنەوەی ٣٠خاڵ دابەزییە ڕیزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان و یانەی دهۆکیش بە جیاوازیی گۆڵ و بە کۆکردنەوەی ٣٦خاڵ دابەزی بۆ ڕیزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، برایەتی و ئارارات و شەقلاوە ٣٦خاڵ و بەجیاوازیی گۆڵ مانەوەی خۆیان لە خولی پلە نایاب مسۆگەر کرد. ئەم وەرزە تا کۆتا هەفتە پاڵەوانی خولەکە دیار نەبوو، دوایین هەفتەش گەڕێکی پڕ ڕکابەری و بەهێز بوو بۆ مانەوەی یانەکان و دیاریکردنی چارەنووسی پاڵەوانی خولەکە، هەریەك لە یاریزانان دانا کامەران بە تۆمارکردنی ١٨گۆڵ لە یانەی پێشمەرگەی هەولێر و یادگار ئیبراهیم لە یانەی سەیدسادق بە تۆمارکردنی ١٨گۆڵ بوونە گۆڵکاری خولەکە.



# ئەو هۆکارانەی پیربوون تاودەدەن

پیربوون Aging بریتییە لە چەند گۆڕانێکی فسیۆلۆژی لە لەشدا، پرۆسەیەکی حەتمی و ئاڵۆزە، بەڵام خێراییەکەی لەبەر چەند هۆکارێك لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازە. بەهەرحاڵ، ئەو هۆکارانەی کە کرداری پیربوون تاودەدەن بریتین لە: کەم خەوی کە هاندەرە بۆ زووتر دەرکەوتنی لۆچ و خاوبوونەوەی پێست، جگەرەکێشان کە جگە لە زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجە هاندەرێکی بەهێزە بۆ شۆڕبوونی پێست و زوو دەرکەوتنی لۆچەکان لە ڕێگەی کەمکردنەوەی هاتووچۆی خوێن بۆ پێست و کەمبوونەوەی دروستبوونی پرۆتینی کۆلاجین لە پێستدا، بەرکەوتنی زیاد بە تیشکی خۆر، چونکە تیشکی سەرووی وەنەوشەیی پرۆتینی کۆلاجینی پێست تێك دەشکێنێت، وشکبوونی پێست، خۆراکی ناهاوسەنگ کە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ و شەکرە و نەخۆشیی دیکە بەرزدەکاتەوە، ئەنجام نەدانی مەشقی وەرزشی لەوکاتەی کە مەشقی وەرزشی هاندەرە بۆ بەهێزکردنی ماسوولکەکان و باشترکردنی مەزاج و سوودی دیکە کە پیربوونی پێست دوا دەدەخەن، دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵ یان هەڵبژاردنی ژیانی تەنیایی کە ئەگەری تووشبوون بە پەستی و خەمۆکی زیاد دەکات کە هۆکارن بۆ زووتر پیربوونی پێست، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن کە گرفتەکانی پەیوەست بە تەمەن سەختتر دەکات، زیاد گرژکردنەوەی ماسوولکەکانی دەموچاو لەکاتی سەیرکردن یان لەکاتی کاردانەوە دەروونییەکاندا، هەروەها بەسەرنەکردنەوەی تەندروستی و ئەنجام نەدانی چەند پشکنینێکی دەوری، بەتایبەتی پێوانەی ئاستی کۆلیسترۆڵ و شەکری خوێن کە پێویستە ساڵانە ئەنجام بدرێن پاش تەمەنی ٥٠ ساڵی.



# شوکولاتەی تاریک هاندەرە بۆ دابەزاندنی کێشی لەش

شوکۆلاتەی تاریک Dark chocolate کە ڕێژەی کاکاو تیایدا لە ٧٠٪ کەمتر نەبێت، گەلێك پێکهاتەی گرنگ لەخۆدەگرێت بەتایبەتی ماددە دژەئۆکسانەکانی پۆلیفینۆلەکان و فلاڤۆنۆلەکان لەگەڵ کاتێچینەکان Catechins کە ڕۆڵی بەرچاویان بۆ پاراستنی تەندروستی هەیە، بۆنموونە پاراستنی تەندروستیی دڵ، کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، باشترکردنی فرمانەکانی مێشك، جگە لەمانە، شوکولاتەی تاریك بە چەند ڕێگەیەك هاندەرە بۆ دابەزاندنی کێشی لەش بە مەرجێك بە بڕی دیاریکراو بخورێت کە ڕۆژانە لە ٣٠ گرام زیاتر نەبێت، چونکە شوکۆلاتە ڕێژەیەکی بەرزی وزە بە شێوەی چەوری و شەکر لەخۆدەگرێت، زیاد خواردنی لەوانەیە هاندەر بێت بۆ زیادبوونی کێشی لەش، شوکۆلاتەی تاریك بەم میکانیزمانە هاندەرە بۆ دابەزاندنی کێش:

- باشترکردنی هەستیاریی خانەکانی لەش بۆ هۆرمۆنی ئینسولین، واتە هاندانی خانەکانی لەش کە گلوکۆزی خوێن وەربگرن و بۆ وزە بەکاری بێنن، ئەمەش ڕێگە لە کۆبوونەوەی شەکر و گۆڕینی بۆ چەوری یان خەزنکردنی چەوری لە لەشدا دەگرێت، بە مانایەکی دیکە هاندانی دابەزاندنی کێشی لەش.
- کەمکردنەوەی هەستی برسیبوون و کەمکردنەوەی ئارەزووی خواردن، بەتایبەتی حەزی شیرینی کە هاندەرن بۆ دابەزاندنی کێشی لەش لە ڕێگەی کەمبوونەوەی ئاستی هۆرمۆنی گەرێلین Ghrelin کە هۆرمۆنێکی هاندەرە بۆ هەستکردن بە برسیبوون.
- باشترکردنی مەزاج و سووککردنی سترێس، کە هاندەرێکی گرنگە بۆ دابەزاندنی کێشی لەش.



# ئەو خۆراکانەی کۆلیسترۆڵی زۆریان تێدایە

هەنگاوێکی گرنگی کۆنترۆلکردنی ئاستی بەرزی کۆلیسترۆڵ لە خوێندا بریتییە لە دوورکەوتنەوە یان کەمکردنەوەی ئەو خۆراکانەی کە ڕێژەیەکی بەرزی کۆلیسترۆڵ لەخۆدەگرن یان ڕێژەیەکی بەرزی چەورییە تێرەکان لەخۆدەگرن کە هاندەرە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیسترۆڵی خراپ LDL لە خوێندا،بەگشتی ئەو شەش خۆراکەی کە ڕێژەی بەرزی کۆلیسترۆڵ لەخۆدەگرن بریتین لە:

١- هێلکە کە نزیکەی ١٥٠-٢٠٠ ملگم کۆلیسترۆڵی تێدایە.

٢- گۆشتی پرۆسێسکراو وەکو باکۆن، سۆوسەج، یان هۆت دۆگ کە دەوڵەمەندن بە کۆلیسترۆڵ و چەورییە تێرەکان.

٣- مەحار(گوێچکەماسی) و ڕۆبیان کە ڕێژەیەکی بەرزی کۆلیسترۆڵیان تێدایە، بۆ نموونە ١٨٥ ملگم کۆلیسترۆڵ لە هەر ١٠٠ گرام ڕۆبیانی برژاودا هەیە.

٤- کەرە، بۆ نموونە کەوچکێکی گەورەی کەرە (١٤ گرام) نزیکەی ٣١ گرام کۆلیسترۆڵ لەخۆدەگرێت لەگەڵ حەوت گرام چەورییە تێرەکان.

٥- گۆشتی سوور، بۆنموونە ١٠٠ گرام گۆشتی سوور نزیکەی ٩٠ گرام کۆلیسترۆڵ و حەوت گرام چەورییە تێرەکان لەخۆ دەگرێت.

٦- جگەر کە یەکێکە لەو خۆراکانەی بەرزترین ئاستی کۆلیسترۆڵ لەخۆدەگرێت، جا جگەری ئاژەڵ یان جگەری پەلەور، بۆنموونە ١٠٠ گرام جگەر نزیکەی ٥٦٣ ملگم کۆلیسترۆڵی تێدایە لەگەڵ دوو گرام چەورییە تێرەکان.



# نیشانەکانی کۆبوونەوەی چەوری لە جگەردا

کۆبوونەوەی چەوری لە جگەردا Fatty liver بە نەخۆشی هەژمار دەکرێت و کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر فرمانەکانی جگەر، بە تێپەڕبوونی کات لەوانەیە ببێتە هۆی مۆمبوونی جگەر Cirrhosis یان شێرپەنجەی جگەر کە ژیان دەخەنە مەترسییەوە. کۆبوونەوەی چەوری لە جگەردا بە نەخۆشییەکی هێمن دادەنرێت، چونکە لە سەرەتادا لەوانەیە کە بێ نیشانە بێت یان چەند نیشانەیەکی سووکی هەبێت بە شێوەی هەستکردن بە ماندووبوون لەگەڵ هەستکردن بە ناڕەحەتی یان ئازار لە بەشی سەرەوەی سکدا. کۆبوونەوەی چەوریی جگەر کە پەرەدەسەنێت، دەبێتە هۆی هەوکردن و تێکدانی خانەکانی جگەر، ئەوکاتە نیشانەی توندتر دەردەکەون کە بریتین لە: هەستکردن بە ماندووبوونێکی سەخت، بێهێزبوون و هیلاکیی جەستەیی، کەمبوونەوەی کێشی لەش، زەرتك Jaundice واتە زەردهەڵگەڕانی پێست و سپێنەی چاو، بەرجەستەبوونی موولوولەکانی خوێن لە پێستدا، خورشتی بەردەوام. لە حاڵەتە سەختەکانی کۆبوونەوەی چەوری لە جگەردا کە بووبێتە هۆی تێکدانی خانەکانی جگەر و مۆمبوون، نیشانەی دیکە لە تووشبوودا سەرهەڵدەدەن وەکو: کەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن، ونکردنی زیادی کێشی لەش، زیاتر زەردهەڵگەڕانی پێست و سپێنەی چاو، هێڵنج و ڕشانەوە، ئازاری جگەر، خوێنبەربوون بە زەبر یان برینێکی سووك و بچووك، گۆڕان لە کەسێتیدا، ئاوسانی قاچ و پێیەکان، خورشتێکی سەختی پێست، هەروەها تۆخبوونی ڕەنگی میز.



# دابەزینی ئاستی شەکری خوێن مەترسیدارە!

دابەزینی ئاستی شەکری خوێن Hypoglycemia ئەگەر زوو چارەسەر نەکرێت، ئەوا ژیان دەخاتە مەترسییەوە. شەکری خوێن کە شەکری گلوکۆزە Glucose، پێویستە بۆ وزەی لەش، بڕی زیاد لە جگەر و ماسوولکەکاندا خەزن دەکرێت بۆ کاتی پێویست. دابەزینی ئاستی شەکری خوێن بەوە پێناسە دەکرێت کە ئاستی گلوکۆز لە خوێندا نزمتر دەبێت لە ٧٠ملگم لە هەر دێسیلیترێکی خوێندا. دابەزینی شەکری خوێن زیاتر لە کەسانی تووشبوو بە نەخۆشیی شەکرەدا ڕوودەدات، نیشانەکانی دابەزینی ئاستی شەکری خوێن: زیادبوونی لێدانەکانی دڵ، لەرزینی لەش، پەستی و تووڕەبوون لە ئەنجامی زیاد دەردانی هۆرمۆنی نۆرئێپینێفرین Norepinephrine، ناڕەحەتیی دەروونی و شێوان لەبەر کەم گەیشتنی شەکری گلوکۆز بە خانەکانی مێشك، سەرئێشە لەبەر کەمیی گلوکۆز بۆ شانەکانی مێشك، سەرسووڕان، هەستکردن بە برسیبوون، هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکی، گرفت لە قسەکردندا، ئارەقەکردن لەکاتی ڕۆژ یان لەکاتی نووستندا، هەروەها لە حاڵەتە سەختەکانی دابەزینی ئاستی شەکری خوێندا کە کەمتر بێت لە ٥٤ ملگم لە هەر دێسیلیترێکی خوێندا، ئەوا نیشانەی توندتر سەرهەڵدەدەن وەکو گرفت لە بینین و پیادەڕۆییدا، یان لەهۆشچوون، هەندێك جاریش تووشبوو تووشی پەرکەم Seizure دەبێت، لێرەدا ژیانی تووشبوو بە توندی دەکەوێتە مەترسییەوە ئەگەر بە خێرایی چارەسەر نەکرێت.





# بەهای خۆراکیی ئەناناس

میوەی ئەناناس Pineapple بەهایەکی خۆراکیی بەرز و گەلێك سوودی تەندروستیی هەیە، چونکە دەوڵەمەندە بە ڕیشاڵ، پرۆتین، ڤیتامینەکانی A، C، B9، B6، B5، B2، B1، لەگەڵ کانزاکانی کالسیۆم، ئاسن، مەگنسیۆم، پۆتاسیۆم، کۆپەر، زینك، مەنگەنیز، هەروەها ئەنزیمی برۆمەلین Bro-melain و مادده دژەئۆکسانەکان بەتایبەتی بیتا کارۆتین Beta-carotene. سوودە تەندروستییەکانی ئەناناس: پاراستنی تەندروستیی چاو بەتایبەتی گۆڕانەکانی پەیوەست بە تەمەن کە لە سەنتەری تۆڕی چاودا ڕوودەدەن AMD، کەمکردنەوەی ئەگەری ڕەبوو و سووککردنی هەناسەتەنگی و نیشانەکانی دیکە لە تووشبووانی نەخۆشیی ڕەبوودا بەهۆی ڕێژە بەرزەکەی ئەنزیمی برۆمەلین و ماددەی دژەئۆکسانی بیتا کارۆتین، کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن، خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە چەند جۆرێکی شێرپەنجە، بەتایبەتی شێرپەنجەی کۆڵۆن و ڕێکە، ڕێکخستنی ئاستی شەکری خوێن و ئاستی هۆرمۆنی ئینسولین، کۆنترۆڵکردنی ئاستی چەورییەکانی خوێن، باشترکردنی تەندروستیی کۆئەندامی هەرس بە شێوەی کەمکردنەوەی ئەگەری قەبزی و ڕێکخستنی جوولەی ڕیخۆڵە، هاندانی زووتر چاکبوونەوەی برین، کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، پاراستنی تەندروستیی دڵ، کەمکردنەوەی چانسی ڕوودانی جەڵتەی مێشك، پاراستنی بارستایی ماسوولکە و چڕیی ئێسك، کەمکردنەوەی ئەگەری دروستبوونی بەردی گورچیلە، پاراستنی پێست لە کاریگەرییەکانی تیشکی خۆر و پیسبوونی هەوا هاوکات لەگەڵ کەمکردنەوەی لۆچبوونی پێست، هەروەها هاندانی گەشەی قژ.



## کامێرای چاودێری ب

ئەگەر حەز دەکەی لە نزیکەوە ژیانی باڵندە کێوی و دارستانییەکان ببینی، ئەوە پێویستە هێلانەی زیرەك و کامێرای چاودێری تایبەت بە باڵندەکان دابنێی کە هەستی پێنەکەن. -NET VUE Birdfy هەم کامێرای چاودێرییە و هەم هێلانەی زیرەکە و لەکاتی خۆیدا خواردن دەدات بە باڵندەکان. دیمەنی باڵندەکان سات بە سات تۆمار دەکا. پێشووتر بۆ ئەوەی فیلمی دۆکیۆمینتاری لەسەر ژیانی باڵندەکان بکەی پێویستی دەکرد

## ماکنتۆش لە نۆستالۆژیاماندا

کۆمپیوتەری ماکنتۆش، یەکەم بەرهەمی کۆمپانیای ئەپل بوو، ئێستا چەندین ساڵە ئەم کۆمپیوتەر کەوتۆتە ئەرشیفی کۆمپانیای ئەپل، بەڵام زۆربەی ئەوانەی لە هەشتاکان و هەتا نەوەدەکانیش ژیاون ئەو کۆمپیوتەرەیان لەبیرە.

کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنی تەکنەلۆژیای نوێ شاشەیەکی بچووکی بەناوی -Ray Cue 128K بەرهەم هێناوە، نۆستالۆژیاکە بۆ کۆمپیوتەری جۆری ماکنتۆش.

شاشەکە وردیلەیە تەنیا ٣ ئینج دەبێت، وەك هاپێکی کۆمپیوتەر سەیر دەکرێت و خاوەنی ١٤ پۆرتە. کیبۆردە بچووکەکەشی ٧ پۆرتی لەگەڵدایە و گشت ئامێرەکانی کۆمپیوتەر پێکەوە پەیوەند دەدا. لەسەر شاشەکە وێنەی بژاردەکانی خۆت نیشان دەدرێ، هەروەها کاتژمێر و رۆژمێریش. جگە لەوەش کیبۆردەکەی پاوەربانکە و بۆ بارگاوی کردنی ئامێرەکان. هەروەها دەتوانی بەهۆیەوە گوێ لە مۆسیقا و گۆرانیش بگری.







## مۆنیتۆرە بچووکەکان ب

مۆنیتۆرە وردیلەکان، ئەو مۆنیتۆرانەی بەقەد شاشەی کاتژمێرێکی زیرەکن، هەم سەرنجڕاکێشن و هەم داتا و ئامارەکان نیشان دەدەن.

مۆنیتۆری جۆری Kublet لە ڕێگای ئاپێکی تایبەتییەوە داتاکانی سەر مۆبایل بۆ سەر شاشەکە دەگوازرێنەوە. بە وردی داتاکانی وەك: نرخی دراوەکان، بازاڕی بۆرسە، کەش و هەوا، ڕێژەی سەردانی کردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تایبەت بەخۆت، بۆ نموونە ڕێژەی فالۆوەرەکانی

# ئەستێرەی جەلی
# بچووکترین مۆبایلی زیرەک

مۆبایلی Jelly Star بچووکترین مۆبایلی زیرەکە و بە تایبەتمەندییەکی بەرزەوە. مۆبایلێك بۆ هەموو شوێنێك و بۆ هەموو ساتێك. شاشەکەی تەنیا ٣ ئینجە لە جۆری LCDیە. یەکەی لێکدانەوەی جۆری مێدیاتیك هیلۆ جی ٩٩یە. ڕامەکەی ٨ گیگابایتە و لە ریزی مۆبایلە ئاست بەرزەکان دێت. لەگەڵ ئەوەیدا زۆر بچووکە بەڵام میمۆرییەکەی ٢٥٦ گیگابایتە و هەروەها میمۆری کارتیش دەخوێنێتەوە. کێشی تەنیا ١١٦ گرامە. سیستەمی ئەندرۆید ١٣ی لەسەرە. باترییەکی بەهێزی لەسەر دانراوە. سیستەمی G4 وەردەگرێت. دوو ڕەنگی شین و سووری هەیە. لە پشتەوەی مۆبایلەکە بۆ نیشاندان و ئاگادارکردنەوەکان، گلۆپێکی LED هەیە و کە لەکاتی گوێگرتن لەگۆرانی و هاتنی پەیامەکان دەگۆڕدرێ. سیستەمی پەنجە مۆری لە پشتەوەیە. کامێرای پشتەوەی ٤٨ میگاپیکسلە و کامێرای پێشەوەی ٨ میگاپیکسلە.




## ـــــۆ باڵندەكان

کامێراوان چەندین شەو و ڕۆژ فیلم بگرێ یا کامێرایەك لەدوورەوە دابنێ و چاودێری بکا.

کامێراکە وەك زۆربەی کامێراکانی چاودێری لە دوورەوە کۆنترۆڵ دەکرێ و لەسەر مۆبایلەکەت دەتوانی دیمەنەکان ببینی. کامێراکە بۆ حاڵەتی شەویش کێشەی نییە و کامێرای تایبەت بە وێنەگرتنی لە شەودا هەیە. پێویستی بە وزەی نییە و بەهۆی پەنێڵێکی خۆرییەوە وزە لە خۆر وەردەگرێت.




## ـــــۆ نیشاندانی داتاكان

ئینستاگرام و لایکەکانی فەیسبوك، پەیامی تویتەر و تۆڕەکانی دیکە، داتا شەخسییەکانی وەك پێوانی دڵ و ڕێژەی شەکرە...تاد لەو شاشانەدا دەبیندرێن.

شاشە وردیلەکان هەم لە کۆمپیوتەر و هەم لە مۆبایل پەیوەند دەدرێن و بەکارهێنەر بە ویستی خۆیەتی چەند شاشە بەکار بێنێت و لەسەر هەرکام لە شاشەکان داتایەکی تایبەت نیشان بدرێت.



# بچووک بەڵام لە گەورەکان بەهێزتر

کۆمپیوتەرە زەبەلاح و گەورەکانتان بیرماوە، بۆ هەڵگرتنیان بەکەسێك هەڵنەدەگیرا! کاتێك هەڵدەبوون، دەنگە دەنگیان زۆر بوو، کارایشیان زۆر نەبوو و وزە و کارەبایەکی زۆریشیان دەویست. ئێستا کۆمپیوتەری زۆر بچووك بەرهەم هاتووە کە لە جانتایەکی بچووکدا جێگای دەبێتەوە و کارایی و توانایشیان زۆر لەسەرێیە. بۆ نموونە کۆمپیوتەری بچووکی Khadas Mind، کۆمپیوتەرێك لە کۆمپیوتەرێکی مەزن کارایی زیاترە. کێشی کەمتر لە نیو کیلۆیە، قەوارەکەی بە قەد تەبلێتێکی بچووکە. رامەکەی ١٦ گیگابایتە و داتاگەی ناوخۆی ٤ ترابایتە. باترییەکەی لەگەڵ خۆیدایە و لەکاتی شەحنکردنەوە دا هەتا ٥ کاتژمێر شەحنی دانابەزێت. لە یەك کاتدا لەگەڵ چوار شاشە پەیوەند دەدرێت. دەکرێت بڵێین کۆمپیوتەری Khadas Mind هەم کۆمپیوتەرەی دیسکتۆپە و هەم لاپتۆپ و هەم ئامێرێکی گەیمینگی بەهێزە. خێراترین سیستەمی وای-فای لەسەرە واتە سیستەمی Wi-Fi 6E ستاندێکی تایبەتی لەگەڵدایە کە هەم دەبێتە راگری کۆمپیوتەرەکە و هەم هاپێکە و کۆمپیوتەرەکە لەگەڵ ئامێرەکانی دیکە دەبەسترێت دەدات.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەرێزێك دەپرسێت ئایا دەکرێت فلاش میمۆری تێکچوو جارێکی دیکە باش بکرێتەوە؟**

خوێنەری بەرێز ئێمە گەلێك جاران کاتێك فلاش میمۆرییەکەمان لەکار دەکەوێت، یەکسەر فرێی دەدەین و بە قەولی خۆمان دەڵێین سووتاوە. لە راستیدا فلاش میمۆریی نە دەسووتێ و نە تێك دەچێ. زۆر بە ئاسانیش باش دەکرێتەوە. لە سەرەتادا پرۆگرامی rufus لە ئینتەرنێت دادەبەزینی و پاشان فلاش میمۆرییە تێکچووەکە دەخەیە سەر کۆمپیوتەر و پرۆگرامەکە دەکەیەوە، لە بەشی boot selection بەشی MBR هەڵبژێرە و پاشان لە بەشی file system بەشی NTES هەڵبژێرە. دواتر دوگمەی فۆرماتکردن لێبدە و هەندێك سەبر بکە هەتا فلاشەکە فۆرمات دەبێت دوای ئەوە فلاشەکەت هەروەك رۆژی یەکەمی لێدێتەوە و کێشەی نامێنێ. بەڵام بۆ ئاگاداریت هیچ زانیارییەکی لەسەرییەتی نامێنێ و دەسڕێتەوە.

# پرۆگرامی دروستکردنی داری بنەماڵە

داری بنەماڵە (شجرة العائلة) بە کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لەبارەی بنەماڵەیەکەوە دەکرێت. زۆر کەس حەز دەکات هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەی لە باپیرە گەورەیانەوە یا چەند پشت کە دەیزانێت لە داری بنەماڵەدا کۆی بکاتەوە. پێشووتر ئەم جۆرە کارانە بەدەست دەکرا، لەسەردەمی تەکنەلۆژیای نوێدا بە پرۆگرامی کۆمپیوتەری و بە ئاسانترین شێوە جێبەجێ دەکرێت.

یەکێك لەو پرۆگرامانە، پرۆگرامی Family Tree Heritagیە. لەو پرۆگرامەدا داری بنەماڵەیی بە جوانترین ستایل و بە رەنگی جیاواز دروست دەکرێت. توانای دانانی وێنە، دیاریکردنی شوێنی جوگرافی هەرکام لە ئەندامانی بنەماڵە و ساڵی لەدایك بوون و مردن و بەگشتی هەموو زانیارییەکی تێدا تۆمار دەکرێت.





# شاشەیەکی سێ ڕەهەندی لە ئاستێکی بەرزدا

سەردەمێك، جیهانی سێ ڕەهەندی واتە 3D گرنگییەکی زۆری بەخۆوە دی، تەلەڤزیۆنەکان و شاشەی کۆمپیوتەرەکان بوون بە 3D. دواتر پێشوازی گەرمی لێنەکراو بۆیە بازاڕی سێ ڕەهەندی بەرەو لاوازی ڕۆیشت. بۆ سەیرکردنی شاشەیەکی سێ ڕەهەندی پێویستی بە چاویلکەیەکی تایبەت هەیە، بەڵام شاشەی جۆری Dimenco 3D 8K لەریزی باشترین شاشە سێ رەهەندییەکان دێت و پێویستی بە چاویلکە نییە.

شاشەکە بە کوالیتی K٨ نیشان دەدات، واتە وەك ئاوێنەیەکی ڕوون. قەوارەی شاشەکە ٣٢ ئینجە. خاڵی گرنگی شاشەکە لەوەدایە بەهۆی هەستەوەری تایبەتەوە کە لە پەنجە دەکرێت دەتوانی دیمەنە سێ رەهەندییەکان یاری پێبکەی واتە وا هەست پێبکەی کە بەدەست دەیانگری و لەمس دەکرێن. بۆ نموونە ئەگەر دیمەنی میوەیەك بەدارەوە بێت، بەکارهێنەری شاشەکە دەتوانێ میوەکە بەشێوەی مەجازی لێبکاتەوە. شاشەکە بۆ بوارەکانی هونەری گرافیك و سینەما، پزیشکی و ڕیکلام و بازرگانی جێگای بایەخە.



## ماڵپەڕی دروستکردنی لۆگۆ بە ژیریی دەستکرد

لە سەردەمی ژیریی دەستکرددا زۆربەی ئەرکەکان بەو تەکنەلۆژییە نوێیە ئەنجام دەدرێن، دروستکردنی پۆستەر، برۆشۆر، بێنەر و لۆگۆ بەشێکن لەو ئەرکانەی بە ئاسانترین شێوە بە ژیریی دەستکرد ئەنجام دەدرێن. لەو بوارەدا گەلێك ماڵپەڕی تایبەت بە دروستکردنی لۆگۆ هەن، یەکێك لەو ماڵپەڕانە ideogram.aiیە. لەو ماڵپەڕەدا بە سەدان نموونە لە لۆگۆ هەن، بەکارهێنەر دەتوانێت هەرکام لەوانە هەڵبژێرێت و بە گۆڕینی پرامپتی لۆگۆکەکە بە ویستی خۆی دەستکاری بکات. ئەگەر حەزی لە هیچ کام لەو نموونانە نەبوون، دەتوانێت لە بۆکسێکی تایبەتدا کە بۆ ئەم مەبەستە داندراوە، مەبەست و ناوی لۆگۆکەی خۆی بۆ بنووسێت و لە ماوەی کەمتر لە خولەکێکدا جوانترین لۆگۆی بۆ دیاریدەکات. تەنانەت دەتوانێت ستایل و شێواز و ڕەنگەکانی لۆگۆکەکەی بە ویستی خۆی بگۆڕێت.

## بەهێزترین لاپتۆپ لە ئاسۆسەوە

کۆمپانیای Asus کە ناوەکەی لە چیای ئاسۆسی کوردستان زۆر نزیکە، یەکێکە لە کۆمپانیا بژاردەکانی بواری بەرهەمهێنانی کۆمپیوتەر و تەکنەلۆژیای نوێ. لە زنجیرەی بەرهەمهێنانی لاپتۆپی zenbook نوێترین لاپتۆپی بەرهەم هێنا کە بە جۆری Zenbook Pro 16X OLED ناسراوە. دەکرێ بڵێین بەهێزترین لاپتۆپی کۆمپانیای ناوبراوە.

لەو لاپتۆپەدا ١٤ یەکەی لێکدەرەوەی هەیە کە لە جۆری core i9یە. بەهۆیەوە خێرایی لاپتۆپەکە دەگاتە ٥ گیگاهێرتز.

شاشەکەی ١٦ ئینجە و کوالیتی نیشاندانی K4ە. ڕامەکەی ٣٢ گیگابایتە و داتاگەی واتە هاردەکەی دوو ترابایتە لە جۆری SSD خێرا. سیستەمی وەرگرتنی ئینتەرنێتی وای-فای ٦ و بلوتوسی ٥ی لەسەرە. کێشەکەی کیلۆ و چوارسەد گرامە.

جیاوازی لاپتۆپەکە لەگەڵ لاپتۆپەکانی دیکە ئەوەیە شاشەکەی بەهۆی ستاندێکەوە بەرز دەبێتەوە، کیبۆردەکەی بەرزیەیکەی ١٤,٥ ملمە. شەش بڵندگۆی هەیە لەگەڵ چوار مایك. لاپتۆپەکە زیاتر بۆ ئەو کەسانە بەرهەم هاتووە کە کاری گرافیك و دەرهێنانی فیلم دەکەن.



# درەوشانەوەت لەگەڵ نەخشی گوڵدا بۆ بەهاری ٢٠٢٤



لەگەڵ هاتنی وەرزی بەهاردا نەخشی گوڵەبەڕۆژە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زاڵ بێت بەسەر پلاتفۆرمەکانی نمایشی جلوبەرگدا، کە بە هەڵبژاردنێکی بەناوبانگ دادەنرێت لەنێو ئەو خانمانەی کە بەدوای ڕوخسارێکی پڕ لە مێینەیی و سەرنجڕاکێشیدا دەگەڕێن.

کراس و پانتۆڵە چاپ کراوەکان بە گوڵی ڕەنگاوڕەنگ: لەم وەرزەدا شێوازی کراس و پانتۆڵی چاپکراو بە گوڵەبەڕۆژەی ڕەنگاوڕەنگ تاقی بکەرەوە، بەو پێیەی یەکێکە لەو دیزاینە باوانەی کە لە پێشانگەی جلوبەرگی بەهار و هاوینی ٢٠٢٤ دەرکەوتووە، وە بە شێوەیەکی ڕەسەن و جیاواز دەردەکەوێت، بەتایبەتی ئەو نەخشانەی کە ڕەنگی ئارامیان لەگەڵدا تێکەڵ کراوە، وەك پۆشاکەکانی مارکەی لیۆنار.

هەڵبژاردنی سێتی گوڵەکان بۆ بەهاری ٢٠٢٤ بەم دیمەنە جیاوازە دەست پێدەکرێت، کە جلوبەرگێکی نەرم لەگەڵ چاپی گوڵ بە ڕەنگی ئارام تێکەڵ دەکات، هەروەها چاکەتێکی تەنکی زیادە لەگەڵ بڕینێکی فراوان،کە ئیلهامبەخشە بۆ خانمان، و بۆ سەفەر و پشووەکانیش گونجاوە.

**ئامادەکردنی: شیلان عەلی**



# چەند هەنگاوێکی ئاسان بۆ پاککردنەوەی ئیسفەنجی چێشتخانە



ئیسفەنجی چێشتخانە پێویستی بە پاککردنەوە هەیە بە شێوەیەکی وەرزی، بۆ ئەوەی میکرۆب و کەڕوو لەسەری کۆنەبنەوە، بۆیە دەبێت دوای بەکارهێنانی بە باشی فشاری بخرێتە سەر، ئەمە جگە لەوەی دوو هەفتە جارێك دەگۆڕدرێت.

ڕێگە كانی خاوێنكردنەوە:

مایکرۆ وەیڤ: پێویستە ئیسفەنجەکە چەند جارێك لەژێر ئاوی گەرمدا پەستانی بخرێت و بشۆردرێت، پاشان جارێکی دیکە بە ئاو تەڕ بکرێتەوە، دوای ئەوە ئیسفەنجە تەڕەکە بخەرە ناو مایکرۆوەیڤەوە و بۆ ماوەی خولەکێك لەسەر پلەیەکە گەرمیی بەرز دایبنێ، بەم شێوەیە ئاوی ناو ئیسفەنجەکە دەکوڵێت، ئەمەش دەبێتە هۆی لەناو بردنی بەکتریا و میکرۆبەکان.

قاپشۆر: باشتر وایە ئیسفەنجەکە بشۆردرێت و چەند جارێك بیگوشیت بۆ ئەوەی گەردیلەکانی خۆراکی تێدا نەمێنێت، پاشان قاپشۆڕەکە لەسەر پلەی بەرز دایبنێین، کە کاتەکەی تەواو بوو ئیسفەنجەکە بە هەوا وشك دەبێتەوە.

سرکە: لەناو قاپێکدا سێ کوپ ئاو و کوپێك سرکەی سپی تێکەڵ بکە، تێکەڵەکە بە باشی بکوڵێنە، پاشان ئیسفەنجی چێشتخانەی تێبکە و بۆ ماوەی دوو خولەك وازی لێ بهێنە تا دەکوڵێت، ئەمەشیان ڕێگەیەکی کایکەرە.

# گیراوەی زەیتی سرووشتی بۆ ڕزگاربوون لە مێروو



بۆ ڕزگاربـوون لـە مێـرووە بێزارکەرەکانـی نـاو مـاڵ و بەبـێ بەکارهێنانـی قڕکـەری کیمیایـی، زەیتـی سرووشـتی ڕێگەیەکی کاریگـەرە کە دەتوانیـت لـە ماڵـەوە ئـەم گیراوەیـە ئامـادە بکەیـت.

بەکارهێنانـی زەیتـی نەعنـا: کـە یارمەتیـدەرە بـۆ دوورخسـتنەوەی زۆربـەی مێـرووەکان، بەتایبـەت مێرووەکانـی ناومـاڵ، لـە نێویانـدا مێـش، کـە حەزیـان لـە زەیتی سرووشتیی لیمۆ نییە، بۆیە دەتوانیت دڵۆپێك زەیتی لیمـۆ لەگـەڵ ئـاوی گـەرم تێکـەڵ بکەیـت بـۆ ئـەوەی سـپرایەکی کاریگـەر بـۆ کوشـتنی مێـرووەکان دروسـت بکەیـت. هـاوکات زیادکردنـی زەیتـی سرووشـتیی دارچینـی لەگـەڵ زەیتـی سرووشتیی لیمۆ و پرتەقاڵ توانایەکی باشی ڕێگرییـان هەیـە دژی مێـرووە جۆراوجۆرەکانـی نـاو مـاڵ. بـۆ ئامادەکردنـی ئـەم گیراوەیـە پێویسـتە پێنـج دڵـۆپ زەیتـی سرووشـتی و پێنـج دڵـۆپ سـابوونی شـل و چارەکـی کوپێـك ئـاو تێکـەڵ بکەیـت، پاشـان لـە ڕێگـەی تۆپەڵێك لۆکـەوە لـەو شـوێنانەدا بیپرژێنیـت کـە مێـرووەکان پێیـدا تێپـەڕ دەبـن.






## ئاو و سەوزایی لە بیاباندا

تا ئێستە بینیوتە لە بیاباندا ئاو هەبێت؟، ئەم شوێنە ناوی (um el ma)ـە لە لیبیا، دەکەوێتە چەقی بیابانی سەحارا، چوار دەورەکەی هەمووی لمە، بەڵام لە ناوەڕاستی ئەم بیابانەدا ئەم سەوزایی و ئاوە هەیە و پڕ لە خۆراکە، کە ئاژەڵە ڕاگوزەر و کۆچەرییەکان لەوێ دەحەوێنەوە، ئاوی ئەم شوێنە بۆ خواردنەوەی مرۆڤ ناشێت، کە بەهۆی گەرم بوون و بە هەڵم بوون بووەتە هۆی ژەهراوی بوون و ئاوەکەی لە ئاوی دەریاکان سوێرترە، هەرکەسێك قومێك لەم ئاوە بخواتەوە بە ئەگەرێکی زۆرەوە دەمرێت.

## مزگەوت و کڵێسا و کنیشت لە یەک شوێندا






بە ئامانجی ئاشتی و پێکەوەژیانی نێوان ئایینەکان، وڵاتی ئیمارات بڕیاریداوە مزگەوت و کڵێسا و کنیشت لە یەك شوێن و لە نزیك یەکتر بوونیاد دەنێت، سەرجەم شوێنکەوتووانی هەرسێ ئایینەکە دەتوانن نوێژ و خواپەرستیی تێدا ئەنجام بدەن، ئەم پڕۆژەیە لە ئەبوزەبی بوونیاد دەنرێت و ناوی (ماڵی خێزانی ئیبراهیمی ) لێ نراوە، کە وا چاوەڕوان دەکرێت لە مانگی داهاتووەوە دەرگاکانیان بە ڕووی شوێنکەوتووانی هەرسێ ئایینەکەدا بکرێنەوە، بوونیادنانی پڕۆژەکەش دوای ئەوە دێت، لە ساڵی ٢٠١٩ لە دیدارێکی مێژووییدا شێخی ئەزهەر و پاپای ڤاتیکان لە ئەبوزەبی کۆبوونەوە و تیایدا بڕیاریان لە بوونیادنانی پڕۆژەکە دا.









## زۆرترین سکاڵای لەسەر دار و بەرد کردووە


(جۆناپان لی ڕیچس) نامۆترین پیاوی سەر ڕووی زەویە و بەڕەگەز ئەمریکییە، ئەم پیاوە بەوە بەناوبانگە کە زۆرترین سکاڵای کردووە لە کەسانی جیاواز و بە هۆکاری جیاواز، کە زۆرێك لە هۆکارەکان ڕەنگە سەیر و گاڵتەئامێزبن، وەك: سکاڵای لە دایکی کرد بە تۆمەتی ئەوەی کە جوان پەروەردەی نەکردووە و ٢٠ هەزار دۆلاری وەکو قەرەبوو لێ سەند، سکاڵای لەسەرجەم هاوڕێکانی کردووە بە تۆمەتی گاڵتەپێکردن و سەرخستنە سەری بەهۆکاری دواکەوتنی لە مەوعیدەکانی، سکاڵای لە زۆربەی خزم و ناسیاو و دراوسێ و مامۆستا و زۆربەی سەرۆکەکانی ئەمریکای لاتین و پیاوانی پۆلیس کردووە، تا وای لێ هات بەهۆی زۆریی سکاڵاکانی داواکانییەوە کە ژمارەیان گەیشتە ٢٦٠٠ داوا، ناوی چووە کتێبی گینس بۆ ژمارە پێوانەییەکان، سکاڵای لە بەرپرسانی گینس کرد بە تۆمەتی ناوزڕاندن و بڵاوکردنەوەی بابەتی شەخسی بێ مۆڵەتی خۆی، هەروەها سکاڵای لە کۆمپانیای ڕۆك ستار کرد کە خاوەنی یاریی بەناوبانگی GTA یە، بە تۆمەتی ئەوەی توشی هێدمەی کردووە لە سەردەمی نەوجەوانیدا، جۆناپان توانیویەتی ٨٥٠،٠٠٠ دۆلار وەکو قەرەبوو لە سەرجەم داواکانی بەدەست بهێنێت.




## بازاڕی شەوانە لە کوردستان

بیرۆکەی دانانی بازاڕی شەوانە بۆ ئەوانەیە کە لە ڕۆژدا خەریکی کار و چالاکین و ناتوانن پێداویستییەکانیان بەدەست بهێنن، کردنەوەی بازاڕەکانی شەوانە لە کوردستان وەك بۆنەیەکی تایبەتی لێ هاتووە و لە هەموو وەرزەکانی ساڵدا دەکرێنەوە، دوا پیشانگە لە نێو مانگی ڕەمەزاندا تا دوای جەژن لە پیشانگەی نێودەولەتیی هەولێر کراوەیە، پیشانگەکە لەژێر ناونیشانی پیشانگەی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ فیستیڤاڵی ڕەمەزانی نێودەوڵەتی بۆ بازاڕکردن، شەوانە لە پێشوازیی گەشتیاران و خەڵکی کوردستان دەکرێتەوە، لەم پیشانگەیەدا چەندین بەروبووم و کەرەستە و خشڵ و جلوبەرگ نمایش کراون، وێڕای ئەوەی کۆمپانیا و کاری دەستی خانمان و کەسانی لێهاتوو بەرهەم و بابەتەکانیان لە نێو کویسك و کۆشکەکانی بەردەم پارکی سامی عەبدولڕەحمان نمایش دەکرێت، نرخی کەرەستەکانیش لەچاو بازاڕدا جیاوازیی هەیە و کەرەستەکانیش زۆربەی تازە و نوێ دادەنرێن، لەم پیشانگەیەدا زیاتر لە ١٠٠ کویسك و کۆشك دانراون.












## گوزارشتێکی سەیری بێل گەیتس

بیل گەیتس، ساڵی ١٩٩٤ لە کاتی ڕیکلامکردن بۆ CD یەکی بەرهەمهێنراوی کۆمپانیاکەی، لەبری ئەوەی بڵێت میمۆری CD یەکە ٧٠٠ مێگا بایتە، گوتی ٣٣٠ هەزار وەرەقەی A4ی خستووەتە سەر یەك تاوەکو بە خەڵکی بڵێت کە ئەم CDیە پچکۆلەیە دەتوانێت ئەم هەموو وەرەقەیە لەخۆ بگرێت، لە هەمان کاتدا دوو دار لە بڕینەوە ڕزگار بکات.



## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لە نەهامەتییەکانی جیهان دەکات لە ساڵی تازەی ٢٠٢٤دا، کە ساڵی ٢٠٢٣ کەسێکی بە تەمەنە و جیهان ئەمانەتی منداڵێکی بچووکی بە ناو ٢٠٢٤ی کردووە.



## دیمەنە سەیرەکان

**تووتی پەمەیی**

ئەمە دیمەنی جوانی خێزانی کاوکاتۆیە، کە بە تووتی پەمەیی و خۆڵەمێشی ناسراوە، یەکێکە لە باوترین و بەربڵاوترین جۆرەکانی کۆکاتۆ لە سەرتاسەری ئوسترالیا و نزیکەی ٤٠ ساڵ دەژی.

## یاسا

**سزای لەسێدارەدان بۆ بکوژ**

مادده ٤٠٦ ی یاسای سزادانی عێراقی:

. سزا دەدرێت بە لەسێدارەدان هەر کەسێك بەئەنقەست بە یەکێك لەم بارودۆخانەی خوارە کەسێکی دیکەی کوشتبێت:

أ ـ کوشتنی کەسێك بە پلان و ئامادەسازیی پێشوەختە.

ب ـ ئەگەر کەسێکی کوشت بە بەکارهێنانی مادەی (سام) ترسناك ژەهراوی یان تەقەمەنی یان تەقینەوە ڕووی دابێت.

ج ـ ئەگەر کوشتنەکە بەهۆی پاڵنەری پیس یان بە لە بەرامبەر کرێ یان تاوانبار ڕێگەی دڕندانەی لە تاوانەکە بەکار هێنابێت.

د ـ ئەگەر کوژراو لە باوانی بکوژ بێت.

هـ ـ ئەگەر فەرمانبەر یان کەسیکی ڕاسپێردراو بە خزمەتی گشتی لە کاتی بەجێگەیاندنی ئەرکەکەی یان بەهۆی کارەکەیەوە کوژرابێت.

و ـ ئەگەر تاوانبار مەبەستی بووبێت دوو کەس یان زیاتر بکوژێت بە یەك کردەوە یان دوو کەسی کوشتبێت.

ح ـ ئەگەر کوشتنەکە وەك ڕێخۆشکردن یان کارئاسانی بۆ ئەنجامدانی تاوانێك یان کەتنێك بێت، کە سزاکەی بریتی بێت لە حەبس بەندکردن لە ماوەی ساڵێك کەمتر نەبێت ئەنجامدرابێت، یان بۆ ئەوە ئەنجامدرابیت تاوەکو ئەنجامدەر یان هاوبەشی تاوانەکە بتوانێت ڕا بکات، یان لە سزادان ڕزگاری ببێت .

گ ـ ئەگەر تاوانبار بەهۆی کوشتنی بەئەنقەست بڕیاری بەندکردنی هەتاهەتایی لەسەردرابێت و لەماوەی جێبەجێکردنی سزاکەدا تاوانی کوشتنی ئەنقەستی ئەنجام دابێت، یان دەستی پێ کردبێت.



**کاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

باشترە خۆت بە کارە لاوەکییەکانەوە سەرقاڵ نەکەیت و زیاتر سەرنجت لەسەر کارە گرنگەکانت بێت، لەلایەن خاوەنکارەکەتەوە پاڵپشتی تەواو دەکرێیت و ڕێنیشاندەرت دەبێت، لە ژیانی تایبەتیتدا هەمو شتێك زۆر باشە و پێویست ناکات خۆت نیگەران بکەیت.

**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لەلایەنی پیشەییەوە بەهۆی کارەکەتەوە ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆر دەبیتەوە، بەڵام ڕێگە مەدە ئەمە لە ئامانجەکەت دوورت بخاتەوە، لەلایەنی سۆزدارییەوە فشار مەخەرە سەرخۆشەویستەکەت بۆ ئەوەی ئەو کارە بکات کە تۆ ئارەزوت لێیەتی، گرنگی بە سیستمی خۆراکیت بدە.

**جمک** ٥/٢١ - ٦/٢٠

قازانجێکی باش دەکەیت لە ڕووی داراییەوە، لە لایەنی پیشەییەوە وریای بەکارهێنانی وشەکانت بە، دەنا کێشە بچووکەکان گەورە دەبن، ئەمەش کاریگەری لەسەر ژیانی تایبەتی و پیشەییت دروست دەکات، لە ڕووی تەندروستییەوە ڕەنگە ماندوبیت و هەست بە شەکەتی بکەیت، پێویستت بە پشوو دەبێت.

**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢

دوور بکەوەرەوە لەوەی بە هەڕەمەکییانە ڕەفتار بکەیت، ئەمە زیانت پێ دەگەیەنێت، باشترە پێش ئەوەی دەست بە هەر کار و پڕۆژەیەکی نوێ بکەیت، دڵنیاببیتەوە لەوەی توانای ئەنجامدانیت هەیە، هەوڵ مەدە هەستەکانت لە خۆشەویستەکەت بشاریتەوە.

**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ئەو پرۆژانەی کاری لەسەر دەکەیت ڕەنگە شێوازی ژیانت بگۆڕن، هەربۆیە بە وریاییەوە کاریان لەسەر بکە، تەندروستییەکی باشت هەیە، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی بتوانیت ئەرکەکانت بە باشی بەئەنجام بگەیەنیت، کارێك مەکە خۆشەویستەکەت لێت بڕەنجێت.

**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢

متمانەت بە خۆت و تواناکانت هەبێت، کاتێکی باش نییە بۆئەوەی بە هەڵەشەییەوە ڕەفتار بکەیت، بەتایبەتی لەلایەنی پیشەییەوە، کێشە بچوکەکانت چارەسەر بکە و چاوەڕێ مەکە کاتی دیاریکراو بێت، دەنا دواتر لە کۆنترۆڵی تۆ دەردەچن.

بۆ زانیاریت




## توخمی کاربۆن

لە سرووشتدا توخمی کاربۆن هەیە، ناوکی ئەستێرەکان دروستی دەکەن. ئەویش سێ جۆری هەیە. یەکەمیان کاربۆن ١٢واتا توخمی کاربۆن شەش پرۆتۆن و شەش نیوترۆن لە ناوکەکەیدا و شەش ئەلکترۆنیش بە دەوریاندا دەسووڕێنەوە. دووەمیان کاربۆن ١٣ و شەش پرۆتۆن و حەوت نیوترۆنی لە ناوکدایە، لەگەڵ شەش ئەلکترۆن لە دەوریانە. سێیەمیان کاربۆن ١٤، شەش پرۆتۆن و هەشت نیوترۆنی لە ناوکدایە و هەر شەش ئەلکترۆنیشی هەیە. لە زمانی ئینگلیزیدا، بەو سێ جۆرەی توخمێك دەگووترێت ئایزۆتۆپ. بە کوردی لە هەندێك سەرچاوەدا بە هاوجێ ناوی هاتووە، واتا هەمان ژمارەی پرۆتۆنیان هەیە، بەڵام هەموویان هەمان ژمارەی نیوترۆنیان نییە. هاوجێ، لە شوێنی ئەو توخمەوە هاتووە لەسەر خشتەکەی مەندەلیف داندراوە، هەموویان (واتا هەرسێ جۆرەکەی کاربۆن) لەو خشتەیەدا، هاوجێن، لە هەمان جێدا دادەندرێن، چونکە ئەو خشتەیە بەپێی پرۆتۆن جێیەکانی دەستنیشان دەکرێت، هاوجێی توخمەکان لە سرووشتدا لە ڕووی جێگیریی ناوکەکەیانەوە دوو جۆرن، یەکێکیان ئەوەیە جێگیرە و ئەگەر هۆکارێکی دەرەکیی نەبێت گۆڕانی بەسەردا نایەت، ئەوی دیکەیان ئەوانەن ناوکەکانیان جێگیر نین، بە تیشکدان هەوڵ دەدەن بگەنە بارێکی جێگیری ناوك، تیشکدانی ناوکەکانیش چەند جۆرێکیان هەیە، لێرەدا باسیان ناکەین. هەردوو هاوجێی کاربۆن ١٢ و کاربۆن ١٣ جێگیرن، بەڵام کاربۆن ١٤ ناجێگیرە، بۆیە بە دەردانی تیشکی بێتا دەبێتەوە نایترۆجین ١٤. تیشکی بێتا دوو جۆری هەیە یەکێکیان پرۆتۆن دەکاتە نیوترۆن و ئەوەی دیکەیان نیوترۆن دەکاتە پرۆتۆن.



## پەند و وتە

ئان برۆنتی، ڕۆماننووس و شاعیری ئینگلیزی، لە ساڵی ١٨٢٠ لە شاری تۆرنتۆن لە بەریتانیا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٨٤٩ لە سارۆبراوگ کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی ڕەخساندنی هەلی ژیان دەڵێت: «ئەو کەسانەی کە لە ژیانیاندا ناتوانن هەلەکان بقۆزنەوە، ئەو کەسانە پێویست ناکات بە دوای شیلەی گوڵدا بگەڕێن».



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا سێ کێشەی ئەندازەیی هەن، هەوڵ دە بزانی درێژیی تیرەی هێڵەکان وەکو یەکن یان جیاوازن، ئەو شیکارییەش بە ڕێگەی پێوانەکردنیان بدۆزەرەوە.

فیلم

## ڕێگای خانوو - Road House



فیلمێکی ئەکشن و سەرکێشییە، باس لە کەسایەتییەك دەکات بە ناوی داڵتۆن، جەنگاوەری پێشووی UFC کاری (باونسەر) لە یەکێك لە ڕێگەوبانەکانی فلۆریدا چێژ وەردەگرێت، تەنیا بۆ ئەوەی بۆی دەردەکەوێت کە ئەم بەهەشتە تەنیا ئەوە نییە کە پێدەچێت، فیلمەکە لە دەرهێنانی داوگ لیمان، لە نووسینی هێنری براهام، ماوەی فیلمەکە (١) کاتژمێر و ٥٤ خولەکە، لە نواندنی: جەیك گایلینهال، کۆنۆر ماکریگەر، دانیێلا میلاچۆر، پۆست مالۆن، بیللی مانگوسین، جەیسیکا ویلیامز.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

هەستەکانت بە ڕاشکاوی بۆ کەسی بەرامبەر دەربخە، ئەمەش نیشانی دەدات کە چەند بۆیەکتر گرنگن، لەگەڵ ئەوەی بەربەستەکانی سەر ڕێگەت زۆرن، بەڵام دەتوانیت بە زوویی تێیان بپەڕێنیت، لەلایەنی پیشەییەوە کارێك مەکە زیان بە چواردەورەکەت بگەیەنیت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

فشار لە خۆشەویستەکەت مەکە بۆئەوەی بە زوویی بڕیار بدات، کاتی پێ بدە بە وردی بیربکاتەوە، هەوڵدان لەلایەنی پیشەییەوە یارمەتیت دەدات لە هەڵەکردن دوور بکەویتەوە، خۆت ناچار مەکە بۆ ئەوەی بە خواستی کەسانی دیکە ڕەفتار بکەیت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

باشترە چاوەڕێی کاتی دیاریکراو نەکەیت بۆ ئەوەی تواناکانت دەربخەیت، لە هەر کاتێکدا بێت تۆ هەوڵی خۆت بدە، بڕیاردان ئەم ماوەیە سەخت دەبێت بۆت، بەهۆی کێشە خێزانییەکانتەوە، باشترە پەلە نەکەیت تا ئەو کاتەی بە تەواوی کێشەکانت چارەسەر دەکەیت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


لە لایەنی پیشەییەوە دەچیتە قۆناغێکی نوێ، بە تەواوی پاڵپشتیی کەسانی چواردەورت بەدەست دەهێنیت، لەلایەنی سۆزدارییەوە باشترە کاریگەری کەسانی دیکەت لەسەر نەبێت و خۆت بڕیاردەری ژیانی خۆت بیت، توانای ئەوەت هەیە تەواوی بەربەستەکان بشکێنیت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١


لە لایەنی پیشەییەوە لەبارەی بابەتێکی گرنگەوە دەدوێیت و سەرنجی کەسانی چواردەورت بۆ خۆت ڕادەکێشیت، لەگەڵ ئەوەی چەندین ڕێگەی چارەسەر هەیە، بەڵام هەست دەکەیت تەواوی دەرگاکان بەڕووی تۆدا داخراون، پێویستە بە لێزانینی خۆت کێشەکان چارەسەر بکەیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


لە لایەنی پیشەییەوە دەرفەتێکی باشە بۆ ئەوەی دەست بکەیت بە جێبەجێکردنی پرۆژەکانت، سەرقاڵیت بەژیانی تایبەتیتەوە هۆکار دەبێت بۆ ئەوەی خۆت پشتگوێ بخەیت، باشترین هەوڵی خۆت بدە بۆ ئەوەی ئەم ماوەیە هیچ گرفتێك ڕوو نەدات، بە زوویی دۆخەکە ئاسایی دەبێتەوە.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media

Inifniti GPS by TimeNet, providing GPS tracking services in various fields including Car, fleet management, school bus management, personal tracking, animal tracking, as well as construction and transportation solutions.

Infiniti GPS

Our offer includes:
GPS device for cars, motorcycles, trucks and buses and asset tracking




The annual subscription includes the following:
GPS device - SIM card with internet - platform and mobile application - 12 months service
All this for only 149 thousand dinars

Inifniti GPS لەلایەن TimeNet، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەدواداچوونی GPS لە بوارە جیاوازەکاندا لەوانە ئۆتۆمبێل، بەڕێوەبردنی کەشتی، بەڕێوەبردنی پاسی قوتابخانە، بەدواداچوونی کەسی، بەدواداچوونی ئاژەڵ، هەروەها چارەسەری بیناسازی و گواستنەوە.

ئۆفەرەکەمان بریتیە لە:
ئامێری جی پی ئێس بۆ ئۆتۆمبێل و ماتۆڕسکیل و بارهەڵگر و پاس



بەشداریکردنی ساڵانە ئەمانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:
ئامێری GPS – سیمکارت لەگەڵ ئینتەرنێت – پلاتفۆرم و ئەپڵیکەیشنی مۆبایل – خزمەتگوزاری ١٢ مانگ
هەموو ئەمانە تەنها بە 149 هەزار دینار

Contact with us :

- 07502749592 - 07502749591
- www.infinitigps.com
- info@infinitigps.com
- khabat stree, Erbil,Iraq



Weekly Gulan
April 22, 2024 Issue,No.1410

